# زستانە خەون

گوڵی تەرەقی

وەرگێڕانی:

دلاوەر قەرەداغی

چاپی دووەم

**( زستانە خەون ) ی خاتوو گوڵی تەرەقی گوزارشتکەری ژیانی پێکەوەیی قەبیلەیەك خەڵکە کە ئامادەگیی ناچاری مۆدێرنە هەست پێدەکەن و لە ئیلتیزامی تاکێتی و تەنیایی و بەرپرسیارێتیی دەترسن!**

***بەرنامەی مێزگردی نووسەران ( ئیزگەی فەرەنسە)***

# 1

لەجێگەیەکەوە با دێت، لەدرزی پەنجەرەکانەوە، لەژێردەرگاکـەوە، لـەکونێکی نەبینراوەوە!

کوێڕا بەو زووییە زستان هات!

زستانان پێکەوە بووین.. مـن، هـاشمیی، ئـەنوەریی، عـەزیزیی، ئەحمـەدیی، مەهدەوی و هەڵبەت کاك حەیدەری یش.

چ زوو تێپەڕی! حەفتاو پێنج ساڵ یان حەفتاو حـەوت یـاخود زیـاتر.. نـازانم! حسێبی ڕۆژان و ساڵانم لەدەست دەرچوون. دوو ساڵ کـەمتر.. دوو سـاڵ زیـاتر.. جیاوازیی چییە؟ پیریی لەکەیەوە دەستی پێکرد؟ مەرگ لەکەیەوە ئامادەیی خۆی سەلماند؟

ڕۆژێکیـان کەسـێك گـوتی: "پیرەمێـرد، ئاگـات لـەخۆت بێـت نەکـەویت!" ئاوڕمدایەوە. گوتم:" بەڵێ، ئاگاداربـە نەکـەویت!" ئاوڕمدایـەوە تـا ئەوکەسـە

هەرکێیەکە دەستی بگرم. واقم وڕما. لەخۆم پرسی: " لەگەڵ منی بوو؟" بـاوەڕم نەکردو تێپەڕیم.

کاك حەیدەریی دەیگوت: " ئۆهۆ.. چل ساڵیی هێشتا لە کوێپەتی؟ زۆر زۆری ماوە، یەك قەڕنی ماوە. ڕەنگە هەر نەیەت، قەت نەیەت؟"

چ سەرمایەکە! چ کزەیەك! وا دونیا خەریکە دەیبەستێت، وا دونیا هێدی هێدی لەگـەڵ منـدا دەمرێـت. گلۆپەکـە دادەگیرسـێنم، ئەسـکەملەکەم بەزۆپاکـەوە دەنووسێنم، دادەنیشم و بەتانییەکە لەخۆمەوە دەپێچم.

خۆزیا هێشتا هاوین با! خۆزیا هێشـتا پێکـەوەباین. چ بـوو؟ چ بەڵایـەکمان بەسەرهات؟ بە قەولی عەسکەری ئێمە گوێڕایەڵی یەکتر بووین! پێکـەوە بوونمـان چەند خۆشبوو.. لەبیری ئەوەدا نەبووین لەیەکتر دابڕێین، خەتای کاممان بوو؟

حەیدەریی گوتی:" کوڕینـە، نهێنـی سـەرکەوتنی ئێمـە لـە یەکبوونماندایـە. پارەکانتانم بدەنێ بۆتانی هەڵگرم."

جەلیلیی گوتی:" قێزتـان لێدەکەمـەوە. قێـز لـە ئـیش و کارەکانتـان. قێـز لەخەیالاتتان. قێز لە حیسابی پوچی ئارەزووکانتان!"

ئەنوەریی گوتی:" پێموایە جەلیلیی سوعبەتمان لەگەڵ دەکات. بەڕاستی نییە. توڕەبوونەکەی بۆخۆشییە."

بەڵام ڕاستیدەکرد. چەند بەساناییش ئەو ڕاستییەی دەگوت.

چ شەوێکی ناخۆشە ئەمشەو. چەند سارد و تاریك و بێکۆتاییە. تازە سەعات حەوت و نیوە. خۆزیا زەمەن بۆ چرکەیەك ڕادەوەستا. یەك چرکە دەرفەتی دەدا،

بەخۆم گوت:" گەر کاتژمێرەکەم وردوخاش کەم، گەر پەردەکان دابەمەوە، گەر دەرگاو پەنجەرەکان داخەم، چما ئەم زەمەنە ژەکارە نەفرەتییە لێم دەگەڕێ؟"

چ خەیاڵێکی پووچ بوو!

ئەوە دڵی من بوو کە چرکەکانی دەژماردن. دڵی من بوو کە لەگەڵ هەر لێدانێکیدا، ڕێڕۆیشتنی بەردەوامی بەرەو مەرگ دەسەلماند.

ویستم باوەڕ بەخۆم بێنم کە مەرگ کۆتایی نییە، ویستم لەدەستی عەدەمێك ڕاکەم کە شەوو ڕۆژ لەودیو پەنجەرەکەمەوە وەستاوە و سەیرم دەکات.

ئەمەشیان خەیاڵێکی پووچ تر بوو!

بەخۆم دەڵێم:" پیرەمێرد، گەر ئەمجارە سەرما لێتدا، دەمریت!"

چ حیسابگەلێکە! چ حیسابگەلێکی پێکەنیناوییە. دەشێ چل ساڵی هەرگیز نەیەت.. دەشێ قەت نەیەت!"

لە قاپ و قاچاخە نەشۆراوەکانی پاڵ دیوارەکە دەنۆڕم، لە وردەنانی سەرکومبارەکە، لەو مشکەی کە لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا ڕاوەستاوە و واقی وڕماوە!

لە هەموویان زیاتر دڵم بۆ هاشمیی تەنگ بووە، هەموو عەسرانێك دەهات، تابلۆکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، تابلۆی تەیرە ڕەنگاوڕەنگەکانی، هەموو تابلۆکانی لەبەردەمدا ریز دەکردن. دەیگوت:" گوێ ڕادێرە.. هاکا کەوتنە خوێندن.. گوێت لێیە؟"

هیچم گوێ لێنەببوو. دەیگوت:" ئەوەتا.. دەخوێنن!" دادەنیشت و هەمدیس لەبارەی ژنە چکۆڵە قژ لوولەکەیەوە دەدوا، لەبارەی شیرین خانمە شیرینەکەیەوە،

لەبارەی کارەکانییەوە، لەبارەی قسەکانییەوە، لەبارەی دەنگییەوە کە لە گمە گمی کۆتران دەچوو. لەبارەی چاوانی خێل و پێکەنینی ساکارو لەبارەی بۆنی خۆشی لەشییەوە.

گوێ ڕادەدێرم. دەنگێك دێت. دەنگی تەپەی پێ، دەنگی قسەکردن لەودیو پەنجەرەوە، دەشێ کەسێك بۆ سەردانم هاتبێ. بەدوای گۆچانەکەمدا دەگەڕێم، بەدوای کەوشەکانما، بەدوای عەینەکەکەما، دەبێ کێ بێ بیری کردووم؟ کێ؟ گرنگ نییە، هەرگیز گرینگ نییە، تەنانەت گەر غەریبەیەکیش بێ و بە هەڵە ڕێی کەوتبێتە ئێرە، دەرگای لێ دەکەمەوە و ئەمشەو لای خۆم گلی دەدەمەوە. نازانم ئەو گۆچانە لەحنەتیەم لەکوێ داناوە، دەستم بە دیوارەکەوە دەگرم، بە لێواری مێزەکەوە، بە پشتی ئەسکەمڵەکانەوە.

"پیرەمێرد، ئاگات لەخۆت بێ نەکەویت!" بە منی گوت.. بە منێك کە تەنانەت بیرم لە پیریی نەکردبۆوە.

دەرگاکە کەلا دەکەم، سەر دەبەمە دەرێ، گوێ ڕادەدێرم. سەرما و تاریکی و تەنەکەیەك زبڵی بۆن گرتوو لە ڕاڕەوەکەدایە. دەپرسم:" کێیە؟ کەس لەوێیە؟" بێدەنگیی. تا نزیك قاڵدرمەکان دەچم، ئارام دەگرم. بەرزتر دەڵێم:" دەرگاکە کراوەتەوە، وەرنە ژوورێ!" نا، کەس نییە.. وەك پیرێ و وەك بەسر پیرێ.

جاران گەر کەسێك لەدەرگای داباو نەهاتبایە ژوورێ، یەکسەر دەمانزانی کە ئەوە ئەحمەدییە. حەیدەریی دەیگوت:" کوڕینە، واباشترە قەت دەرگای لێنەکەینەوە، چیتر ئەم زەلامە جێی متمانە نییە!" دەمانگوت:" حەیدەریی

گیان.. ئاخر ئەحمەدی رەفیقمانە، ئێمە هەر حەوتمان لە منالّییەوە پێکەوە گەورە بووین.. ئاخر چۆن وادەبێ؟"

ئەنوەریی دەیگوت:" بەلّێ، زۆر ناجۆرە، بەلّام چار چییە؟ ئەم زەلامە خەریکە هەر شەشمان دەسخەڕۆ دەکات."

هاشمی دەیگوت: "هەرچیی ئێوە بیلّێن"

عەزیزی دەیگوت: "من دەبێ بیرێکی لێ بکەمەوە، دوایی رای خۆم دەلّێم."

دەگەڕێمەوە پالّ زۆپاکە،دادەنیشم و بەتانییەکە لەخۆمەوە دەپێچم. کێ دێت بۆ لام؟ بەم سەرمایەش! بەم شەوە تاریکە بەفرانبارەش! ئاگری زۆپاکە زیاد دەکەم، هەلّدەلەرزم. گوتم: " شیرین خانم، تۆ هەمیشە خەریکی چنینی ملپێچیت بۆ ئێمە. لەبەیانییەوە تا ئێوارە خەمی ئەوەتە کەنەبا یەکێکمان سەرمای بێت، ئاخر چۆن ئەوەندە ژنێکی نازەنین و شۆخ و شەنگ و میهرەبانیت؟ کە وامگوت، پێکەنی، لەو پێکەنینە منالّانە جوانانەی کە هێشتا لە گوێمدا دەیبیبیەم، هێشتا هەندێ شەو تێکەلّ بەخەونێکی ناخۆش دەبێ و دەکەوێتە زرنگەو ئارامم دەکاتەوە."

خۆزیا ئێستا بەیانی با، خۆزیا ئێستا کاتێك با کە بۆنی هاوینم لەدەرگا و دیوار کردبا، رادیۆکە دەکەمەوە، هەوالّەکان، من لە هەموو شتێك بێ ئاگام. پیاوێك ژنێکی کوشتووە، پیاوێکی تر خۆی کوشتووە، لافاو هەستاوە، هێشتا جەنگ بەردەوامە، حەسحەسێك بیتاقەی بۆ دەرچووە، دونیا هەمان دونیاکەی جارانە، رادیۆکە دەکوژێنمەوە.

سەعات بیست دەقیقەی دەوێ بۆ هەشت، نۆزدە دەقیقـەی دەوێ بـۆ هەشـت، شانزە دەقیقە.. پانزە دەقیقە.. دوانزە دەقیقە.. دە دەقیقە.. نۆ دەقیقـە.. پێـنج دەقیقە.. سەعات هەشتی ڕێکە.. ئەمشەو حەز دەکەم تەواوی سەعات هەشتەکان بەیادی خۆم بێنمەوە. حەز دەکەم پرسیار بکەم. حەز دەکـەم لـەخۆم بنـۆڕم. لـە تەواوی ڕۆژەکانم. لە تەواوی لەحزەکانم بنۆڕم. حەز دەکەم جارێکی تر تەواوی ئەم حەفتاو چەند ساڵییە بەدەوری خۆمدا ریزکەم و سەیریانکەم. سەیری هەموو ئـەو ڕۆژە لەدەست چووانە بکەم، ئەو ڕۆژانەی کە هەتا فریاکەوتم سەیریانکەم، کە هەتا فریاکەوتم دەستیان تێوە بدەم و بۆنیانکەم، ڕەویبوونـەوە، چـەند سـوك و هاسـان ڕەویبوونەوە، چەند بێ هات و بات و بەسوێ.

ڕۆژێکیان عەزیزیی پرسی:"دەتەوێ لەسەرەوە دەست پێ بکەیتەوە؟"

بیرم کردەوە نا. هەر بە ڕاستیی نا. لە سەرەوە دەست پێ بکەمەوە تاچ ببێ؟ تا چ بکەم؟ مەگەر دڵنیابم ڕێگەیەکی تر هەیە.. کە دەشزانم نییە.. لانی کەم بۆمن نییە. گەر هەزار جاری تر لەسەرەوە تێ هەڵچمەوە، دێمەوە هەمان شوێن.

جەلیلیی گوتی:" مەعلومە کە ڕێگەیەکی تر هەیە، ملیۆنێك ڕێگەی تر هەن، خۆت نەتویست، وا ئیسراحەتتر بوو کە نەتەوێ!"

حەیدەری گوتی:" هاوڕێیان، بۆ خۆتان واباشترە بەقسـەم بکـەن، مـن نهێنـی سەرکەوتنم لە ژیاندا دۆزیوەتەوە، باوەڕ بکەن دۆزیومەتەوە!"

عەزیزیی گوتی:"خۆزیا دەرفەتی ڕۆیشتن هەبا، خۆزیا توانرابا شتێك کرابا!"

گوتم:"منیش دێم. هەرکەسێك ناوی خوای لێ بێنێ و بڕوات، منیش لەگـەڵی دەچم!"

حەیدەریی گوتی:" هاوڕێیان، هاوڕێیانی ئازیزم، خۆتان کەر مەکـەن، نەکـەن لەخۆشیدا هاربن. مەگەر بۆ هەر شوێنێك بڕۆن لێرە باشترە؟ بەرد لەجێگەی خۆی سەنگینە."

ئەنوەریی گوتی:" وەرن بابچین بۆ پیاسە ، شار بۆتە چراخان، جەژنە، یانسیب ڕاکێشان و پێش بڕکێیە، هەموو شوێنێك پڕە لەنیشانەی ڕانومـایی، بابچـین بـۆ سەیر، مانەوییەتمان بەرز دەبێتەوە."

هاشمیی گوتی:" هەرچی ئێوە بیلێن، قاییلم."

ئێمە چیمان گوت؟ ئاخر ئێمە کێ بووین؟ ئەوەی حەیـدەریی دەیگـوت. کـاك حەیدەریی.

شیرین خانم گوتی: "سەبرکەن تا ئەحمەدییش بێت. بەتەنها جێی مەهێڵن."

حەیدەریی گوتی:" قەت ئەمە راست نییە، ئیهمالی کەن."

گوتم: "ئەحمەدیی گیان، ئاخر چیتە؟ لەچیی دەترسیت؟"

وەڵامی نەدامەوە.. وەك هەمیشە مات و غەوارە، هێشتا هەندێ شەو وادەزانم گەڕاوەتەوە، تەپەی پێی دەناسمەوە، دەنگی هەنگاونانێکی سست و بێ دەرەتانانە کە هەڵدەهاتن و نەیاندەزانی رووبکەنە کوێ.

شتێك بەر شووشەی پەنجەرەکە دەکەوێت. گوێ ڕادەدێرم. وابزانم ( با ) یە یان کزەی سەرمایە، یاخود پاڵەپەسـتۆی تاریکییـە. مشـکێکی زلی رەش خـەریکی کرۆژتنی چمکی پەردەکەیە. خۆزیا کەسێك بۆ سەردانم دەهـات. خۆزیـا کەسـێك لەودیو پەنجەرەوە بانگی دەکردم. هیچ نەبێ جاران فاتمە دەهات. ناوی فاتمە نەبوو. ناوی روقیە و سەکینەش نەبوو. نازانم نـاوی چ بـوو. نـاوی هەرچـییەك بووبـێ،

گرینگ نییه. گرینگ ئەوەیە کەسێکی باش بوو، کەسێکی جیا لەمن، کەسێکی تـر بـوو. هەفتـەی دوو ڕۆژ دەهـات. پـەردەکانی هەڵدەدانـەوە، پەنجـەرەکانی دەکردنەوە، چەرچەفەکانی دەتەکاندن، دەیدانـە بەرهـەتاو، قـاپ و قاچـاخەکانی دەشۆردو جل و بەرگەکانی کۆدەکردنەوە. چ بۆنێکی خۆشـی لـێ دەهـات! بـۆنی دەرەوەی لێ دەهات، بۆنی کۆڵان و شەقام، بۆنی دوکـان و جۆگەلـەو پاسـی لـێ دەهات، ئامادەیی هەبوو، لەوێدا بوو، پەیوەند بوو بەمنەوە، لەبەرامبەرمدا بوو، دەمزانی کە ئەگەر بدوێم گوێی لێم دەبێ، گەر بڕۆم دەمبینێ، لـەبوون و نـەبوونم حاڵیی دەبوو، بەردەوام خەریکی قسەکردن بوو، بەڵام نەك لەگەڵ من، بەڵکو لەگەڵ مێزو کورسییەکان، لەگەڵ دەسکی دەرگاو بەلوعەی سەماوەر، لەگەڵ گسکەکەی دەستی و لەگەڵ ئەو جلکەی کە خەریکی شتنی بـوو، پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەموو شتەکانی دەوروبەریدا هەبوو، لەگەڵ مەسینە، لەگەڵ فەرش، لەگەڵ باوڵ، لەگـەڵ مقەست و خاکەناز. لەزوبانیان دەگەییشت، ببـووە بەشـێك لـەوان، لەگـەڵ مـن نەدەدوا، دەشێ جار ناجار شتێکی گوتبێ کە من گوێم لێ نەبووبێ، گـوێم گـران ببوو، بیرمە ئەخێر ڕۆژ کە هات. قژیان لـەبنا بڕیبـوو، لەناوەڕاسـتی هۆدەکـەدا دانیشت و دایە خوڕەی گریان. گوتی: خانمەکەی ئاوها قـژی بڕیـوە.. داوێتـی بـە ئارایشتگاکەی سەری کۆڵان تا بۆی بکاتە کلاوەقژ. ئەو قسانەی بۆ مـن نـەکرد، بەڵکو بۆدەرگاو دیوار و ئەسکەملەکانی کرد، بۆ فـەرش و قاپـەکانی باسـکرد، ڕۆیشت و ئیتر نەگەڕایەوە. زۆر دەمێکە، حەوت یان هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئێستا تەنها مشکەکان هەن، مشکی زلی ڕەنگ خۆڵەمێشیی کە هێدی هێـدی هـەموو شتێك دەکرۆژن.

چ  با یەکی ڕموزنە.. ئەدی لەکوێوە دێت؟ دەشێ لە لولەی زۆپاکەوە بێت. ئەمشەو زووتر دەنووم. دەچمە سەر قەرەوێڵەکەم و بەخۆم دەڵێم: " پیرەمێرد ئاگاداربە. گەر ئەمجارە سەرمات بێ دەمریت!" دەست دەنێمە نێو گیرفانی چاکەتەکەم، لەبنەکەیدا دوو سێ دەنك گوڵەبەڕۆژە و نوقڵێك لەتوێی خرتکە و پرتکەکاندان، دەریاندێنم، نوقڵەکە دەنێمە دەمم، ڕەق و ناخۆشە، تفی دەکەمەوە، لە نوقڵەکانی شیرین خانمە. گیرفانەکانی شیرین خانم هەمیشە پڕ بوون لە نۆکی برژاوو نوقوڵ. پڕ بوون لە دەزووی ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵە یاس. بیرمە ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار بینیم، دەرگای حەوشەی ماڵی هاشمیی لەسەر پشت بوو، ئەنوەریی گوتی:" هاشمیی میوانی هەیە!" چووینە ژوورەوە. حەیدەریی گوتی:" بەڵێ بەڵێ، حاڵیی نەبووم. ئەمە کێیە؟ ئەم شتە ئەنتیکەیە هی کام وڵاتە؟" شیرین خانم بەجلکەوە لەناو حەوزەکەدا بوو، ئاوی بەخۆیدا دەکرد، ڕوخساری دابووە بەر فوارەکە و پێدەکەنی.. ئەنوەریی گوتی:" بەڕاستیی شتێکی سەیرە، هێندەی مێروولەیەکە، مێروولەیەکی خەپان!" هاشمیی لە قەراغی باخچەکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، وڕ وکاس، دەمی نیوە داپچڕاو و چاوانی خەواڵوو. پێڵووی نەدەتروکاند، بێ جووڵە و هەناسەشی نەدەدا. عەسکەریی گوتی:" چەند وردیلەیە، دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا هەڵبگیرێ، دەکرێ بیخەیتە گیرفان و لەگەڵ خۆتا بیبەیت بۆ داییرە." حەیدەریی گوتی:" یەکەمجار پێویستە بزانرێ چ کارەیە، ئەسڵ و فەسڵی چییە!"

شیرین خانم دەستی بۆ ڕاوەشاندین. حەوشەکەی پڕ کردبوو لە قاقای پێکەنین و شەڕە ئاو، کۆترەکانی هاشمیی بەدەوریدا هەڵدەفڕین، پەلەپیتکەی لە ئاوەکە دەدا و

دەپپرژاند بەدەم و چاوی کاك حەیدەریی دا.. شتێکی گوت تێنەگەیشتین، دەمی پڕ بوو لە نوقولّ. بـە خۆشـحالّییەوە تەماشـای دەکـردین، وەك بلّێـی دەمێـك بـێ هەمووممان بناسێت، نەماندەزانی چ بلّێین، نەماندەزانی چ بکەین! شیرین خانم لە حەوزەکە هاتە دەرەوە، پێ خاوس و تەڕ، خۆی بە هاشمییەوە لکاند، سـەری نایـە سەرشانی، شتێکی بە گوێیدا چرپاند.

حەیدەریی گوتی:" چەند بێ حەیایە!"

ئەنوەریی گوتی:" ڕەنگە دز بێت!"

مەهدەویی گوتی:" وا باشترە دەریکەین!"

هاشمیی مات و واق وڕماو، لە شیرین خانمی دەنۆڕی، باوەڕی نـەدەکرد، هێـور هێور، بە دوو دڵیی، بە ترس و پارێزەوە دەستی هێنا بە قژی تەڕ و قامکە درێژ و باریکەکانی شیرین خانم دا، هێند هێور کە وەك بلّێی بترسێ لەوەی شـیرین خـانم بدات لەشەقەی بالّ و تەرە بێت. گوتی:" فریشتەی ڕەحمەتە، نێردراوی خودایـە" حەیدەریی بردییە لاوە. لێی پرسی:" نـاوی چـییە؟ کێیـە؟ لـەکام بنەمالّەیـە؟" هاشمیی تەماشایکردین. چـاوی لـە چـاوانمان بـڕی، سـەری ڕاوەشـاند، خۆیشـی نەیدەزانی شیرین خانم کێیە و لەکام بنەمالّەیە. گوتی:" دەرگاکە کرابۆوە و هاتە ژوورەوە وەك کۆترێك، وەك گیایەك کە کوت و پڕ لە باخچە سەوز دەبێ. چوزانم. هاتووە و بڕایەوە!"

جەژنی لەدایکبوونی کاك حەیدەریی بوو. گوتمان بەو بۆنەیەوە شتێکی باشی بۆ بکڕین، شتێك یادگـاریی هاوڕێیـان. ئـەنوەریی گـوتی:" مـن جوتێـك کەوشـی خۆمالّیی بۆ دەکڕم." مەهدەویی گوتی:" با شتێکی بۆ بکڕین بە کەلّکی بێت. بۆ

نموونە سێتێك سكل و سپانە بۆ ترۆمبێلەكەی، یـاخود مشـارێكی كارەبـایی بـۆ باخچـەكەی. " عـەزیزیی پرسـی:" یـا حـەزرەتی عـەباس! هەمـدیس جێـژنی لـەدایكبوونی حەیدەرییـە؟" شـیرین خـانم تـەیرەلحوبێكی بـەدیاریی بـۆ هێنـا. قەفەسەكەی دایە دەستی كاك حەیدەریی و وەك هەمیشە كاتێ كە شەرمی دەكرد، ملی بەلارەوە برد. دواتر بەر گوێی كەوتەوە كـە قەفەسـی تەیرەكـەیان خسـتۆتە ئەمبار و بە قوماشێك دایانپۆشیوە. كاك حەیدەریی گوتبووی:" دەنگی خـەراپ نییە، بەڵام لە ناوەختا دەكەوێتە خوێندن. شتێكی ئیزعاجە!" شیرین خانم هێـور نـەبۆوە، دەگریـا و داوای تەیرەكـەی دەكـردەوە، خـەریكبوو نـەخۆش كـەوێت. حەیدەریی گوتی:" تەیرێكی دە تومانیی ئەو بێنە و بەردەیەی نـاوێ. وەرن بـۆی بەرنەوە. پێی بڵێن ئیتر لەم شتە ئەنتیكانە بەم ناوەدا نەهێنێت!"

نەیهێنا.. ئیتر نەیهێنا.

بەفر كەوتۆتە بارین. ورد و خێرا. بەتانییەكە تا ژێر چەناگەم ڕادەكێشم. هێور هێور هەناسە دەدەمەوە تا هەوای ساردی هۆدەكە نەمخاتە كۆكە. ئارام دەگرم تـا شتێك ڕوربدات. تا لانیكەم هەست بە برسێتیی بكەم. هەست بە خەو. هەست بە شتێك جگە لە دانیشتن و ئارام گرتن.

دەنگی بارینی بەفر دێتە گوێم. وەك بڵێی لەنێو سەرمدا، لەنێو دڵمدا، لـەنێو چاوانمدا ببارێت.

بەخۆم دەڵێم:" پیرەمێـرد، ئەمشـەو ڕەق دەبیتـەوە! هێشـتا تـازە سـەرەتای زستانەو زۆری بۆ هاوین ماوە."

گوتم:" عەسكەریی گیان. ئەو سەفەرە چ بوو كە باستكرد؟ ناڕۆیت؟ ناڕۆین؟"

لای دایکییەوە دانیشتبوو. قژی بۆ شانە دەکرد. شانی دەشێلا، خواردنی بەدەمییەوە دەکرد.

گوتم:" وا هێور هێور خەریکە درەنگ دادێت. ئاخر کەنگێ؟"

گوتی:" دایکمە. چیی لێ بکەم؟ پێوەی گرفتار بووم."

کردبوویە کۆڵی و دەیگەڕان. تەماشای کردم. گوتی:" تۆ لەجێگەی من بایەت چیت دەکرد؟ ها؟"

حەیدەریی گوتی:" ژیان مەسەلەی دوو زائید دوو دەکاتە چوارە. ژیان یاسای خۆی هەیە. بونیادەمی ژێر هەمیشە بەختەوەرە."

وا باشترە هەستم و بیر لە شێو بکەمەوە. بیر لە خەو. بیر لەم سەرما ترسناك و لەم مشکە نەحلەتییانەی کە هەموو ماڵەکەیان قۆرخ کردووە. لە بیری سبەینێ و تەواوی ڕۆژانی داهاتوودا بم!

*

## 2

کاک ئەحمەدیی بە دوو دڵییەوە تەوقەی لەگەڵ ئەو دەستەدا کرد کە بۆی ڕاگیرا بوو. بە نابەدڵیی گوشیی و بە پەژارەوە پێکەنی. هەوڵیدا خۆشحاڵ خۆی پیشان بدات، بدوێت، تەوقە بکات. خۆی بناسێنێ و ئەحواڵی هەمووان بپرسێت. هەوڵیدا لە هەمووان توندتر پێبکەنێ و بڵێ:" بەڕاستیی نوکتەیەکی خۆشبوو!" هەوڵیدا سەر بلەقێنێ، سەرسام بێت، ڕوونکردنەوەی بوێت، هەوڵیدا موتەئەسیف بێ و ناونیشانی باشترین پزیشکی گەدە هەڵبدا. هەوڵیدا ئارام بێ و هەستبکات کە بوونی هەیە، کە زیندووە، کە لەگەڵ خەڵکانی تردایە، کە شوناسی هەیە، کە ناترسێت، کە بەختەوەرە و ئەمەیش مایەی خۆشحاڵییە.

کاک حەیدەریی گوتبووی:" بەڵێ. ئەمەیە مەعنەوییەت. جێی خۆشحاڵییە!"

کاک ئەنوەریش گوتبووی:" سوپاس خودایە.. زۆر زۆر سوپاس."

کاک مەهدەویش لەنامەکەیدا نووسیبوی:" ڕاست دەکەن. پێویستە مرۆڤ هەمیشە سوپاسگوزار بێت."

کاك هاشمیی میهرەبانیش پێکەنیبوو. لە خەیاری بێستانەکەی بۆ هەمووان ناردبوو. گوتبووی:" بەهـ بەهـ. بەڕاستیی ژیان جوانە. من لە قوڵایی دڵەوە سوپاسگوزارم."

تەنها شیرین خانم ناوچەوانی دابوو بەیەکدا. سەری خستبووە سەر لێواری پەنجەرەکە و بە تیلەی چاو تەماشای ئەحمەدیی کردبوو. گوتبووی:" چ هەوایەکی پیسە! ئیدی هەناسەی تێدا نادرێ. بونیادەم دەیەوێ سەر بنێتەوە، دەیەوێ واز لە هەموو شتێك بێنێ." چوبووە ئەو دیو درەختەکانەوە و لەوێ گریا بوو. ئێستایش لەوێدایە، دوو ڕیز پێشتر. بە هەمان چاوانی خەمینی فرمێسکاوی و هەمان دەستی چکۆڵەوە کە لەنێو دەستی کاك هاشمیی دا بزر بووە. بەهەمان نیگایشەوە کە هەمیشە هەموو شتێکی دەبینی و لەهەموو شتێکیش دەگەیشت. کاك ئەحمەدیی قاچە ئاوساو و دەردەدارەکەی درێژ کرد و سەری بە پشتی کورسییەکەوە دادا. شتێك لەو جەمعەدا دڵی دادەخورپاند. شتێکی دوژمنانە و نامۆ. شتێکی دەست درێژکەرانە و نائینسانیی. لە ئاپۆرەی سەرەکانی ڕووانی: کە لەپاڵ یەك، هێندەی یەك، وەکو یەك. لەو هەموو دەم و چاوەی ڕووانی: پێکەوە لکاو، لە یەك چوو، یەکسان. لەو هەموو دەستەی ڕووانی: مل کەچ، یەکگرتوو، زەلیل. لەو هەموو پایەی ڕووانی. لەو هەموو پێڵاوە قەیتانداره بۆیاخکراوە و لەو هەموو پانتۆڵە ڕەساسییە ئوتووکراوە و لەو هەموو چاوەی کە لەیەك شوێنیان دەنۆڕی. لەو هەموو ددانە ڕزیوە پڕتوکاوە زەردە، لەو هەموو ورگە دەرپەڕیوە ڕووتە، شتێك لەم گرۆ پێکەوە پەیوەستە یەك دڵەوە بەرز دەبۆوە کە هەناسەی توند دەکرد، دەستی دەنایە بینی و چنگی بە دڵیدا دەکرد.

جێژنی پانزەیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمپانیای (هەمیشە گەوهەر) بوو. حەیدەریی، عەسکەریی و هاشمیی لە ڕیزی دووەم دانیشتبوون. سەبەتە گوڵەکانیان لەسەر شانۆکە بوو، کارتەکەی حەیدەریی بریسکەی دەهات. دەوراندەورەکەی ڕیشاڵ ڕیشاڵ و لێوارێکی زێڕکەفتی هەبوو. ناوو ئیش و پلەی خوێندنەکەی بە پیتی درەوشاوە لەسەر هەڵکۆڵرابوو. گوتبووی:" ئەمشەو شەوێکی گرینگە. شەوی شکۆو شانازییە. هاوڕێیان گەر ئێمە نەباین، دونیا چەند چۆڵ وهۆڵ دەبوو!"

کورسییەکەی کاك مەهدەویی چۆڵ بوو. چاوەڕێی بوون. بڕیار بوو لە (گورگان)* ەوە بێت. ئەنوەریی چاوێکی هەر لای دەرگاکەبوو. دەیگوت:" دەگات. هەر ئێستا سەرو کەللەی پەیدا دەبێت. دوێنێ شەو خەوم پێوە بینی. هەرچییەك بێ ئەویش وەك من کارمەندی ئەم کۆمپانیایەیە. دارو نەداری هی ئێرەیە."

کەسێك شتی دەخوێندەوە، باڵای نەدەگەیشتە مایکرۆفۆنەکە. لەسەر نووکی پا ڕاوەستاوو هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. ئارەقەی کردبۆوە. قەسیدەیەکی درێژی لە وەسفی بەرهەمە تەندروستییەکانی کۆمپانیای (هەمیشە گەوهەر) دا نووسیبوو. سەری بۆ ڕادەوەشاند. دەستی دەخستە سەر دڵی و لەکۆتاییی هەر بەیتێکیشدا ئاهێکی بۆ هەڵدەکێشا.

ئەنوەریی لە پشتی شانۆوە بەملاولادا ڕایدەکرد. بەڕێوەبەری بەرنامەکە بوو. لێکدا لێکدا چمکی پەردەکەی لادەدا و بە پەژارەوە لە کورسیە چۆڵەکەی مەهدەویی دەنۆڕی.

---

* گورگان: ئوستان و ناوەندی ئوستانە لە باکووری ئێران.

لەوسەری هۆڵەکەوە دەنگی چپەچپ دەهات. ئەحمەدیی ئاوڕی دایەوە و بە دڵەڕاوکێوە سەیری دواوەی کرد. سەرو سەکوتەکان هەر هەمووی نائاشنا بوون. ڕووی وەرگەڕاند و دەستی هێنا بە جێگە تەقەڵەکانی سەریدا کە هێشتا ئازاری هەبوو. هەمدیس ئەو گڕە بێ هۆیە بەربووە لەشی. ئەو کێمە جەهەنەمییە کە ئاوێتەی چڵك و خوێنێکی شەیتانیی ببوو. تەواوی دەریچەکانی پێستی پڕ کردبوو لە تاریکییەکی وشك و قورس. ماددەیەکی کانزایی ڕۆکردبووە ناو سەرییەوە، ڕۆی کردبووە ناو دڵییەوە، ڕۆی کردبووە ناوچاڵی چاوانییەوە. پێدەچوو درەختێکی دێرین بێ و تەپ و تۆزی (با) ی هەزار ساڵەی لەسەر نیشتبێ و قورسایی هەموو لاشەکان، هەموو ساتەوەختەکانی مێژوو، هەموو بوونەوەر و هەبووەکانی خرابنە سەر سینگ. بیری ژوورەکەی کەوتەوە، بیری ژوورە بێ هەتاوەکەی و قەرەوێڵە تەختەییەکەی کە خەو نەبێ هەموو شتێکی تری بۆ دێنێ. بیری لێفەیەك کە قورسترە لە شاخ و لەشی پێی ڕانایەت. بیری باڵشتێك کە بە درێژایی شەو دەبێتە بیابانێکی وشك هەڵاتەی پڕ دڕك و خڕە بەرد و ئیدی نووستن دەبێتە سەفەرێکی ترسناك بەژێر دونیادا، دەبێتە سەفەرێك بەنێو هەراوزەنای ئەهریمەنان و هەزار ڕۆحی سەرگەردانی شەیتانی و با ی سیحریی و هەموو شتێك هێند بەربادو بێ شیرازە خۆ دەنوێنێ کە وەك بڵێی زەمەنی بەر لە خەلیقەت بێ و هیچ کەس تەنانەت خوداش بوونی نەبێت. بزربوونێکی تەواو و تەنیایی و مرۆڤێکی نامۆو دەردمەند کە هەموو ئەو ساتەوەختە شومانەی ئەزمون دەکرد.

بیری کەوتەوە کە زۆپاکە نەوتی تێدا نەماوە. بیری کەوتەوە کە گڵۆپی ڕاڕەوەکە سوتاوە. لە هەمان شوێنەوە دەستی پێکردبوو. لەهەمان پێپلیکانە

تاریك و تەنگ و ساردەکەوە. عەردەکەی ژێر پا ی دەمی داپچڕیبوو. تا دوا نهۆم خلۆر ببۆوە — چل و دوو دانە پێپلیکانە- ناکاو، کوت و پڕ، وەکی خەو، وەك ساتەوەختێکی ئەندێشە، دەستێك لە غەیبەوە درابوو بە پشتیدا و کەوتبووە خوارەوە. دوای ئەو ڕوداوە قاچی سێ مانگ لەگەچدا بوو. هێشتاکەش هەر ئازاری مابوو. شەوانە دەئێشاو دەکزایەوە.

کاك حەیدەریی پێکەنیبوو. هاوڕێیانی تریش پێکەنیبوون. تەنانەت کاك هاشمیی میهرەبانیش باوەڕی نەکردبوو. ڕوداوێکی ساکار بوو. زۆر کەسی تر بەر لەو هەڵدێررا بوون و ئەگەری هەڵدێرانی هەموانیش زۆر بوو. خاوەن ماڵەکەی بەر لە هەموو کەسێك شایەتیی دابوو. گوتبووی: لەوێ بووە و بینیویەتی کە قاچی کاك ئەحمەدیی خلیسکاوە و کەوتۆتە خوارەوە. ئەمە ڕوداوێکی تازە نییە. هەمان شت بەسەر کرێچییەکەی پێشووشدا هاتووە. ئەمە شتێکی تازە نییە و بڕایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا کاك ئەحمەدیی دڵنیابوو کە بە ڕێکەوت نەکەوتۆتە خوارەوە. سەرخۆش و گێژو وڕ نەبووە، قاچیشی نەخلیسکاوە. بەڵام کەوتووە. بۆ؟ چۆن؟ کاك ئەنوەرییش پێکەنیبوو. گوتبووی: " باشە. دەبوو گڵۆپی سوتاوی ڕاڕەوەکەت گۆڕیبا. دەبوو لەو تاریکاییەدا زیاتر ئاگادار بایت!"

دەشێ کاك ئەنوەریی ڕاست بکات. بەڵام ئەی ئەوبەردە لەحنەتییە چی؟ ئەو بەردە نادیارەی کە نەدەزانرا لەکوێوە هەڵدراوە و بۆچی هەڵدراوە. جێ تەقەڵەکانی سەری هێشتا ساڕێژ نەببوون. شانزە دانە تەقەڵ. شەوانە دەبرژانەوەو لەتاو ئازار گرمۆڵە دەبوو. هاوڕێیان نیگەرانیی خۆیان دەربڕیبوو. ڕوداوێکی ناجۆر بوو. بەتایبەتی کە هێشتا ئاوساوییەکەی قاچی کاك ئەحمەدیی نەنیشتتبۆوە و سوێی

ئەو ڕوداوەی بیر نەچووبۆوە. بەهەرحاڵ ئیتر بەردێك بووە و هەڵدراوە. لەو جۆرە بەردانە بەر سەری زۆر کەس کەوتوون. کاك جەلیلیی گوتبووی:" بەر سەری ئێمەش کەوتووە، بەر سەری هەموومان کەوتووە. هەناسەدان لەم رۆژگارەدا شتێکی ئاسان نییە!" کاك ئەحمەدیی ئەو قسانەی قەبووڵ بوو. قسەی نەبوو. گوتبووی: " راست دەکەن. ئەو بەردە نەگیراوەتە سەری من. نەگیراوەتە سەری هیچ کەس. ئەو بەردە جگە لە کەوتن چ مەبەستێکی تری لە پشتەوە نەبووە. دەبوو بکەوێ. دەبوو بەر سەری یەکێك بکەوێ و من لەوێ بووم. هەر کەسێکی تریش لەوێ با، هەمان بەڵای بەسەر دەهات. من، ئێوە. جیاوازی چییە؟ دواجار دەبوو سەری یەکێك بشکێ."

ئەو پیاوەی کە لەتەنیشت کاك ئەحمەدییەوە دانیشتبوو، پێکەنی. سەری لەقاند و پرسی: " ئێوە دەڵێن چی؟ بەرشاستیی سەرنج ڕاکێشە." کاك ئەحمەدیی گوتی: "بەڵێ وایە. سەرنج ڕاکێشە." وای گوت و ڕاچڵەکی. سەرو سەکوتی ئەم پیاوەی پێ ئاشنابوو. ئەم چاوە ساکارو ڕاماوو حەپەساوانە. ئەم دەمە داچەقاوە. ئەم بوونەوەرە خۆشحاڵە بۆیباخ لەملە پۆشتە و پەرداخە. ئەم دەستانەشی بینیبوو. دەیناسینەوە. ئەو شەوە لە تاریکیی سەر قاڵدرمەکانا ئەم دەستانەی لەسەر شانیی هەست پێکردبوون. لەو دەستانە دەترسا. هەر ئەم دەستانە ئەو بەردەیان کێشابوو بەسەریدا و لە هەموو جێگایەك بەدوایەوە بوون. ئازاریان دەدا، دوژمنایەتییان دەکرد. ئەم دەستانە بۆنی مەرگیان لێدەهات، بۆنی باڵادەستیی و داگیرکاریی. شەوانە دەهاتنە لای، لە خەونەکانیدا، لە قوڵایی زەینە هیلاك و شپرزەکەیدا، بۆ هەر جێگایەك ڕۆیشتبا هەستی بە ئامادەییان دەکرد، دەیبینین. لەشووشەی

پەنجەرەکاندا دەیبینین، لەنێوان ئەو دەستانەدا دەیبینین کە شیشی پاسێکیان گرتبوو. لەنێوان ئەو دەستانەدا دەیبینین کە نانێکیان لە نانەوایەك وەردەگرت. لەو دەستانەدا دەیبینین کە سڵاویان دەکرد، کە دەیانووسی، کە دەیانژمارد، کە دوعایان دەکرد، کە کەسێکیان دەکوشت یاخود نەوازشتیان دەکرد. تەنانەت ئەو شەوەیش لەماڵی کاك حەیدەریی ئەم دەستانەی بینیبوون، لە حەژمەتا لەرزی لێهاتبوو، ئەدی ئەو دەستانە هی کێ بوون؟ هی کاك حەیدەریی بوون؟ هی ئەنوەریی، هاشمیی، عەزیزیی، عەسکەریی. هی کێ؟ هەمان ئەو شەوەیش بوو کە ئەو روداوە سەیرەی تیا قەومابوو. کاك حەیدەریی گوتبووی:" خەتای خۆتە. ئەگەر لای پەنجەرەکەوە نەبایت، دەرگاکە بەرکەپووت نەدەکەوت، دگانەکانت نەدەشکان. کە موسیبەت هات بێ سرتە دێت، مرۆڤ پێویستە هەمیشە بۆ ئەم جۆرە پێشهاتانە هەر چاوێکی بکاتە چوار چاو. دەبێ حسێبی ئەوە بکرێ کە کوێ مەترسی لێ کەمترە، مرۆڤ لەوێدا بێ. باشە تۆ بۆچی لای پەنجەرەکەوە راوەستابوویت؟ بۆ دەتویست بزانیت لە کۆڵان چ باسە؟ بۆ دەرگاکە نەیکێشا بەدەم و چاوی کاك ئەنوەریی دا؟ لەبەر ئەوەی بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتووە و کاری بەکەسەوە نەبووە. بۆچ کەپووی کاك هاشمی نەشکا؟ لەبەر ئەوەی بە گوڵ و بە کەنارییەکانیەوە خەریك بووە. بۆ بەردەم و چاوی من نەکەوت؟ لەبەرئەوەی حیساب بۆ هەموو شتێك دەکەم، دەزانم لەکوێ راوەستم. دەك موزمەعیل بیت. گوتم وەرە دانیشە، قسان بکە، ڕۆژنامە بخوێنەوە، خشتە پڕکەرەوە، فاڵ بگرەوە، شەڕە شیعر بکە، فیکە لێبدە، خۆت بە شتێکەوە خەریك کە. بچۆ بۆ سینەما. تار

بژەنە. بەکورتی ئازیزی دڵەکەم ئارام بگرە. ئاخر چیتە؟ بۆ ئۆقرەت لێ هەڵگیراوە؟ چ مەرگتە؟"

کاک ئەنوەریی گوتبووی:" سێ ددان ئەو هەموو قسەیە ناهێنێ. دە ددانی ترت هەن. کەپووشت چاك دەبێتەوە. بیرت دەچێتەوە."

کاک ئەحمەدیی قەبوڵی بوو. تەنێ گوتبووی:" بۆچی من؟ بۆ دەبێ بەر دەم و چاوی من بکەوێ؟ خۆ ئێوەیش هەبوون. ئێوەیش جار ناجار لای پەنجەرەکەوە دەوەستن. بۆچی دەبێ بەردێك لە ئاسمان بکەوێتە خوار بەرسەری من بکەوێت؟ بۆ هەمیشە من؟ غەزەبی کێم لێ گیراوە؟ کێ دوژمنمە؟"

ئەو پیاوەی کە لە تەنیشت کاک ئەحمەدییەوە دانیشتبوو، کەوتە چەپڵەلێدان. پرسی:" ئێوەیش لەم سابونە بەکاردێنن؟"

کاک ئەحمەدیی گوتی:" بەڵێ؟"

پیاوەکە گوتی:" چەند کارتتان کۆکردوونەتەوە؟"

کاک ئەحمەدیی لێی ڕووانی.

پیاوەکە پرسی:" شقارتەت پێیە؟ وای گوت و ئاماژەی بۆ کاك ئەحمەدیی کرد کە بێدەنگ بێت.

بەرنامە خۆشەکان دەستییان پێکردبوو. مۆزیقا ژەنەکان جلکی خۆماڵییان پۆشیبوو. کەمانچەژەنەکە هەلامەتی بوو، مل پێچێکی ئەستووری لەملییەوە پێچاوو بەدەم پژمینەوە کەمانچەی دەژەند. کاك ئەحمەدیی، تەپڵ لێدەرەکەی دەناسی، مامۆستای بیرکاریی بوو، دەرسی بە کوڕەکەی کاك جەلیلی دەگوت.

پیاوەکە گوتی:" چ ئاهەنگێکی خۆشە؟"

کاك ئەحمەدیی سەرنجیدا کە ئیدی ناتوانێ لەسەر کورسییەکەی بـەنگ بێـت. هەستایە سەرپا، قۆپچەکانی چاکەتەکەی داخستن و بەهێواشی کەوتەڕێ. پیاوەکە پرسی:"بۆ کوێ؟"

کاك حەیدەریی ئاوڕیدایەوە. نێوچەوانی گرژ کرد و بەسەر ئیشارەتی بۆ کرد کە دانیشێ.

شیرین خانم بە تیلەی چاو تەماشای دەکرد.

ڕاڕەوەکە چۆڵ بوو، خزمەتکارەکە سڵاوی لێکـرد و بەپەلـە کلّـۆ شـەکرەکەی ناودەمی قووتدا. پرسی:" ئەمرێکتان هەبوو؟"

کاك ئەحمەدیی سەری ڕاوەشاند و بە واق وڕماوییەوە ڕاوەستا. خزمەتکارەکـە پرسی: "شتێکتان دەوێ؟"

کاك ئەحمەدیی گوتی:" پەرداخێك ئاو." وای گـوت و هەسـتی کـرد تینـووی نییە.. گوتی: "نا.. نامەوێ... هیچ"

خزمەتکارەکە گوتی:"حەزتان لەکێکە؟"

کـاك ئەحمـەدیی گـوتی: "بـەڵێ. بێگومـان." وایگـوتو دڵـی داخورپـا. تەنگەنەفەس بوو. لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستا و پەردەکەی هەڵدایـەوە. تەماشـای بەفرەکەی کرد. لەدرەختەکانی ڕووانی کە وەك ئاپۆرەی پیرێژنانی سەرسپی نۆرەیان بۆ مەرگ گرتبوو. تەماشـای شـەقامە تاریـك و درێژەکـە و ئـەو تاقـە پەنجـەرە ڕووناکەی کرد کە لە بینایەکی نیوە دێرینی بەرامبەردا پرشـنگی دەدا. هەسـتی کرد، شیرین خانم لەدوورەوە تەماشای دەکات.

لەماڵی کاك هاشمیی بوون. شیرین خانم مەولووی بۆ کردبوو. سفرەی مەولووی ڕاخستبوو. دەستی گرتبوو. لە نوقڵە تەبەڕوکەکانی دابوویە بیخوات. کاك حەیدەریی گوتبووی:" گرینگ نییە. بیرت دەچێتەوە. مرۆڤ شتەکانی بیردەچنەوە. کاتێك ئازارێك رووی تێدەکات، دەکەوێتە ئاخ و ئۆف، دەکەوێتە هاوار هاوارو پاشانیش بیری دەچێتەوە. هەمیشە ئازار بنەبڕ دەبێ، یان دەرمان دەکرێ، یاخود مرۆڤ پێی ڕادێت."

کاك هاشمیی لەسەر قاڵدرمەکانی حەوشە دانیشتبوو، خەریکی چنین بوو. شپرزە و بێ تاقەت. دوو کۆتری شیرین خانم تەرە ببوون. یەکەمجار کۆترە مێیەکە و دواییش نێرەکەی. تازە هێلکەیان دانابوو. کاك هاشمیی تێ نەدەگەیشت. دەیگوت: "هیچ کۆترێك هێلکەکەی جێ ناهێڵێ و بڕوات. مەحاڵە. چ بووە؟ بۆچی تەرەبوون؟ خۆ لێرە لە هیچیان کەم نەبوو. ئاو، دان، هێلانە. هیچ کۆترێك تا هەست بە نزیك بوونەوەی کارەسات نەکات تەرە نابێت. بەڵام ئەدی کام کارەسات؟"

کاك جەلیلیی گوتبووی:" کارەسات لەهەوادایە. بڵاوە، لەو ئاوەدایە کە دەیخۆینەوە، لەو دەنگەدایە کە گوێ بیستی دەبین. کارەسات بەچاو نابینرێ، بەڵام هەیە. لەمن و لە ئێوەش واقعیی ترە."

کاك ئەنوەریی گوتبووی: "باشترە قسەی لێ نەکەین!"

خزمەتکارەکە قاپێ شیرینیی لەسەر مێزی پاڵ دیوارەکە داناو پرسی: چا شتان حەز لێیە؟

کاک ئەحمەدیی سەیری کۆلانی دەکرد. کەسێك لە دوورەوە لەژێر تاقێکدا ڕاوەستابوو.

خزمەتکارەکە گوتی:" کاك ئەنوەریی ئەمساڵ زەحمەتێکی زۆریان کێشا. هەر خۆی سەرلەبەری بەرنامەکانی ئاهەنگەکەی ئامادەکردووە."

کاک ئەحمەدیی پرسی:" ئەو پیاوە دەناسیت؟ ئەو پیاوەی کە لەوسەری کۆلاندا ڕاوەستاوە؟"

خزمەتکارەکە گوتی:" کاك مەهدەویی پیاوێکی باش بوو. خۆزیا نەڕۆیشتبا بۆ گورگان. حەیفە!"

کاك ئەحمەدیی بە لەپی دەستی ئارەقەی ڕوخساری سڕی. جێ تەقەڵەکانی سەری دەکزایەوە. شتێك چنگی دەکرد بە سینەیدا.

خزمەتکارەکە پێکەنی. لە هۆڵەکەوە دەنگی چەپڵە لێدان دەهات. کاك ئەحمەدیی چمکی پەردەکەی بەردا کە لەنێو دەستیدا گوشی بووی. هاتە ئەملاوەو بەترسەوە تەماشای خزمەتکارەکەی کرد. پرسی:"چییە؟ بۆ وەستاویت و تەماشام دەکەیت؟ چیت دەوێ؟"

ئەم بیچمەی بینیبوو. لەکوێ؟ کەنگێ؟ ئەو شەوەی کە کەوتبووە خوارەوە؟ ئەو ڕۆژەی کە بەردەکە سەری هەڵتلیشاندبوو؟ دەشێ لەخەیاڵدا بینیبێتی. دەشێ قسەی کاك حەیدەریی و ئەنوەریی بێت کە دەیانگووت:" ئەحمەدیی گیان. ئیتر وا خەریکیت بە تەواوی شێت دەبیت."

خزمەتکارەکە پرسی:" کورسیتان دەوێ؟"

کاك ئەحمەدیی سەری ڕاوەشاند و چووە دەست شۆرییەکە. دەرگاکەی لەو دیوەوە داخست و گوێی ڕادێرا. دانەوێوە. لەکونی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوەی کرد. خزمەتکارەکە پشتی لێی بوو. بەلوعەکەی کردەوە. سەری خستە بەر ئاوەکە. دەستی تەڕکردو هێنای بەملیدا. پەنجەرەی دەست شۆرییەکەی کردەوە و سەری هێنایە دەرەوە. لەرز دایگرت و موچوڕکەی پێداهات. بەخۆی گوت:" ئەم پیاوە کێیە؟ بۆچی لەوێ، لەژێر ئەو بەفرەدا ڕاوەستاوە؟ چاوەڕێی چییە؟"

بۆ ڕاڕەوەکە گەڕایەوە، خزمەتکارەکە لای دەرگای هۆڵەکەوە ڕاوەستابوو. تەماشای ئاهەنگەکەی دەکرد. کاك ئەحمەدیی پرسی:" چییە؟ چ باسە؟"

خزمەتکارەکە گوتی:" چەند قەشەنگە!"

کاك ئەحمەدیی گوتی:" لەکۆڵان دەڵێم!"

خزمەتکارەکە گوتی: "هیچ نییە قوربان. چ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە."

کاك ئەحمەدیی گەڕایەوە لای پەنجەرەکە و چمکی پەردەکەی لادا. ئەو کەسە هێشتا هەر لەوێدابوو. بەفر هێڵەکانی ڕوخسای دەسڕییەوە.

لەناو هۆڵەکەوە دەنگی چەپڵە و هەلەلە دەهات. خزمەتکارەکە گوتی:" قوربان وەرن سەیرکەن. خۆشترین بڕگەی بەرنامەکەیە."

کاك ئەحمەدیی پرسی:" ئەو پیاوە کێیە کە لەژێر ئەو تاقەدا ڕاوەستاوە؟ چی دەوێت؟"

خزمەتکارەکە کەوتە چەپڵەکوتان. گوتی:" چ ئاهەنگێکە! لەوەسف بەدەرە!"

ئەوجا کارمەندان ڕیزیان بەست. کارمەندە کۆن و پێشینە پاکەکان، ئاڵای کۆمپانیان بەسەرشانەوە. کارمەندە زلەکان وێنەی لە چوارچێوە گیراوی

بەرهەمەکانی کۆمپانیایان بەدەستەوە. لەدوای ئەوانیشەوە ڕیزی کارمەندانی تازە و خێزانەکانیان.

کاك حەیدەریی و هاشمیی و عەزیزیی ڕاوەستابوون. چەپڵەیان لێدەدا.

خزمەتکارەکە گوتی:" ئێستا نۆرەی کاك ئەنوەرییە!"

دەنگی شەیپور بەرزبۆوە. پەردەی شانۆ لادرا. کارمەندان کەوتنە چرپینی مارشی کۆمپانیا. کاك ئەنوەریی لەناو تیوبی دەرمانی دگانێکدا کە دادەگیرساو دەکوژایەوە، ڕاوەستابوو. ببووە ڕۆحی دەرمانەکە. تاجێکی ڕەنگاوڕەنگ لە فلچەی ددانی بەسەرەوە بوو. وەسفی خۆی دەکرد و دەیگوت کە نەرم و بۆن خۆشە و دوژمنی باوەکوشتەی بۆنی دەمە. لەبارەی شۆڕشە بێ هاوتاکەیەوە دەدوا. لەبارەی جیهادی پیرۆزییەوە دژی پووکی نەخۆش.

کاك حەیدەریی بەگوێی کاك عەزیزیی دا دەیچپاند.

کاك ئەحمەدیی هەمدیس بۆ ڕاڕەوەکە گەڕایەوە و پاڵی بەدیوارەکەوەدا. دەیزانی کە کەسێك لەوسەری کۆڵاندا لەژێر بەفردا ڕاوەستاوە. کەسێك بەهەمان دەستانی ئاشناوە. چمکی پەردەکەی لادا، وایدەزانی خەون دەبینێ و چەندین جاریش ئەم خەونەی بینیوە. ئەم کۆڵانە ـ ئەم شەوی بەفرە، ئەم درەختە مردووانە، ئەم بینا نیوە تەواو کراوە ڕەشە و ئەم سێبەرەی لەوسەری کۆڵان. هەموو ئەمانەی پێشتر چەند جارێك بینیوە. دەیانناسێتەوە. دەرگاکەی کردەوە و هات لەسەر بانیژەکە ڕاوەستا. دەرەوە سارد بوو. لەرزی لێهات، دەستی هێنا بە بەفری سەر تارمەکەدا. هەوا زبرو وشك بوو. هەوا وەك جەستەیەکی تیژ چنگی لە دەم و چاوی دەگرت. تەنانەت بەفریش قورس و کانزایی بوو.

ئەو شەوەیش هەر بەفر دەباری. ئەو شـەوەی کـە بـە هەڵـە وایـانزانی دزە و دەسگیریان کرد. کەوتنە بیراز کردنـی، جلـەکانیان شـیتاڵ شـیتاڵ کـرد. ئـەوجا تێگەیشتن کە بە هەڵە دەسگیریان کردووە. کلیلی دەرگای حەوشەی بـیر چـووبوو. خاوەن ماڵەکە دەرگاکەی لێ نەدەکردەوە. پشتی لە حەسحەس و لەگیرفانیـدا بـۆ کلیلی زیادە دەگەڕا. گوتبووی:" ئێرە مـاڵی منـە و کلیلەکـەم بیرچـووە. دەبـێ بمناسن!" وای گوتبوو، پاشان بە ترسەوە لەدەستی خۆی ڕوانیبوو کە خەریك بووە لەنێو لەپی حەسحەکەدا تێك و پێك بشکێ. گوتبووی:" چ دەکەیت؟ بۆ دەسـتت گرتووم؟ چیت دەوێ؟" ویستبووی شتی تریش بڵێ. بەڵام لەگەڵ یەکەم بۆکسدا بۆ زگی، هەناسەی لەبەر بڕابوو. لەژێر لێوەوە گوتبووی:" کـێ دزە؟ شـێت بوویـت؟ بۆچی لێم دەدەیت؟" دانەویبۆوە تا چاویلکەکەی لەسەر ئەرزەکـە هەڵبگرێتـەوە. خوێن لە لووت و ژێر چاوانیەوە بەسەر لێویدا هاتبووە خوار. لە دەرگـای دابـوو. داوای یارمەتی لە دەرو دراوسێ کردبوو، دەستی بەسەرییەوە گرتبـوو تـا کـەمتر هەست بە ئێشی مشتەکۆڵەکان بکات. گوتبووی:" باوەڕم پـێ بکـەن، بـە هەڵـە دەسگیرتان کردووم!" ئیدی لەهۆش خۆی چووبوو. ماوەیەکی زۆر چاوی نـەیبینی بوو. چاویلکەکەی لەژێر پایدا هەپروون بە هەپروون ببوو. دوای ئەو ڕوداوە سەری لەگێژەوە دەچوو. هەمیشە دڵی ئازاری هەبوو. کاك حەیدەریی گوتبووی: "بەڵێ، لە گەڵتانام. بە ڕاستی هەڵەیـەکی گەلۆرانـە بـووە. پێویسـتە بـە تـەواوی لێـی بکۆڵرێتەوە. خۆشبەختانە یاسا پارێزەری هەمووانە." کاك ئـەنوەریی گوتبـووی: "من پێم وایە خەتای خۆت بووە. ئاخر بەو کاتە درەنگەی شـەو لـەدەرەوە چـیت دەکرد؟ بۆچی وەك ئێمە ناچیت لەسەعات نۆوە بخەویت؟ حەسحەسی فەقیر گوناهی

چییە؟ منیش لەجێی ئەو بام هەر لێت دەکەوتمە گومانەوە. ئاسایشی کۆمەڵگە لەمن‌و تۆ گرینگترە!"

خزمەتکارەکە پرسی: "گەورەم، تەندروستیتان باشە؟"

کاك ئەحمەدیی لەپی دەستی پڕکرد لە بەفری سەر تارمەکە و هەڵیگلۆفت. بە روخساریدا هێنا. بەلێوە وشك هەڵگەڕاوەکانیدا. دەمی کردەوە. ویستی هاواربکا. ویستی بە لەقە بەربێتە تارمەکە. ویستی شتێك بکا. ئاوڕی دایەوە و لە شیرین خانمی ڕووانی کە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو.

کاك جەلیلی گوتبووی:" ئاوایە کاکی خۆم و زۆریش خەراپە. ئەویتر هاوڕێت نییە، دوژمنتە، بووەتە دوژمن. دەبێ لەگەڵیدا بکەویتە زۆران. یان بخۆی یاخود بخورێیت!"

کاك ئەنوەریی ئەو قسانەی پێ وانەبوو. گوتبووی:" بونیام یەك تۆز دەدا و یەك تۆزیش وەردەگرێت. یەك تۆز قاییلە و یەك تۆزیش ناقاییل. یەك تۆز هەیە و یەك تۆز نییە. ژیان جۆرێکە لەمامڵە."

شیرین خانم هێور هێور هەڵدەلەرزی. ددانە سەدەفییەکانی چـۆقەیان دەهات. پرسی:" بۆچی لێرەدا ڕاوەستاویت؟"

ئاهەنگەکە کۆتایی هاتبوو. هەمووان خەریك بوو دەڕۆیشتن. لە دوورەوە دەنگی ئەنوەریی دەهات. خۆشحاڵ و پیرۆزبایی لە هەمووان دەکرد.

کاك حەیدەریی هاوڕێکانی بۆ ماڵەوە داوەت کرد. کاك هاشمیی بەدوای شیرین خانم دا دەگەڕا. کاك حەیدەریی لەژێر چەترەکەیدا بوو. ڕینکۆتەکەی تا قوولە پای دەگەیشت. دەسکێش و مل پێچ و کڵاوەکەی لە هەمان ڕەنگ بوون.

کاك ئەحمەدیی لەو سێبەرەی ڕووانی کە لەوسەری کۆڵان لەژێر بەفردا ڕاوەستابوو. بەخۆی گوت: "چاوەڕێی منە. بەدوای مندا هاتووە. وا باشترە لەگەڵ ئەماندا بڕۆم. خۆم لەژێر چەترەکەی کاك حەیدەریی دا قایم دەکەم و دەستی کاك هاشمیی دەگرم. دونیا لەژێر چەترەکەی کاك حەیدەریی دا ئاساییشە. دەستی کاك هاشمیی دەتوانێ بەر لەو بەردە بگرێ کە تێم دەگیرێ. ئەمانە هاوڕێی منن.. بۆم دەبنە قەڵغان. دەمپارێزن."

کاك حەیدەریی لە پێش هەموانەوە لە پێپلیکانەکان دابەزی. چەترەکەی دیوارەکە دەخشا. کاك هاشمیی خەریکبوو بە پەلە قۆپچەکانی پاڵتۆکەی شیرین خانمی دادەخست.

ترومبێلەکەی کاك حەیدەریی لەبەر دەرگا بوو. جامەکانی دواوەش بەفر پاککەرەوەیان پێوەبوو. زنجیری بەهەر چوار تایەکەیەوە بەستبوو.

شیرین خانم گوتی:" خێراکە، بکەوە ڕێ. بابڕۆین!"

کاك ئەنوەریی تاجەکەی نابووە بن هەنگڵی و تەوقەی لەگەڵ میوانەکانا دەکرد. کاك ئەحمەدیی بەدەست بەفرەکەی سەروقژی تەکاند. لە خزمەتکارەکە ورد بۆوە کە بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەمی دەکرد. نا.. هەڵە نەبوو، هەمان چاو لەوەوبەر ئاوها سەیریان کردبوو. هەمان چاو، بە هەمان ئارامیی، بەهەمان خەمساردیی. لەو شەوەوەی کە تیایدا شەل و کوت کرا ئەو چاوانەی لەیادە. پەنجەرەکەی بەرامبەری کرابۆوە، کەسێك لەودیو پەنجەرەکەوە شاهیدی شەل و کوت کردنی بوو. کەسێك کە ڕاوەستاو و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەئارامیی تەماشای ئەمی کردبوو. کاك ئەحمەدیی بانگی لێ کردبوو، دەستی بۆ ڕاوەشاندبوو، سڵاوی

لێکردبوو. گوتبووی:" قوربان. هاوسێی ئازیز، ئێوە دەمناسن. دەزانن کە ماڵەکەم لێرەیە. چەندین جار یەکترمان بینیوە. قسەمان لەگەڵ یەك کردووە. ئەحواڵی یەکترمان پرسیوە. ئێوە شتێکم بۆ بکەن." ئەو چاوە شوشەییە مردووانەش هەر تەماشایان کردبوو. کەسێکی تریش لەوێوە ڕەت ببوو. ڕێبوارێك کە ڕێگەی لێ بزر ببوو، کاتێ ئەمی بینیبوو بە پەلە تێی قوچاندبوو.

دوو زەلامی تریش لەدرزی دەرگاوە سەیری دەرەوەیان کردبوو. کاك ئەحمەدیی گوێی لەدەنگیان ببوو. بانگی لێ کردبوون. گوتبووی:" هێی ئێوە ئەوانەی کە لەودیو ئەو دەرگایەوەن. ئێوە شتێك بکەن!" دەرگاکە جووت ببوو. ئەحمەدیی بەر لەوەی بکەوێ، گوێی لە سوڕانەوەی کلیلەکە لەناو قوفڵەکەدا ببوو.

خزمەتکارەکە پرسی:" ئەدی ئێوە تەشریف نابەن؟"

کاك ئەحمەدیی پرسی:" ئێوە دەمناسن؟ وایە؟"

خزمەتکارەکە تەماشای کرد. هەمووان سواری ترۆمبێلەکەی کاك حەیدەریی ببوون. بەفر پاککەرەوەکان خێرا خێرا بەفری نیشتووی سەر جامەکانیان لادەبرد، هەمووان چاوەڕێی کاك ئەنوەریی بوون.

شیرین خانم لەبەر پێپلیکانەکاندا ڕاوەستابوو. نەیدەویست بڕوات.

خزمەتکارەکە گلۆپەکانی هۆڵەکەی کوژاندنەوە. کاك ئەحمەدیی هاواریکرد: "ئارام بگرن.. مەڕۆن!" وای گوت و بە پەلە لە پێپلیکانەکان رایکردە خوارەوە. خزمەتکارەکە هاواریکرد:

"قوربان. پاڵتۆکەتان، کڵاوەکەتان."

ترومبێلەکەی کاک حەیدەریی کەوتە ڕێ. کاک ئەحمەدیی بەرزتر هاواریکرد:

"مەڕۆن. ئارام بگرن!"

شیرین خانم لەمدیو جامەکەوە بە پەژارەوە دەستی ڕاوەشاند.

سێبەرەکەی ئەوسەری کۆڵان بێ جووڵە ڕاوەستابوو. خزمەتکارەکە لەودیو پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد.

کاک ئەحمەدیی ڕاوەستا و بەزۆر هەناسەی بۆ دەدرا. هات و باتێکی سەیر لەسەریدا دەهات و دەچوو. قولایی گوێی لێوانلێو بوو لە ژاوەژاو. بەفر دەڕژایە چاوانییەوە. لەدوورەوەڕا دەنگی زنجیری تایەکانی کاک حەیدەریی دەهات. کاک ئەنوەریی گوتبووی:" خەتای خۆتە. بۆ هیچ کام لەو بەلایانە ڕوو لە ئێمە ناکات؟ بۆ هیچ کەس و هیچ شتێك دوژمنی ئێمە نییە؟"

کاک ئەحمەدیی یەخەی چاکەتەکەی بەرز کردەوە و هەوڵیدا لەوسەری کۆڵان نەڕوانێ. لەدڵی خۆدا گوتی:" هێشتا درەنگ نەبووە. هێشتا دەرفەت ماوە. دەبێ پەلە بکەم. دەبێ خۆم بگەیەنمە ماڵی کاک حەیدەریی. ئەوانە بە تەنها جێم ناهێڵن. ئێمە پێکەوە گەورە بووین، هاو پۆلی کۆنی یەکترین. دەبێ پەلە بکەم."

خزمەتکارەکە پەنجەرەکەی کردەوە و سەری بردە دەرەوە. کاک ئەحمەدیی کەوتە ڕێ. بەفر خێرا خێرا جێگە پێکانی پڕ دەکردنەوە، هەموو شار نووستبوو. لەخۆی پرسی: "لەکوێوە بڕۆم؟" بیری کەوتەوە کەتا ماڵی کاک حەیدەریی ڕێگایەکی درێژی لە پێشە و ناکرێ بەپێی پیادە بڕوات. بە ئەسپایی ئاوڕی دایەوە و هەڵلەرزی. هەنگاوەکانی خێراتر کرد.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" لە ترومبێلەکەی ئێمەدا جێ نییە. خۆت وەرەوە!"
کاك ئەحمەدیی لە فیکرەوە چوو:" ڕەنگە لەماڵیشەوە جێیان نەبێت. ڕەنگە لە هیچ شوێنێك جێ بۆ من نەبێت."

کاك عەزیزیی گوتبووی:" بەدەست ئێمە نییە، خۆت دەیزانیت." کاك ئەحمەدیی لە فیکرەوە چوو:" تا دەگەم، درەنگ دادێت. تا دەگەم شێویان کردووە و نووستوون، گڵۆپەکانیان کوژاندوونەتەوە، دەرگای حەوشەکانیان داخستوون. ئەدی چۆن دەتوانم خەبەریان کەمەوە؟ چۆن دەتوانم خەوی ئیسراحەتیان لێ تێك بدەم؟ ڕەنگە لە قاڵدرمەکانەوە بەرم بدەنەوە و قاچێکم بشکێنن، یان لەسەربانەوە بە بەردێك نیشانە لەسەرم بگرنەوە. خۆم بینیم کە چۆن تەماشایان دەکردم. بینیم کە چۆن پیشانی یەکترییان دەدام و بەگوێی یەکتردا دەیانچپاند، بینیم کە چۆن جێیان هێشتم و بۆی دەرچوون. دەترسن ئەم نەفرەتە لەوانیشەوە بگلێت. چ باکیان بەوەیە کە چ بەڵایەکم بەسەر دێت؟"

ڕاوەستا. بەفر دەپژایە چاوانییەوە. بەفر لەسەر سەری دەنیشت، لەسەرشانی، لەسەر پای دەنیشت. لەودیو پەردەکانەوە گڵۆپەکان یەکە یەکە دەکوژانەوە. شار وەك پاشماوەی چیرۆکێکی فەرامۆشکراو لەو دووری دوورەوە هەناسەی دەدا. هێندە دوور کە وەك بڵێی لەخەیاڵێك زیاتر نەبێت. گوێی ڕادێرا، جگە لە ورتە ورتێکی نزمی ئەودیو تاریکی و جگە لە تەپەی پایەك کە هێدی هێدی لەدواوە نێزیك دەبۆوە، چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

*

3

کاك عەزیزیی دانیشت. قاچی لێ ڕاکێشا. شانی دادا. دەستی لەسەر یەك دانا و لەدڵی خۆدا گوتی:" خۆزیا دەڕۆیشتم. خۆزیا هەڵدەستامە سەر پا. خۆزیا لێرە نەبام. ئاخر دەبێ چەند هەزار کەڕەت لە کێکی لەدایکبوونی کاك حەیدەریی بخورێ؟ ئیتر جێم نییە، قەت نەمبووە. لە یەکەمین ڕۆژەوە نەمویستووە بیخۆم و کەچی خواردم. پێکەنیم، بە سەرلەقاندنەوە گوتم:" بەهـ.. بەهـ چەند بەلەزەتە!" بۆچی؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە نەمویستووە دڵی بشکێنم؟ یاخود بە زۆریی هاوڕێیان؟ نازانم.. تەنها هێندە هەیە کە خۆم بینی خەریکی خواردنی کێکەکەم. زیاترو خێراتر. ویستم بڕشێمەوە. بەڵام کەوتمە مڵچە مڵچ و پارچەی زلترم خوارد. بەرماوەی کێکی ناو قاپەکانی تریشم خواردو سەرپەنجەکانم لستنەوە. لە کێکی ناو قاپی ژنەکەشم خوارد و لە قاپەکەی ئەملایشمەوە خوارد. دەمویست بڵێم نا، بڵێم نامەوێ، بڵێم حەزم لێی نییە، بەڵام ڕووم نەهات. حەزم دەکرد قاپەکەم بکێشم بەدیوارەکەدا، بەڵام توند گرتم تا نەکەوێت. قاپێکی ترم هەڵگرت و بە سینگمەوە

نووساند و هەمدیس کەوتمە خواردن. بەڵام ئیتر ناتوانم. تا سەرم، تا بناگوێم، تا قژم.. تا ناو خەوەکانم پڕبوون لە کێکی جەژنی لەدایك بوونی کاك حەیدەریی و ئەنوەریی و هاشمی و ئەوانی تر. کەواتە واچاکترە بڕۆم، هەر ئێستا. یەك، دوو، سێ."

بەدوای دەستەکانیدا گەڕا، بەدوای پێیدا، بەدوای جەستە شەکەتەکەیدا کە لەنێو قەنەفەکەدا ڕۆچوو بوو، بەدوای خەیاڵاتە پەرتەوازەکانیدا گەڕا. دەیزانی کە دەبێ نەمرێ و هەبێ. چونکە جەژنی لە دایکبوونی کاك حەیدەریی بوو. چونکە گوێی لە چکەچکی کاتژمێرەکەی بوو، چونکە دەنگێك گوتبووی: قوربان، خۆشحاڵم بە بینینتان! چونکە هاوڕێیان لە شانازیی کارە نوێیەکەی پێکیان هەڵدابوو، چونکە کارتەکەی بە دەزری سنجاق بەو سەبەتە گوڵەوە نوسێنرابوو کە هێنابووی و لەدوورەوە بریقەی دەهات، چونکە ژنەکەی هەمدیس دووگیان بوو، چونکە وێنەکەی لەئاوێنەی قەد دیوارەکەدا دەلەرییەوەو کەسێك لەولاترەوە بە قۆپچەی سەر قۆڵ و قوماشی نایابی پانتۆڵەکەیدا هەڵدەدا. بەوەشەوە نەیدەتوانی خۆی بدۆزێتەوە، شتێك ئەندامەکانی لەشی لەیەکتر جیاکردبۆوە، چ هێڵێك سنووری جەستەی دیاری نەدەکرد، وەك بڵێی درێژەی قەنەفە و قاپی سەر مێزەکان بێ. درێژەی پیاوەکەی تەنیشتی بێ، درێژەی ئەو ژنە بێت کە لە دوورەوە تەماشای دەکرد.

زەلامێك شتێکی گوت و بەسەر شانیدا کێشا. پرسی: "وایە؟" ژنەکەی بە ئەسپایی بە گوێیدا چرپاند:" ئازیزەکەم، ئاگات لەدەمت بێ. ئێرە پڕە لە خەڵکانی غەریبە!"

کاك عەزیزی سەری ڕاوەشاندو بە پارێزەوە لە زەلامە غەریبەکەی تەنیشتی ڕووانی. قەپی بە خەیارەکەی دەستیدا کرد و بەنابەدڵیی کەوتە داخرماندنی.

ئاوێنەیەکی گەورە بەرامبەری بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. نیوەی سەر، نیوەی ڕوخسار، نیوەی شانی لەوێدا بوو. تەماشای خۆی کرد، سەیری دەمی پڕو پارچەی سەوزی خەیار لەمابەین دگانەکانیدا، سەیری کەللەی خڕو گوێچکەی سوری کە وەك دووگی پیر لای قژیەوە شۆڕبۆوە. بەخۆی گوت:" ئەرێ ئەمە خۆمم؟"

نیوە تەکانێکی دایە بەر خۆ تا باشتر خۆی لە ئاوێنەکەدا ببینێ. ملی لەنێو گۆشتی گەردەملیدا بزر ببوو. پێستی بەهۆی چەوریی و بەزەکەی ژێرییەوە بەلای زەرددا دەینۆڕی. لە دۆشەکڵەیەکی پڕ هەوا دەچوو، نەرم و ئاوساو و پانو پۆڕ. باوەڕی نەکرد، ڕووی وەرگێڕا و بەخۆی گوت:" ئەمە چاوەکانی من نین، ئەمە ڕوانینی من نییە، ئەمە دەست و قاچ و جەستەی من نین"

لە فیکرەوە چوو. بیری لە وێنەی مرۆڤێك کردەوە بەناوی عەزیزوڵڵای عەزیزیی: خۆی لەنێو هاوڕێیاندا بینی. خۆی بینی لە هەموویان باڵابەرزتر، لە هەموویان گورج و گۆڵتر، لە هەموویان لەشساغتر، لە هەموویان خۆشحاڵتر. خۆی بینی لە ئاپۆرەی ڕۆژو ساتەوەختەکاندا، لێرە ... لەوێ. نائارام و هەڵایساو. هەمیشە چاوەڕوان، چاوەڕوانی ژیان. چاوەڕوانی ڕۆژانی دواتر و شتگەلی گەورەتر و باشتر لەوەی کە هەیبوو، لەوەی کە هەبوو.

گوتبووی:" هاوڕێیان، وا ئیتر لە دەرس و خوێندن ڕزگارم بوو. ئیتر تەواو. ئیدی نۆرەی ژیانە. لاکەون، سەرەمە!"

خۆی بینی لەیەکەمین هەستی عیشقا. گێژو وێژ، سەرسوڕماو، بەختەوەر، سوێندی خواردبوو، بەڵێنی دابوو بەخۆی و بە کیژۆڵە سپیکەڵانە نیمچە قەڵەوەکە. نەخشەی ژیانی بە تەواوی حسێبکارییە وردەکانییەوە کێشابوو. بە هەموو نیگا گومانا‌وییە بێ باوەڕەکان پێکەنیبوو. گوتبووی:" هاوڕێیان، خودام لەگەڵە. ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە خەونم پێوە بینیوە."

بیری ئەو ڕۆژەی کەوتەوە کە سەریان تاشیبوو. جلکە سەربازییەکەی بە بەر نەدەبوو، پانتۆڵەکەی تەسك و کورت بوو، کاك هاشمیی قابلەمەیەك چێشتی بۆ هێنابوو. چ شەوێکی ناخۆش بوو! هاوڕێیان لای پاسەکەوە ڕیزیان بەستبوو. جانتاکەی بەدەستی کاك ئەنوەرییەوە بوو. بەفر دەباری و کەسێك لەدوایەوە دەگریا. ڕوخسارەکان لەودیو شووشەی هەڵم لێنیشتووی پاسەکەوە، لە ڕوخساری مرۆڤ نەدەچوون. هەوڵیدابوو هاوڕێیان گوێیان لە دەنگی نەبێت. گوتبووی:" ئازیزی دڵەکەم، دوو ساڵ سەربازیی چ نییە، پێچی مێزەرێکە و تەواو دەبێ. خۆ بۆ مردن ناچم!"

هەوڵیدا ئەو دەم و چاوە گرد و ئەو لێوە باریك و کەم ڕەنگ و ئەو پا و پووزە گۆشتنە وەبیر خۆی بێنێتەوە، ئەو بوونەوەرە فەرامۆشکراوە وەبیر خۆی بێنێتەوە کە یەکەمین بنچینەی ڕەهای حیسابەکانی بوو. یەکەمین شەوی سەربازیی خەو نەچووبووە چاوی، هەموو گیانی ئێشابوو، شەوانی دواتر سەرمای ببوو، زەینی لە داڵغەی سەرمادا بەستبووی، بەو وەزعەشەوە لەژێر لێوەوە ڕۆژەکانی ژماردبوون، یەکە یەکە خەتی بەسەر مانگەکاندا هێنابوون، ئارامی گرتبوو تا ئەو دوو ساڵە تەواو بن، تەواو ببوون، بەڵام لەگەڵ زۆر شتی تردا تەواو ببوون.

ژنەکەی پرسی: "ئازیزم، بیر لە چ دەکەیتەوە؟"

کاک عەزیزیی سەری بەرزکردەوە و پێکەنی، بیری کەوتەوە کە نابێ کارێکی پێچەوانەی باو بکات، نابێ زۆر شتی بیر بکەوێتەوە، نابێ زۆر ببینێ، نابێ زۆر بیر بکاتەوە، نابێ زۆر بەختەوەر یان زۆر بەدبەخت بێت. تەنها دەبێ ئەوە بێت کە هەیە، زۆر بە کورتیی لەنێو دەست و لەنێو دەنگ و لەنێو قاچەکاندا، زۆر بەکورتیی لەنێو کورسی و لەنێو قاپ و قاچاخ و لەنێو پەنجەرەکاندا، زۆر بەکورتیی لەنێو کەوچك و لەنێو چنگاڵەکاندا.

کاک حەیدەریی لەدوورەوە تەماشای ئەمی دەکرد.

کاک عەزیزیی بەو پیاوە نەناسیاوەی کە لە تەنیشتیەوە وەستابوو، گوت: "بۆچی نافەرموون؟ وای گوت و چووە ئەولاوە تا جێگای بکاتەوە. گوێی بۆ ئەو دەنگە ڕادێرا کە بەگوێیدا دەیچپاند. لەو دەم و چاوەی ڕووانی کە لەبەردەمیدا بوو، پێکەکەی بەسلامەتی کاک حەیدەریی بەرزکردەوە و نۆشیی.

بەخۆی گوت:" خۆزیا ئەم ئاوێنە لەحنەتییە بەو دیوارەوە نەبا!" ڕووی وەرگێڕاو سەیری ئەملاولای خۆی کرد. سەیری پەردە خەت خەتە ڕیشاڵدارەکان، سەیری کاغەزە دیوارییە گوڵگوڵییەکان، سەیری وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کاک حەیدەریی بەدیوارەکانەوە، سەیری لێواری ئاوێنەی سەر مێزەکان، سەیری قاپ و قاچاخی گوڵدار کە لەسەر ڕەفەکە ڕیزکرابوون، سەیری گوڵدانە کریستاڵییەکانی سەر مێزەکان، سەیری ئەو جێ مۆمە زیوییانەی کە پلاستیکیان تێوە ئاڵاندبوون، سەیری گوڵە دەسکردەکان، سەیری پەیکەرە چینییەکان، سەیری سەگ و پشیلە و تەیرە شوشەییەکانی سەر کورە دارەکە، سەیری لەمپا گوڵینکەدارەکان، سەیری

ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێك كە داپۆشرابوون، سەیری پێستە پڵنگێك كە لەسەر فەرشەكە ڕاخرابوو، سەیری كەللە بەرانێك كە بەژوور دەرگاكەوە بوو، سەیری بووكەشووشەیەك كە زەنگی لێدەدا و گلۆپی دامەنی دادەگیرسا و دەكوژایەوە، سەیری مێزە زیادەكان و كورسیە ئاسنینەكان، سەیری كارتۆنە سەیرو سەمەرەكان و سەیری بوتڵە بەتاڵەكان.

ترسا.. ڕوانینی لەنێو ئەو هەموو شتەدا بزر ببوو. نەیدەزانی چۆناوچۆنیی دەكرێ بەنێو ئەم هەموو شتەدا تێپەڕێ و بگاتە ئەوسەری ژوورەكە. ئەوە تەمەنێكی دەویست، ئەبەدییەتێكی دەویست. حەزی دەكرد لە هەموو جێگایەك بێت جگە لێرە. حەزی دەكرد هەستێتە سەر پا و بڕوات.

گوتبووی:" دەی ئەمەیش سەربازییەكەت، دوو ساڵی ناخۆش بوو، بەڵام گوزەشت. دەی ئێستایش ئیتر كاتی ئەوەیە بژیت!" هەڵبەت زەحمەت بوو ژیان بەبێ ئەو كیژۆڵە سپیكەڵانە نیمچە گۆشتنە. بەڵام قەیدی ناكا، بە قەولی هاوڕێیان قیسمەتی نەبووە. ئەو جۆرە شتانە ڕوو دەدەن. ڕۆژێكیش دوور بە دوور لەگەڵ مێردو منداڵەكەیدا بینیبووی. ئیدی دوای ئەوە لەبیر خۆی بردبۆوە.

ژنەكەی پرسی:" ئازیزەكەم. ئەرێ ئەوە تەماشای چی دەكەیت؟"

كاك عەزیزیی خۆی كۆكردەوە، پژمینەكەی قوتدایەوە، دەستەسڕەكەی دەرهێناو بەدیقەت لالێوەكانی سڕی. سەر ئەژنۆكانی تەكاندن و بۆ میوانەكان تریقایەوە.

كەسێك لەوسەری ژوورەكەدا خەنیی بوو، لەگەڵ هەمواندا قسانی دەكرد و حاڵو ئەحواڵی هەموانی دەپرسی.

کەسێك لەولاتر لەبارەی ئازارەکانی گەدەو سەرەگێژییە سەیرەکانی خۆیەوە دەدوا. ناوی هەمو پزیشکەکانی دەزانی و جنێوی بە هەر هەموویان دەدا.

کەسێك کەوتبووە دوای حەلکردنی هاوکێشەیەکی نادیار، لەگەڵ خۆیدا دەدواو لەهەوادا ژمارەی دەنووسی. لێکیدەدان و دابەشی یەکتری دەکردن.

کەسێك باسی خۆی دەکرد و بەتیلەی چاو خۆی لەئاوێنەی قەد دیوارەکەدا تەماشا دەکرد.

کەسێك لەخشتەی وشە نیوە تەواوکراوەکەی وردببۆوە، بنی قەڵەمەکەی جویبوو، قەراغی ڕۆژنامەکەشی جویبوو. قۆپچەی بەچاکەتەکەیەوە نەهێشتبوو، لە بێخی نینۆکەکانییەوە خوێن دەچۆڕا.

کەسێك هیچی نەدەکرد.

کاك عەزیزیی بە ئەسپایی سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بیری کەوتەوە کە ئەگەر دەیەوێ بڕوا، ئەوا دەبێ تادرەنگ نەبووە بجووڵێ.

لە دەرگا درا، لە ڕاڕەوەکە دەنگی ماچ و مووچ دەهات. خشەی تەنورەی ئاوریشمیی و جیڕەی پێڵاوی تازە. کەسێك پرسی:" باشە کەنگێ کێکی جێژنی لەدایك بوونی کاك حەیدەریی دێنن؟"

کاك عەزیزیی سەیری دەرگاکەی کرد، سەیری پەنجەرەکە، لە چاوی زۆپاکە، هەوڵیدا دەست بداتە خۆی و خۆی بەرزکاتەوە. نەدەکرا، وەك بڵێی هەزار قوڕسی پۆلایان بە جەستەیەوە بەستبێ و هێزی ڕاکێشانی ئەرز لەژێر پایدا هەر ساتێك زیاترو زیاتر ببێ. حەزی دەکرد بۆیباخەکەی بکاتەوە و ئاسنی قایش پشتێنەکەی کە بەنێو ورگیدا ڕۆچووبوو، بشکێنێ و بۆ دووری تووڕهەڵدا. حەزیدەکرد

عەینەکەکەی، کاتژمێرەکەی، ئەنگوستیلە فەیروزەیی و یاقیقییەکەی، دەرزی سنجاقی بۆیباخەکەی، قۆپچەی بەردین و زلی سەر قۆڵەکانی، قوتووی ئاسنی جگەرە و چەرخە زیوینەکەی، قەڵەمە ئاڵتونییەکانی، دەستە کلیلی دەرکی ماڵەوە و ترومبێل و کەنتۆرەکان، دەفتەری یادداشت و ڕۆژ ژمێرەکەی، حەزیدەکرد هەموویان دەربێنێ و بۆ دووریان توورِ هەڵدات، تا سووکەڵە بێت، تا هەناسە بدات، تا هەستێتە سەر پا و ڕاکات.

لە دوورەوە گڤڤەی با دەهات. تەپەی پا گەلێك لە ڕۆیشتندا، دەنگی تێپەڕبوونی شەو بەناو شاردا. لەودیو ئەو پەنجەرەیەوە هەواڵگەلێك هەبوون، فەزا و ئاسمان و شەقامگەلێك کە دەکرا جێیان بێڵیت و بڕۆیت. لەودیو ئەو دیوارانەوە دونیا و ژیان و مێژوو و هەزاران ساتەوەختی سەرسوڕهێنەری دلڕفێن هەبوون. دەکرا لەوێدا ڕاوەستین و تەماشا بکەین و بپرسین و دەشێ شتێکی نوێ بدۆزینەوە و لەوێوە دەست پێبکەینەوە و لەوێدا بین و هەمدیس لەوانەش تێپەڕێنین و دووبارە باڵ بگرین، دووبارە بڕۆین و دووبارە هەبین.

ژنەکەی گوتی:" ئازیزم، قسەیەك بکە. هەمیشە چۆن بوویت ئاوها بە!"

ئەو پیاوەی کە خەریکی پڕکردنەوەی خشتەی وشە یەکتربڕەکان بوو، بەکاوەخۆ بە گوێچکەیدا چپاند:" تەنها سێ پیتە، یەکەمیان ئەلف، ئەخیرەکەی قاف، ئاتق؟ ئاجق؟ ئاسق؟ کامیانە؟"

کاك عەزیزیی گوتی:" داوای لێبوردن دەکەم، نازانم.. بەراستی بەداخەوەم."

کاك ئەنوەریی دەیویست نامەی کاك مەهدەویی بۆ بخوێنێتەوە، نامەیەکی بیست لاپەڕەیی بوو.

کاك عەزیزیی هەوڵیدا زیتەڵە و بەحەوسەڵە بێت. لەدڵی خۆدا گوتی:" چ بکەم؟ بڕۆم یان تا قسەکانی تەواو دەبێت ئارام بگرم. دەترسم دڵی بیەشێ. دەترسم لێم زویر بێت."

گوتبووی:" حەیدەریی گیان، سوپاس بۆ میهرەبانیت. بەڵام ئەم ئیشە بەکەڵکی من نایەت. من ناتوانم ببمە کارمەندی دائیرە. ناتوانم لەژوورێکدا بەنگ ببم. ناتوانم لە شوێنێکدا دیل بم. تۆ خۆت باش دەمناسیت."

کاك ئەنوەریی گوتبووی: "دەبەنگ گیان، ئاخر ئەمەش جۆرێك ئەزموونە. پیاو نابێ بسورێتەوە"

کاك هاشمیی گوتبووی:" چاك ناکەیت کە دڵی حەیدەریی دەشکێنیت. ماوەیەك برۆ، پاشان کە حەزت نەکرد واز بێنە."

گوتبووی:" باشە. لەبەر خاتری ئێوە، تەنها چەند مانگێك دەچم. ڕەنگیشە بۆ چەند رۆژێك!"

دەنگی کاك ئەنوەریی لەگوێیدا دەزرنگایەوە:" کاك مەهدەویی کەوتۆتە ناو حەوزەکەوە، خەریك بووە بخنکێ، تەڵعەت خانم گەیشتۆتە سەری، هێناویەتییە دەرەوە، دوای هەوڵێکی زۆر ئەوجا توانیویەتی هەناسەی بێنێتەوە بەر. پاشان چینێکی باشی لێداوە."

کاك حەیدەریی گوتی:" سەیرە.. بەڕاستی خودا ڕوحمی پێکردووە."

کاك ئەنوەریی گوتی:" بەڵام سەیرتر لەوە دراوسێ تازەکەیانە، ددان سازە، پێشتر بەرگدروو بووە، سەردەمێکیش لە رادیۆ گۆرانی بێژ بووە. چوار ددانی کاك مەهدەویی کێشاوە، ددانی پارێزگار و یاریدەدەرەکەشی کێشاوە، ددانی نیوەی

شاری کێشاوە، تەنها دەرەقەتی تەڵعەت خانم نەهاتووە، بۆکسێکی لێداوە و بە پشتا خستوویەتی."

چەند کەسێك گوتیان:" بەراستیی سەیرە!"

کاك هاشمیی بەزەحمەت لەسەر قەنەفەکە جێگەی خۆی لای عەزیزییەوە کردەوە. دەستی نایە سەر شانی. ئەلبومی سەرمێزەکەی هەڵگرت، بەدەم هەڵدانەوەیەوە هەناسەی هەڵدەکێشا.

شیرین خانم بە تەنیا لە قوژبنێکا ڕاوەستابوو.

هێشتا جلکە ڕەشەکانی لەبەردابوو، خەفەتی کاك ئەحمەدیی نەخۆشی خستبوو، نیگای ئاشنایانە بوو. شتێکی لەقوڵایی دڵی کاك عەزیزییەوە هەڵدەگۆزا، شتێکی فەرامۆش کراو و لەدەس چوو.

کاك هاشمیی بە ئانیشك بە لاکەلەکەیدا کێشا. گوتی:" ئەم ڕەسمەت بینیوە؟ مانگی خوردادی هەزارو سێ سەدو بیستو حەوت، جێژنی لەدایکبوونی حەیدەریی ئازیزە، هەموومانین، دەست لەنێو دەستی یەکتر.. وەك هەمیشە."

کاك عەزیزیی بیری لەو شەوە کردەوەو دڵی ڕاچەنی. بیری لەمانگی خوردادی هەزار و سێ سەدو بیست و هەشت و بیری لە مانگی خوردادی هەزارو سێ سەد و بیست و نۆو سی و سی و یەك کردەوە. تەماشای کاك حەیدەریی و تەماشای کاك ئەنوەریی و هاشمیی و عەسکەریی کرد. بیری لەمانگی خوردادی هەزارو سێ سەد و پەنجاو حەوت کردەوەو بیری لە خوردادی شەست و حەوت و خوردادی هەشتاو حەوت و خوردادی هەزارو سێسەدو نەوەد و حەوت کردەوە. بیری لەجێژنی دوو هەزارەمین ساڵەی لەدایك بوونی کاك حەیدەریی کردەوە و لەرزی لێهات. بەخۆی

گوت:" هەموومانین. پەیکەرگەلی ئێسکیی بەئەمەك، دەست لەنێو دەستی یەكتر، تەواوێك وەك ئەمشەو.. لەپاڵ یەك، بە ئەلبومێكی ئەستووری سێ هەزار لاپەڕەیی و ملیۆنێك وێنەی یادگارەوە، بە كێكێكی زل و دوو هەزار مۆمەوە. هەمدیس ساڵێكی تر و ساڵی دوای ئەوو تا ئەبەد هەمان شت."

هاوڕێیان گوتبوویان:" بەهـ بەهـ پیرۆزە. جەنابی ڕەییس ناوێكی شایان و پێكەوتەیە!" گوتبووی:" دەڵێن چی؟ سوعبەت دەكەن؟ ناشێ هەر بەڕاستی مەزەنە بكەن كە من عەوداڵی ئەم جۆرە شتانەبم؟ مەگەر قسەكانی منتان بیرچۆتەوە؟"

جوابیشیان بۆ وێنەگر ناردبوو.

كەسێك گوتی:" با هەستین و وێنەیەك بۆ یادگار بگرین، یادگاری چل ساڵەیی كاك حەیدەریی."

كاك عەزیزیی بە خەفەتەوە لەوێنەگرەكەی ڕووانی، ژنەكەی هات و لەپشت سەرییەوە راوەستا. دانەوێوە و باسكی ئەڵقاو ئەڵق كردە ملی. گوتی: "سەر هەڵبڕە!"

كاك عەزیزیی سەری هەڵبڕیی و لەدڵی خۆیدا گوتی:" مانگی خوردادی هەزارو سێسەدو هەشتاو حەوت لەوێدایە، چاوەڕوانمە، سەیرم دەكات، تەواوی ساتەكانی ڕابردوو و ئایندەم لەوێدان، بزمار كوت.. بێ جووڵە.. تەنها یەك وێنە.. وێنەیەكی ئەبەدیی."

كاك هاشمیی گوتی:" ڕاوەستن، با شیرینەكەشم بێت."

كاك عەزیزیی دەستی لەسەر قەراغی قەنەفەكە لابرد تا شیرین خانم دانیشێ.

ژنەکەی گوتی:" تەماشای کامێراکە بکە!"

کاک عەزیزیی سەیری کرد، سەرو کەللەی کاک هاشمیی لەژێر چەناگەیدا بوو، سەری شیرین خانمییش لەسەر شانی. وێنەگرەکە گوتی:" نزیکتر دانیشن!"

کەسێك قاپی کێکی دابەشدەکرد.

کاک عەزیزیی لەفیکرەوە چوو:" گەر بمەوێ هەبم، کەس بۆی نییە پێم بڵێ بمرە. پێم بڵێ بێ هات و هاوار بمرە. کەس بۆی نییە وەك مێرووویەکی وشکەوەبوو بەدەرزییەکی سنجاق بەخاڵێکەوەم بکات. گەر بڕیارە شتێك ڕووبدات ئەوا لەدەرەوەی ئەم ژوورەدا ڕوودەدات. ئێرە تەنها سێبەرە و تاریکی و حیسابی وردی لەدایك بوونەکان- سیساڵیی، چل ساڵیی، شەست شاڵیی- حسێبی وردی زەمەن و ژماردنی شتەکان و دڵەڕاوکێی عەدەم و قسە.. قسە.. قسە..، نا.. ئیتر ناتوانم دانیشم و تەماشاکەم. پێویستە هەر ئێستا هەستم. هێندە بەسە کە دەستم لەژێر کاك هاشمیی دەربێنم و دەستی ژنەکەم لەملم بکەمەوە و سەری شیرین خانم لەسەر شانم بەرزکەمەوە و قاپی چەرەسەکە لەسەر کۆشم لابەرم و قاچم لەژێر مێزەکە دەربێنمو بڕۆم."

ژنەکەی گوتی:" ئازیزەکەم، کاتێ کێکی لەدایك بوونی کاك حەیدەریی دێنن، حەزدەکەم هەستیت گۆرانی بڵێیت."

کاک جەلیلیی گوتبووی:" ئەوەی نیازی ڕۆیشتنی هەبێ پرسیار ناکا، چاوەڕێ ناکا، هەڵدەسێ و دەڕوات."

کاك عەزیزیی گوتبووی:" جەلیلیی گیان، دەزانم .. تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام شەکەتم، ناتوانم هەستم، بەدرێژایی ڕۆژ لەئیش بووم. بە درێژایی شەو بێدار بووم. لەشم قورس بووە. سەرم لەگێژەوە چووە، دڵم ژان دەکا. بۆ تێناگەیت؟"

شیرین خانم گوتبووی:" وای کاك عەزیزیی، بۆچی ئەوەندە قەڵەو بوویت؟ بونیام لێت دەترسێت!"

دەنگی چەپڵە هات. دەنگی قریوە و هەلهەلە. دەنگی بەیەکدادانی کەوچك و چنگاڵەکان.

کێکی لەدایك بوونی کاك حەیدەرییان هێنا. ڕووکارەکەی پڕ بوو لە مۆمی چکۆڵەی زەرد و سوور. کاك عەزیزیی لەرز دایگرت. ژنەکەی پرسی:"ئامادەیت؟" کاك هاشمیی خەنی بوو. چەپڵەی لێداو لەجێگەکەیدا کەوتە هەڵبەزو دابەز. کاك ئەنوەریی گوتی: "ئێستا کاتییەتی. یا ئەڵڵا."

کاك عەزیزیی بەخۆی گوت:" نا. وانابێت، کەوتوونەتە تەماشاکردنم. دەبێ بەشێوەیەك بڕۆم کە کەس پێم نەزانێت. باشترین شت ئەوەیە کە بچمە تەوالێتەکەوە و دەرگاکە لەودیوەوە لەسەر خۆم داخەم، کاتێ کە هەست دەکەم سەریان گەرم بووە، لە پەنجەرەی حەمامەکەوە خۆم هەڵدەدەمە حەوشە چۆڵەکەوە. دەچمە مویەق، لە دەرگای پشتەوەی مویەقەوە دەچمە مەشتەلەکە، گوێ هەڵدەخەم، کە هەستم کرد چ دەنگێگ نایەت، ئەوسا بە پەلە لای ئینجانەکانەوە ڕەت دەبم و دەچمە حەوشە. خۆم دەگەیەنمە کەپرەکە، پێیدا سەردەکەوم، خۆم هەڵدەدەمە سەر دیوارەکە، خۆم بەعامودی کارەباکەوە دەگرم، خۆمی پێدا هەڵدەواسم و پیایدا شۆڕدەبمەوە، دێمە خوارەوە، لەکۆڵانیش سەیری ئەملاولای خۆم

دەکەم، کە دڵنیا دەبم چ کەسێك دیار نییە، ئەوسا دەکەومە ڕاکردن، بە دەستە ڕاستدا دادەگەڕێم، هەمدیس دەکەومە ڕاکردن.. بەدەستە چەپدا دادەگەڕێم. دوور دەکەومەوە. دوور.. دوور.. دوورتر.. وای چ گوڕێکم تێهاتووە! چ خێراییەك.. لەشم قورسایی نەماوە و ئەرزیش هێزی ڕاکێشانی خۆی لەدەست داوە. دەڕۆم، دەڕۆم.. دەفڕم.. وەك بڵێی لەودیو مەداری ئەرزەوە بم. بە حەواوە مەلە دەکەم. هیچ کەس و هیچ شتێك نامگاتێ. تەنانەت (با) یش، تەنانەت (ڕووناکیی) یش..

دەنگێ بەگوێیدا چرپاند:" بڕۆ ئەو ناوەڕاستە.. ناوەڕاستی هەمووان!"

کاك عەزیزیی لە ڕوخسارەکانی تەنیشتی ڕووانی.

کاك ئەنوەریی گوتی:" بەرز بیچڕە!"

کاك هاشمیی دەستی نایە بن باڵی و بەرزی کردەوە.

کاك عەسکەریی پێکەنی. پرسی:" نووستبوویت؟"

شیرین خانم گوتی:" وازی لێبێنن. نایەوێ گۆرانی بێژێ!"

ڕێگەیان بۆ کردەوە. وێنەگرەکە گوتی:" قوربان.. مۆڵەت بفەرموون وێنەیەکی فەردیتان بگرم!"

کەسێك پرسی:" دەیەوێ چ گۆرانییەك بێژێ؟"

کەسێك لە پشتەوە پاڵی پێوەنا.

ژنەکەی گوتی:" بێدەنگ بن! مێردەکەم دەیەوێ گۆرانی بڵێ."

کاك عەزیزیی بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا.

هەمووان چاوەڕێ بوون. هەمووان پێدەکەنین. چوار دەوری کاك عەزیزییان دابوو. بە چەنگاڵ بە قاپەکانیانا دەکێشا.

کەسێك گوتی:" بچنە ئەولاوە. مۆڵەت بدەن."
کەسێك سەرقۆڵەکەی راکێشا. کەسێك ژێر باسکی گرتبوو.
کاك عەزیزیی بەچاو بەدوای دەرگاکەدا دەگەڕا. دەوروبەری پڕ بوو لە دەست و چاو و دەم. خۆی بینی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە. خۆی بینی وا خەریکە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.
کەسێك گڵۆپی ژوورەکەی دادەگیرساند و دەکوژاندەوە. دەنگەکان بەیەکەوە دەیانگوت و دەیانگووتەوە:" کاك عەزیزیی دەبێ گۆرانی بڵێ. کاك عەزیزیی دەبێ گۆرانی بڵێ!"
کاك عەزیزیی داڵغەی لای کەسێك بوو لە کۆڵان. کەسێك کە پەڕو باڵی دەرکردبوو. کەسێك کە لە جێگایەکی تر بوو. کەسێك کە ڕۆیشتبوو.
ژنەکەی گوتی:" زووکە. جەماعەتت ماتڵ کردوون!"
کەسێك گوتی:" قوربان، چاوەڕێین گۆرانییەکەت بڵێی!"
کاك عەزیزیی هەستی کرد کە سەری لەگێژەوە چووە و دڵیشی لە جاران قورستر بووە. دەیویست هاوار کات، دەیویست هەموو شتێك وردوخاش کات. بەخۆی گوت:" گۆرانیی چی؟ جەژنی لەدایك بوونی حەیدەریی بەمن چی؟ گەر زۆر خۆشە، ئەوا باخۆی گۆرانیی بڵێ. مەگەر خۆی براوە و سەرکەوتوو نییە؟ کەواتە ئەدی بۆچیی لەقوژبنێکدا هەڵکورماوە و دوو لێوە ناکات؟ بۆچی تاس بردوویەتییەوە؟ بۆچی ڕەنگی پێ نەماوە؟ تەماشاکەن چۆن لە مۆمەکانی سەر کێکەکەی دەنۆڕێت. چل ساڵ لە ژیانی لەوێدایە. لە دڵی خۆیدا گوتی:" هێندە بەسە کە زار هەڵبێنمەوە و بکەومە هاوار."

ژنەکەی گوتی:" بەرزتر.. بەزەوقتر."

کاک هاشمیی گوتی:" وەرن با هەڵپەڕین. وەرن باپێکەوە گۆرانیی بڵێین."

هەمووان دەستیان بە گۆرانی چڕین کرد. یەك دەنگ، لە قوڵایی دڵەوە.

کاک عەزیزیی هێزی دایە بەر قوڕگی.

ژنەکەی گوتی:" چیتە؟ بۆ وا دەمت داچەقاندووە؟"

هاوڕێیان لەپاڵ یەکدا هەستی ئارامیی دایگرتبوون. کاک هاشمیی پەرداخەکەی خستبووە سەر نێوچەوانی و شانی هەڵدەتەکاند. چەند کەسێك لەبەر دەست و پێیدا، لەبن دیوارەکاندا، هەڵتروشکابوون. کەسێك وەزعی خەراپ و لەسەر دەستشۆرەکە دەڕشایەوە.

کەسێك گوتی:" قوربان.. وەزعتان باش نییە؟"

کاک عەزیزیی تەماشای کرد.

کاک ئەنوەریی گوتی:" چەپڵە لێدەن. چەپڵە.. چەپڵە."

شیرین خانم گوتی:" حەزدەکەن بچینە دەرێ پیاسەیەك بکەین؟"

کاک عەزیزیی لێی وردبۆوە.

ژنەکەی گوتی:" عەزیزەکەم، چاکترە دانیشیت."

کاک عەزیزیی سەیری کرد و خۆی بینی هەمدیس لەسەر جێگاکەیەتی. لەسەر قەنەفەکە. ژێر ملی نەرم و فێنك بوو. قاچی لەژێر مێزەکەدا ڕاکێشا و پێڵاوەکانی لەپێ داکەند. پەنجەکانی پای تەقاند و مێخەکە ئێشاوەکەی بەقاچی مێزەکەدا هێنا. دەسکی قەنەفەکە چاوەڕێی دەستەکانی بوون و کێکی لەدایك بوونی کاک حەیدەریی لەبن ددانیدا، هەمان تامی جارانی هەبوو.

❋

## 4

چ چرایەکی بێ تینە! تەنها خۆی و مێشوولەکانی دەوروبەری ڕوناك دەکاتەوە. سەرمامە، وەك بڵێی ئەم بەفرەی کە بەدرێژایی شەو ئاوها لێکدا لێکدا باریوە، لەسەر دڵم نیشتبێ. هێشتا ئەم دەستانە دەیانەوێ گەرم دابێن، ئەم دەستە پیر و پەککەوتانە.

سەعات نۆی ڕێکە.

ئەمڕۆیش تەواو. سوپاس بۆ خودا ئەمڕۆیش تەواو بوو، ڕۆژێکی خۆش نەبوو، ڕۆژێکی درێژ و سارد و تاریك بوو. هیچ شتێك تێیدا ڕوینەدا. پێویستە تا هاوین ئارام بگیرێ. هەتاو هەمدیس گەنجم دەکاتەوە. لانی کەم قاچ ئێشەکەم کەمتر دەبێتەوە. شەش مانگ چ نییە، ئارام دەگرم. گەر بڕیاربێ شتێ ڕوبدات، ئەوا لە هاویندا ڕوودەدات، دڵنیام.

هەڵدەستمە سەر پا، سفرەی شێو لەپاڵ دیوارەکە و لەنزیك زۆپاکەدا ڕادەخەم. قاپێك، پەرداخێك، کەوچکێك، جامێ ماست. قابلەمەیەك کە برنجی نیوەڕۆی

تێداماوە. هەموویان ڕیز دەکەم. هێشتا زووە، سەعات نۆ برنجەکە دەخەمە سەر زۆپاکە تا گەرم بێتەوە. نۆو دە دەقیقە شێو دەکەم، سەعات (دە) دەچمە ناو جێگا و ئارام دەگرم تا خەوم لێدەکەوێ.

تۆزێك ماست دەکەمە پەرداخەکەوە، تامی دەکەم.. تامی خۆشە. نیوەی هەڵدەگرم بۆ دوایی.

عەزیزیی پرسی: "کام دوایی؟"

جەلیلیی گوتی:" گوو بە قەبری باوکی دوایی. گەر قسەیەکت هەیە، ئێستا بیلێ!"

ئەنوەریی گوتی:" مرۆڤ دەبێ ورەی هەبێت. دەبێ پێبکەنێ، دەبێ بەڕێگەدا بڕواو بەخۆی بلێ: بەهـ بەهـ چەند بەختەوەرم!"

بەڵام ئیتر خۆیشی باوەڕی بەوە نەمابوو. ئیتر پێنەدەکەنی و لەبارەی ئەو بەختەوەرییەوە نەدەدوا. دەشێ ئەگەر کاك مەهدویی لەگەڵ تەڵعەت خانمدا نەڕۆیشتبا، ئەوا هەموو شتەکان جۆرێکی تربان.. دەشێ گەر ئەو میوانە ناوەختە نەهاتبا! بەراستی باوەڕی بە بەختەوەری هێنابا.

گوتم:" مەهدەویی گیان. چارەی ئەنوەریی چییە؟ بەبێ تۆ دیق دەکا، ئێوە هەردووکتان پێکەوە گەورە بوون، پێکەوە ژیاون، پێکەوە بوونەتە یەك.. هیچ کەس تا ئێستا هیچ کامتانی بێ ئەویترتان نەدیوە. وا ئێستایش دەتەوێ جێی بهێڵیت و بڕۆیت.. چۆن دەبێ؟ شتی وامەکە، ئەویش لەگەڵ خۆتا ببە. ژنەکەت قاییل کە!"

تەڵعەت خانم لە حەوشە ڕاوەستابوو، سەری دەگەیشتە دەرگاکە. لەدرەختی ئیمامزادە قاسم دەچوو. سامناکو کەتە و دێرین. (با) قژە سورباوەکەی بەملاولادا

هەڵدەدایەوە. گەرمایی ئاژەڵێك لە جەستەیەوە دەهاتە دەرەوە. بۆنی مەڕ لە پێستییەوە دەهات، بۆنی شیری تازە و پشقل، بۆنی کوچە باخەکانی گوند.

گوتم:" تەڵعەت خانم بهێڵە با یارمەتیت بدەم، بەتەنها ناتوانیت!" دەستی لابردم و شەقێکی لەپێم هەڵدا. فەرشی ژوورەکەی ئەنوەریی نابووە سەر سەرو بەرەو حەوشەی دەبرد. قەنەفە و کورسییەکانی بە دەوری حەوزەکەدا هەڵچنیبوون. گوتبووی:" هەرچییەك لەم ماڵەدایە، لەمەولا هی مەهدەوییە.. هی خۆمە!"

کاك مەهدەویی لەسەر کورسی لای حەوزەکە دانیشتبوو. ڕەنگ پەڕیو و خەمبار، واقوڕماو و دەستەپاچە، دەستی خستبووە سەر ئەژنۆ و سەری داگرتبوو، لێوە لەرەی پێکەوتبوو. تەڵعەت خانم خزمەتی دەکرد، شەربەتی بۆ دروست کردبوو، هێور هێور نازی دەکێشا، بەدەوریدا هەڵدەسوڕا و مێشی لەدەم و چاوی دەردەکرد.

گوتم:" تەڵعەت خانم، ڕێگە بدە با کاك ئەنوەرییش لە گەڵتان بێت."

دانەویبۆوە و قەیتانی پێڵاوەکانی کاك مەهدەویی گرێدەدا. وەڵامی نەدامەوە.

ئەنوەریی باوەڕی نەدەکرد. لەناوەڕاستی هۆدەکەدا دانیشتبوو. تەماشای جانتاکەی مەهدەویی دەکرد. قسەی نەدەکرد. حەوسەڵەی نەبوو. هەناسەشی نەدەدا. لەبونیامێکی خەوێنراو دەچوو.

گوتم:" ئەنوەریی گیان، بیری لێ مەکەوە، خۆ دونیا ئاخیر نەبووە!"

سەری هەڵبڕی. تەماشای کردم. گوتی:" دەڵە دێوە هات و هاوڕێکەمانی ڕفاند. چەند سوك و ئاسانیش ڕفاندی!"

بۆچی بیر لەم شتانە دەکەمەوە؟ ئێستا دەبوو نووستبام. لەوێنەکەی ئەنوەریی بەدیوارەکەوە، دەنۆڕم. لەنێو هاوڕێیاندا ڕاوەستاوە. پا یەك لەهەمووان لەپێشتر. بە تیلەی چاو تەماشای مۆمەکانی سەر کێکی لەدایك بوونەکەی دەکات. شیرین خانم سەری داخستووە، پەنجە تووتەی لەدەمیدایە. عەزیزیشی تێدایە. لە سوچێکی وێنەکەدا ڕاوەستاوە، نیوەی زیاتری ڕوخساری دیار نییە. دەشێ تۆزو خۆڵی لەسەر نیشتبێ. دەشێ هەتاو کاڵی کردبێتەوە. نازانم .. وێنەیەکی کۆنە.

دوو دانە مشکی زل سەریان لە ناوەڕاستی قەنەفەکەوە هێناوەتە دەرێ. چەند دانەیەکی تریشن، شەوانە زۆر دەبن. هەموو شتێکیان کرۆژتووە، قەنەفەکان، دامێنی پەردەکان، قەراغی متیلەکان، دەوراندەوری پێڵاوەکانم. بە کەوچك بەسەریاندا دەماڵم، کەچی تەماشام دەکەن. ئیتر لە هیچ شتێك ناترسن. تەنانەت لەو کەوچکەش ناترسن کەبەر سەریان دەکەوێ و لەو پێڵاوەیش ناترسن کە تێیان دەگیرێ.

حەز دەکەم بچمە دەرێ بۆسەر شۆستەکە. تەنانەت ئەگەر بەفریش بباریێ. تەنانەت ئەگەر سەرماش سەختو کوشندە بێت. جاران ماڵمان هەبوو، باخچەیەکیشی تێدابوو. لەگەڵ ئەنوەرییدا دراوسێ بووین.

لەسەربان دەنووستین و لە دوورەوە قسەمان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. چاوەڕێی کاك مەهدەویی دەکرد. هەموو شەوێ جێگەکەی ئەوی دادەخست و سەهۆڵاوی لەژوور سەرینەکەیدا بۆ دادەنا. دەیگوت:" هەمدیس دەگەڕێتەوە. دڵنیام. ئەمڕۆ و سبەی سەرو کەللەی پەیدا دەبێتەوە."

چووین بۆ ویستگەی شەمەندەفەر. نامەی ناردبوو کە دێت. ئەنوەریی گوتی: " بینیت؟ نەمگوت؟" بەدرێژایی شەو خەو نەچووە چاوانی. بێ هیچ پاساوێك بانگی دەکردم و خۆیشی نەیدەزانی چیی دەوێ. بەرەبەیان هەستابوو. حەوشەکەی ئاوڕشێن کردبوو. گوڵی کردبووە گوڵدانەکانەوە و چاوی لە کاتژمێرەکە نەتروکاندبوو.

حەیدەریی گوتی:" چیتە؟ ئارام بگرە تا قیتارەکە ڕادەوەستێ. دەبیت بەژێرەوە.. وەرە ئەملاوە!"

عەزیزیی گوتی:" ئارام بگرە.. تا دەرگای قیتارەکە دەکرێتەوە."

ئەنوەریی پێکەنی و ئەو چەپکە گوڵەی بۆنکرد کە بۆ کاك مەهدەویی هێنابوو. چاوانی پرشنگیان دەدا.. پرسی:" لەم دەرگایەوە دادەبەزێ؟ وایە؟"

چاومان بە تەڵعەت خانم کەوت. بەقژی بژو سوورباو و پێڵاوە پیاوانەکانییەوە.

گوتی:" من لەباتی ئەو هاتم. لەبەرئەوەی ئەو پیاوی ئەوە نییە پێتان بوێرێ."

بازیداو یەخەی کاك حەیدەریی گرت. پارەی مێردەکەی لێی دەویستەوە. ویستمان نەهێڵین، بەڵام نەمانتوانی. پاڵی پێوەناین و زریکاندی. بۆکسێکی بەورگی کاك حەیدەریی دا کێشا و دەستی بادا.

ئەنوەریی بەچەپکە گوڵەکەیەوە، لەودیو دوکانۆکەی بنێشت فرۆشێکدا وەستابوو، بەدزییەوە سەرەتاتکێی دەکرد.

لەترسا هەڵدەلەرزی. گوتی:" حەزرەتی عەبباس، هەر ئێستا دێتە وێزەم!" شەو لەسەربانەوە سەیرم دەکرد، تەڵعەت خانم لەسەر قەرەوێڵەکەی کاك مەهدەویی نوستبوو. پا ی لە دۆشەکەکەوە هێنابووە دەرێ، گەرمای بوو. جێی بەخۆی

نەدەگرت. خۆی دەخوراند. ئەنوەریی لای قالدرمەکانی سەربانەوە هەلترشکابوو. لەگەڵ هەر پرخەیەکی تەڵعەت خانم دا لە جێگاکەی ڕادەپەڕی و ڕایدەکرد.

گوتم:" حەیدەریی گیان، باشترە پارەی مێردەکەی بدەیتەوە و بڕوات."

گوتی:" خەتای منە کە هەمیشە خەمی ئایندەی ئێوەمە. پارەکانتانم خستۆتە بانکەوە. دوو ساڵی تر دەبێتە دوو قات. دەساڵی تر دەبێتە سێ قات. بیست ساڵی تر دەبێتە چوار قات. سەد ساڵی تر دەبێتە دە قات. حیسابی بانقیی ژمارە شەش سەد و سی و یەك، بیری لێ بکەنەوە.. هەمیشە لەزیادبووندایە."

تەڵعەت خانم گوتی:" ئەم سەگی سەگبابە، کلاوی ناوەتە سەری هەمووتان. بەقسەی مەکەن."

لەماڵی ئەنوەریی بووین. کەنگێ بوو؟ هاوینی دوایی یان هاوینی دواتر. بیرم نییە. بە دەوری قەرەوێڵەکەیدا دانیشتبووین. دوو مانگ بوو نەخۆش کەوتبوو. هەرچیمان بۆ دەکرد بێسوود بوو. هاشمیی لە ئاوە کۆڵاتەکانی ماڵەوەی هێنابوو.

گوتی:" ئەمە بخۆرەوە باش دەبیت، تاکەت نامێنێ."

حەیدەریی گوتی:" چۆنە جواب بۆ مەهدەویی بنێرین؟ ئەنوەریی لە خەفەتی ئەو وای لێ بەسەر هاتووە."

عەزیزی گوتی:" هەڵیگرین و بیبەین بۆ گورگان."

سەری ئەنوەریی لەسەر باسکی من بوو. ملیم نابووە سەر باسکم و کەوچك کەوچك ئاو کولاتەکەی هاشمییم بە دەمییەوە دەکرد.

لەحەیدەرییم ڕووانی. بینیم ڕەنگ بە ڕوخسارییەوە نەماوە. دەمی داچەقاندبوو، ئاورِم دایەوە. بینیم تەڵعەت خانم تەپ و تۆزاویی، بەجانتا مقەبابییە شڕەکەیەوە

لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە. شەکەت و هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. ئەنوەریی سەری هەڵبڕیی و ئاوە کوڵاتەکانی ڕشاندەوە. پەڕییە قوژبنێکی قەرەوێڵەکە و لێفەکەی بەخۆیەوە نووساند.

گوتی:" خۆم دەمزانی، خۆیەتی، هاتووە ڕۆحم بکێشێ."

هاشمیی گوتی:" تەڵعەت خانم، وازی لێبێنە.. ئێمە ئاگامان لێیەتی."

عەزیزیی گوتی:" دختۆرمان هێناوەتە سەر، هیچی نییە."

ئەنوەریی دەپاڕایەوە:" بە تەنها لەتەکیدا جێم مەهێڵن، بەقسەی مەکەن!"

چەرچەفەکەی ئاڵاندبوو لە خۆیەوە و لچی دەلەرزی. نیوە بەرزبوونەوەیەك بەرزبۆوە و واق وڕماو بەدوای پێڵاوەکانیدا دەگەڕا. گوتی:" مەڕۆن، توو خودا مەڕۆن!"

ویستمان بمێنینەوە، ویستمان جێی نەهێڵین، بەڵام نەمانتوانی.. تەڵعەت خانم هەمووومانی کردە دەرەوە و دەرگاکەی لەم دیوەوە لەسەر داخستین. دەمە و ئێوارە گەڕاینەوە، لە پەنجەرەی کانزایی پەنجەرەکەوە کەوتینە تەماشاکردن.

عەزیزیی پرسیی:" مەنجەڵێك ئاوی کوڵاوی بۆچییە؟"

حەیدەریی گوتی:" هاتووە ئەنوەریی بخوات!"

ئەنوەریی هێور هێور دەگریا، چاوی لە مەنجەڵە ئاوە لەکوڵەکە نەدەتروکاند، لاڵە پەتێ قسانی دەکرد و لەسەر قەرەوێڵەکەی گرمۆڵە ببوو. هەڵمی ئاوەکە لەسەر ڕوخساری نیشتبوو.

عەزیزیی گوتی:" واچاکە بڕۆین نەهێڵین!"

تەڵعەت خانم داوای خاولی کرد. لەودیو دەرگاکەوە دامانێ و بەپەلە ڕامان کردەوە شوێنەکانی خۆمان لەودیو پەنجەرەکە.

حەیدەریی گوتی:" تا ڕۆحی ئەنوەریی نەکێشێت واز ناهێنێت!"

گوتم:" تەڵعەت خانم، ڕێگەم بدە با من بێمە ژوورەوە."

وەڵامی نەدامەوە، خەریکی ئیشی خۆی بوو.

ئارەقە بە ڕوخساریدا چۆڕاوگەی بەستبوو. دەمارێکی ئەستوور توند لە لای ملییەوە لێیدەدا، وەك ئەسپێکی شەکەت هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، هەڵمێکی چڕ لەکونە کەپوویەوە دەهاتە دەرەوە.

عەزیزیی گوتی:" خەریکە ئەنوەریی ڕووت دەکاتەوە."

حەیدەریی گوتی:" خۆزیا خەبەرمان بە پۆلیس دابا!"

ئەنوەریی دەرەلنگی پانتۆڵەکەی گرتبوو، دەیقیژاند.

دانیشتین بۆ سەیر. تەڵعەت خانم خاولییەکانی لە مەنجەڵەکە دەردەهێنا. دەیگوشین. دەیدان بەسەر ئەنوەریدا. ئەنوەریی دەیقیژاند و بانگی مەهدەویی دەکرد، جارێکیش لە حەژمەتا هەستایە سەر پا و ویستی ڕاکات، تا دەم دەرگاکەش هات، بەڵام تەڵعەت خانم ناوقەدی گرت و فڕێیدایەوە سەر قەرەوێڵەکەی.

هاشمیی گوتی:" ئەوە چ دەکا بە قوڕگیا؟"

حەیدەریی گوتی:" ژەهری مار!"

عەزیزیی گوتی:" خەریکە دەیکوژێ."

حەیدەریی گوتی:" شکات دەکەم، هەموو ئەم شتانە دەکەمە ڕاپۆرت."

ئەنوەریی هێدی هێدی تەسلیم ببوو، لە پەل و پۆ کەوتبوو، دەمەو ڕوو لەسەر قەرەوێڵەکە کەوتبوو، دەنگی دەرنەدەهات.

تەڵعەت خانم خاولییەکانی کۆکردنەوە. مەنجەڵەکەی لەپاڵ دیوارەکەدا دانا. ئەنوەریی، توندو تۆڵ لەدوو دانە بەتانییەوە پێچاو کردی بەژێر لێفەکەوە و سەریشی بەلەچکێك بەست. ئیدی لەپاڵ قەرەوێڵەکەدا دانیشت و ئارامی گرت تا خەوی لێکەوت.

بەیانی زوو گەڕاینەوە.. عەزیزیی گوتی:" تەڵعەت خانم، هەستە بڕۆ بنوو."

تەڵعەت خانم بەدیار ئەنوەرییەوە دانیشتبوو. ئارەقەی ڕوخساری دەسڕی. ژێر چاوانی ڕەش داگەڕابوو. گوتی:" ئادەی جگەرەیەکم بدەنێ!"

سبەی ئێوارەکەی گەڕاینەوە. ڕێی نەداین بچینە ژوورەوە. سینیە خواردنەکەیان لەودیو دەرگاکەوە بۆ داناو ڕۆیشتین.

حەیدەریی گوتی:" ئەنوەریی مردووە.. دڵنیام."

دوو سبەی ئێوارەکەی هاتینەوە. گوتی:" چییە؟ چیتانە؟ بۆچی هەموو ڕۆژێك بۆ ئێرە دێن؟"

حەیدەریی بە گوێیدا چرپاندین: "بۆنی تەرم دێت!"

هەفتەیەك ئارامان گرت. ئیدی ئۆقرەمان لێبڕا.

حەیدەریی گوتی:" دوێنێ سەرێکمدا، ئەرزی باخچەکە هەڵاوسابوو. هەر لەوێدا لەچاڵی ناوە."

ڕۆژێکی تریش ئاراممان گرت و ئیدی بە کۆمەڵ ڕۆیشتین. دەرگای ژوورەکە کرابۆوە.. ئەنوەریی لەناوەڕاستی قەرەوێڵەکەدا دانیشتبوو.. هێور هێور قومی لەچا دەدا.. هێشتا لەچکەکەی لەسەر نەکردبۆوە.. "تا" کەی نەمابوو.

هاشمیی گوتی:" تەڵعەت خانم ماندوو نەبیت. پەلەت چییە مەڕۆ!"

عەزیزیی گوتی:" لێرە بمێنەوە.. ئیسراحەت کە!"

جانتاکەی لەولاوە لەپاڵ دەرگاکەدا دانابوو. هەر کە چاوی بەکاك حەیدەریی کەوت.. چاوی پەڕییە پشتی سەری. هەڵمەتی بۆ برد و گوتی:" ڕاوەستە ببینم سەگباب، ئیشم پێتە!"

تەڵعەت خانم .. جەنابی سەرهەنگ .. ژنێکی میهرەبان بوو، لەوێنەی بوکێنییەکەی دەنۆڕم کە هێشتا بە دیوارەکەوەیە. تاریکە و تۆزو خۆڵی لەسەر نیشتووە.. ئەنوەریی و من و مەهدەویی و هاشمیی لەپاڵیا وەستاوین، چراکانی ژوور سەری کوژاونەتەوە.

ژنێکی میهرەبان بوو. حەزدەکەم سەری لێبدەم. حەزدەکەم نامەی بۆ بنووسم و ئەحواڵی بپرسم، دڵم هێشتا لە دووی زۆر شتە، زۆر شتی لەدەست چوو.

عەزیزیی گوتی:" خۆزیا لانی کەم چاومان دەما تا تەماشامان پێکریا، تەماشای ژیان."

هەڵدەستمە سەرپێ، ئاگری زۆپاکە زیاد دەکەم، قابلەمە برنجەکەی دەخەمە سەر. تەباخەکە دادەگیرسێنم. دەسکی تاوەکەم شکاوە. چەند ڕۆژێکی تر دەچم بۆ دەرەوە و شتی تازە دەکڕم. تاوەکە دەخەمە سەر تەباخەکە و دوو هێلکەی تێدەکەم. دادەنیشم و چاوەڕێ دەکەم. سبەی شەو خاوەن ماڵەکە بۆ نانی ئێوارە

داوەت دەکەم، یان سەرێك لەماڵی هاوسێکەم دەدەم، یاخود هەر لێرە دادەنیشم و مشکەکان دەژمێرم. دوێشەو یانزە دانە بوون. یەکێکیانم گرت و خستمە ناو زۆپاکە. ئەمشەو یارییەکی تر دەکەم، یارییەکی خۆشتر. حەیدەریی دەیگوت: "بونیام دەبێ هەمیشە یارییەکی هەبێ سەری خۆی پێ گەرم کات. بونیام دەبێ هەمیشە پێبکەنێ و بڵێ: بەهـ بەهـ .. چەند بەختەوەرم!"

❋

## 5

کاك ئەنوەریی بە وریاییەوە جانتاکەی خستە سەر سەرو دەستی بۆ کاك هاشمیی و حەیدەریی و عەزیزیی و شیرین خانم ڕاوەشاند کە لای پەنجەرەی قیتارەکەوە ڕاوەستابوون. سوپاسی هەموویانی کرد. لە دوورەوە کلیلی جانتاکەی کە بەدەرزی کردبوو بەیەخەی چاکەتەکەیەوە، پیشانی کاك حەیدەریی دا و بەدەست تێی گەیاند: خەمی نەبێت. ئەو مریشکەی کە شیرین خانم دابوویە تا بۆ کاك مەهدەویی بەرێت، لە قیتارەکەدا و لەژێر کورسییەکەی خۆیدا داینا. لەموسافیرەکانی ڕوانی و پێکەنی. پرسی: "بۆچی قیتارەکە بەڕێ ناکەوێ؟"

کەس وەڵامی نەدایەوە.

دانیشت، ئەو گوڵە شەمدانییەی لەسەر ئەژنۆی دانا کە کاك هاشمیی بۆی هێنابوو. چاوە گوماناوییەکانی لێکنا. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و لەدڵی خۆیدا گوتی:" دواجار کەوتمە ڕێ، خەریکە ڕۆیشتنەکەم دەبێ بەڕاست!"

هێشتا ئەخیر ڕۆژی لەبیر بوو کە کاك مەهدەویی سەری لە جامی ترۆمبیلەکەوە هێنایە دەرێ و گوتی:" تۆیش وەرە، هەر ئەمشەو لەدوای ئێمەوە بکەوە ڕێ."

نەیدەویست سواری ترومبێلەکە بێت، تەڵعەت خانم پشت ملی گرت و ڕایکێشایە ناو ترومبێلەکە.

هاوڕێیان گوتبوویان:" ئەنوەریی گیان.. خۆ (گورگان) لەوپەڕی دونیا نییە. هەرکاتێ بتەوێ دەتوانیت بچیت بۆ لای." کاک ئەنوەریی ڕووی وەرگێڕابوو. سەری داخستبوو. هاوڕێیان بینیبوویان کە چەناگەی دەلەرزێ. چوو بۆوە ماڵێ، دەرگاکەی بەیەکدا دابوو، گوێیان لێببوو کە بە لەقە بەدیوارەکاندا ماڵیبووی. ئینجانەکانیشی شکاندبوو. لاولاوە سەوزەکانی لەبنەوە هەڵکێشابوون، گوێیان لێی ببوو کە گریابوو.

کاک ئەنوەریی گوتبوی:" ئیتر بەبێ مەهدەویی گیان لەم ماڵەدا ئیدارە ناکەم. سبەینێ بەڕێ دەکەوم و دەڕۆم."

بەڵام نەڕۆیشتبوو.. دوو ڕۆژ دوای ئەوەیش هەر نەڕۆیشتبوو. هەفتە و مانگ و ساڵی دواتریش هەر نەڕۆیشتبوو. جیاوازی چ بوو؟ حەوت ڕۆژ یاخود حەوت ساڵ؟ ئاخرییەکەی هەر بە ڕێ کەوتبوو.

کاک حەیدەریی لەجامی قیتارەکەی دەدا. شتێکی دەگوت کە نەیدەویست موسافیرەکان گوێیان لێ بێ.

کاک ئەنوەریی ئینجانەی گوڵە شەمدانییەکەی لای مریشکەکەوە لەنێو قیتارەکەدا دانا. هەستایە سەرپا. دەسکی پەنجەرەکەی گرت و ڕایکێشا. نەدەکرایەوە، توندتر ڕایکێشا، هەر نەکرایەوە. بە هەردوو دەست ڕایکێشا. بێسوود بوو.

موسافیرەکان سەیریان دەکرد.

پرسی: "چۆن دەکرێتەوە؟"
ئەو پیاوەی کە لای پەنجەرەکەوە بوو گوتی:" ناکرێتەوە!"
کاك ئەنوەریی پرسی:" ناکرێتەوە؟" وای گوت و ئاماژەی بۆ کاك حەیدەریی کرد کە ناکرێتەوە.

دانیشت.. پرسی:" چ بووە؟ شتێك ڕوویداوە؟ بۆ قیتارەکە بەڕێ ناکەوێت؟"
ژنەکەی تەنیشتی گوتی:" قوربان، ئەم مریشك و ئینجانەیە ڕێگەیان گرتووە. وا نابێت!"

کاك ئەنوەریی گوتی:" بەڵێ وایە." وای گوت و بە پەلە مریشك و ئینجانەکەی لابرد و خستنیە بن هەنگڵی. لەموسافیرەکانی ڕووانی، پێکەنی. خۆشحاڵ بوو کە لەلای پەنجەرەکەوەیە، خۆشحاڵ بوو کە دەتوانێ سەیری هەموو شتێك بکات، خۆشحاڵ بوو کە دەتوانێ هەموو شتێك ببینێ، درەختەکان بژمێرێ، ناوی مەغازە و شەقامەکان بخوێنێتەوە. حەزی دەکرد خۆی بناسێنێ و لەناوی هاوسەفەرەکانی بپرسێ، حەزی دەکرد بڵێ: چەند بەختەوەرم! حەزی دەکرد بڵێ کە چەند بەکەیف و دەستەپاچەم، حەزی دەکرد بدوێ، حەزی دەکرد لەبارەی کەش و هەواوە بئاخڤێ، حەزی دەکرد لەبارەی بەرفراوان بوونی هۆیەکانی هات و چۆوە بئاخڤێ، لەبارەی ئەو پیاوەوە بدوێ  کە ژنەکەی خۆی بە چەقۆ کوشتووە، لەبارەی خەڵاتە گەورەکانی کۆمپانیای هەمیشە گەوهەرەوە بدوێ، لەبارەی نرخی زەوی و زارەکانی عەلی ئابادەوە، لەبارەی خەونە سەیرو سەمەرەکانییەوە، لەبارەی ژانە زگە سەیرەکانییەوە، لەبارەی شەوانی دڵتەنگی و تەنیاییەوە، لەبارەی دڵتەنگییەوە بۆ کاك مەهدەویی، لەبارەی ترس و نیگەرانییەکانیەوە، لەبارەی خۆیەوە.

حەزیدەکرد شتی تریش بڵێ. بەڵام ژنەکەی تەنیشتی نێوچەوانی گرژکردبوو، نووکی شیشی چنینەکەی بەشێوەیەکی ترسناك تیژبوو، کچەکەیشی لەولاترەوە دانیشتبوو، هێواش هێواش فووی دەکرد بە میزەڵانێکی زل دا کە وەك توێکڵە پیاز تەنك ببۆوە.

کاك ئەنوەریی گوتی:" کچەکە گیان بەسە، هەر ئێستا دەتەقێ!"

ژنەکە بەلاچاو سەیری کرد، هەرچی چنیبوو هەڵوەشایەوە و ڕیسەکەی بۆوە بەخوریی. کاك ئەنوەریی سەری داخست و پژمینەکەی قووت دایەوە. مریشکەکەی شیرین خانم دەیگاراند و دەنووکی لەخاڵە ڕەشەکانی بۆیباخەکەی دەدا.

ئەو پیاوەی کە خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو، چاوێکی لە گۆشەی ڕۆژنامەکە هەڵبڕی و لە کاك ئەنوەریی وردبۆوە.

کاك ئەنوەریی بەترسەوە سەیری ئەو چاوە ڕەشانەی کرد کە لەم وردببوونەوە و خێرا گوتی: "سەلامون عەلەیکوم.. تەندروستیان چۆنە؟"

میزەڵانەکە تەقی.

کاك ئەنوەریی لەجێگەکەی خۆی ڕاچڵەکی، ئینجانەکە قلْپ بۆوە و بە حەواوە گرتییەوە. توند سەری مریشکەکەی گرت کە کەوتبووە باڵەکوتێ. خێسەیەکی لەکچەکە کرد.

ژنەکە گوتی:" چییە؟ چ بووە؟ میزەڵانی خۆیەتی."

کاك ئەنوەریی خۆی کۆکردەوە. زەردەخەنەیەکی هاتێ. سەری لەقاند و لەنووکی کەوشەکانی وردبۆوە.

پیاوەکەی تەنیشتی گوتی:" نەخێر، ئەمڕۆیش بەڕێ ناکەوین!"

ژنەکە گوتی:" جارِ بە جەهەننەم. خۆ لەمە خراپتر نابێ!"

قیتارەکە بیست دەقیقە لە وادەی خۆی دواکەوتبوو.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" سەفەر شتێکی پێویست نییە، هەم بەخەسارداني پولّ و هەم بەخەسارداني کاتیشە!"

شیرین خانم گوتبووی:" برۆ، بێگومان برۆ.. خەمی هیچیانت نەبێ!"

کاك هاشمیی گوتبووی:" هەرچی خودا بیەوێ، هەر ئەوەیە."

قیتارەکە فیکاندی و کەوتەرێ. کاك ئەنوەریی سەری هەڵبڕیی و پرسی: "خەریکین دەڕۆین؟"

ژنەکە گوتی:" خودا دەیزانێ."

کاك ئەنوەریی لە شووشەی قیتارەکەوە دەستی بۆ هاوڕێیان ڕاوەشاند. مریشکەکەی شیرین خانمی بەخۆیەوە گوشی، بەمیهرەبانییەوە سەیری کیژەکەی کرد کە دووبارە خەریکی فووتێکردنی میزەڵانێکی تر بوو. دوا وێنەی کاك مەهدەویی و تەڵعەت خانمی لە گیرفانیدا دەرهێنا، تەماشای کرد. کاك مەهدەویی قەڵەوتر ببوو، کەچەڵ تر، پیر تر. لەخۆی نەدەچوو، وەك بڵێی ددانەکانی کەوتبن. کەپوویشی پانتر ببوو، ملی کورتتر، دەنگیشی لە تەلەفۆن دا نامۆ و غەوواره. دەسخەتەکەیشی گۆڕابوو، وردتر و ناخۆش. لەگەڵ ئەوانەشدا هێشتا هەر خۆی بوو، کاك مەهدەویی جاران بوو. سێ ئەلبوم وێنەی کاك مەهدەویی هەبوو، وێنەی منداڵیی، وێنەی جحێڵیی و وێنەی ژن هێنان. لەهەموو وێنەکانی منداڵیدا پێکەوە بوون. وەك دوو ماسیی قەڵەو و خڕن پێکەوە بوون، ڕووتەڵەو قژ لوول، دەست لەنێو دەستی یەکتردا، سەریان لەسەر شانی یەکتر. پێکەوە لەپۆلی شەشی

سەرەتایی و دووی ناوەندی دا ڕاسب ببوون. لەپۆلی سێی ناوەندیدا هەردووکیان تێکڕای نمرەکانیان یانزەو لە وەرزشیشدا سفریان وەرگرتبوو. لە وێنەکانی گەنجیشدا هەر پێکەوە بوون، بە سمێڵی گووگرە و کاکۆڵی لارو قژی چەورەوە، بە کەوشی قەیتاندارو چاکەت و پانتۆڵی مورەبەعاتەوە.

کاک حەیدەریی هەموو جارێك دەیگوت:" ئەم دووانە ئەمەندە پێکەوە بوون، ڕەنگی یەکتریان گرتووە، وەك یەك دەئاخڤن، وەك یەك بەرێگەدا دەڕۆن، وەك یەك پێدەکەنن، پێکەوە تایان لێ دێت، پێکەوە چاك دەبنەوە. دوو دانە بەرخی چاك و بەوەفان.. خودا بیانپارێزێ!"

وێنەیەکی تریشی پێبوو، دەریهێنا، تەماشای کرد. تەڵعەت خانم چکۆڵەترین فەرقی نەکردبوو. هەمان کەزی و پرچی سورباوو بڤ، هەمان چاوانی ڕەشی بێ پەروا، هەمان گەردنی بەرزو هەمان دگانی سپی.

ناویان نابوو جەنابی سەرهەنگ و دەیانزانی کە لە کاك مەهدەویی دەدا. جارێکیشیان سەری حەسحەسەکەی گەڕەکی شکاندبوو، جارێکی تریش پێ لەقەیەکی توندی کێشابوو بەکاك حەیدەریی دا. کەچی کاك حەیدەریی هەموو جارێك دەیگوت:" ئەم ژنە بەکەڵکە، خەممان دەخوات، قەڵغانی دەردو بەڵایە. دارو نەداری مەهدەوییە میهرەبانەکەمان لەچاوی ئەم ژنە بناسن. ماڵیی، پلەوپایەی، ناوبانگی کۆمەڵایەتیی، ئابڕووی، پیاڵە زیوییەکانی."

تەڵعەت خانم لە بانیژەکە دادەنیشت و مووی قاچی هەڵدەگرت، چوار دەوری پەنجەرەکانی پڕ دەکرد لە بەهێ و توێکڵە پرتەقاڵ تا بۆنی ژوورەکەی خۆش بێ. سواری جێب دەبوو، جنێوی بە هەمووان دەدا، بەڵام ژنێکی میهرەبان بوو. گۆرانی

دەگوت و دەنگێکی خۆشی پێوە بوو. ڕۆژانێکیش بێدەنگیی هوروژمی بۆ دەهێنا، قسەی نەدەکردو هێور هێور دەگریا. کاتێك چاوی بە منالێك دەکەوت، کاتێك ژنێکی دوو گیانی دەبینی، کاتێ گوێی بۆ ڕازو نیازی ژنە جل شۆرەکەی کاك عەلی بلیت فرۆش ڕادەدێرا، هێور هێور لەبەر خۆیەوە دەگریا.

موسافیرەکانی ژمارد.

کاك ئەنوەریی بە پەلە پرسی:" کەنگێ دەگەین؟"

مەئمووری قیتارەکە شانی هەڵتەکاند و لە موسافیرەکانی ڕووانی. پرسی: "ئەمە چییە؟"

کاك ئەنوەریی گوتی:" مریشکە. فەرموو سەیرکەن. هیچی پانتۆڵەکەمی نەهێشتووە."

مەئمورەکە گوتی:" دەبێت هەمووتان دابەزن!"

کاك ئەنوەریی بە ترسەوە لە موسافیرەکانی ڕووانی و پرسی:" چ بووە؟"

مەئمورەکە گوتی:" یاڵڵا. خێراکەن!"

کاك ئەنوەریی مریشك و ئینجانەکەی نایە بن هەنگڵی و بەدوای موسافیرەکاندا کەوتەڕێ.. کەس لە ڕاڕاوەکەدا نەبوو. لەواگۆنەکەی ئەملاوە دەنگی هەراو زەناو دەمەقاڵێ دەهات. دەنگی وتارێك کە لە رادیۆوە دەخوێنرایەوەو دەنگی منالێك کە دەگریا.

مەئمورەکە نوشتابۆوە و ژێر کورسییەکانی دەپشکنی. جانتاکانی هەڵڕشتبوو.

کاك ئەنوەریی گوتی:" ئەمە جانتای منە." وای گوت و بە پەلە دەرگای واگۆنەکەی کردەوە.

مەئموورەکە پرسی:" چییە؟"

موسافیرەکان لە دوورەوە وەستابوون. تەماشایان دەکرد. کاك ئەنوەریی مریشك و ئینجانەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا. لەسەر ئەژنۆ دانیشت و زنجیری جانتاکەی کردەوە.

مەئمورەکە دەستی لەقەراغی جانتاکەوە بۆ ناو جلەکانو پاشان بە هێواشیی، تاکو بنەوەی برد. دەستی راگرت. سەری هەڵبڕی. چاوی بڕییە چاوانی ئەنوەریی و پرسی: "ئەمە چییە؟"

موسافیرەکان زیاتر هاتنە پێش. سەریان بەسەر جانتاکەدا شۆڕکردەوە.

کاك ئەنوەریی گوتی:" گورزێك نامەیە، هینی هاوڕێیەکمە. هی کاك مەهدەوییە!"

مەئمورەکە، ئەو پەتەی پچڕاند کە نامەکانی پێ گرێدرابوو.

ژنەکە گوتی:" ئەدی گوناهی ئێمە چییە؟ تاکەی ماتڵ بین؟"

پیاوی لای دەرگاکە بەخانەگومانییەوە تەماشای کاك ئەنوەریی کرد.. شتێکی بەگوێی پیاوەکەی تەنیشتییدا چرپاند.

کاك ئەنوەریی دەستی — کە نەیدەزانی بۆ سڕو تەزیوە- بەدەم و چاوی خۆیدا هێناو هەوڵیدا ئارام بێ. دڵی قورسو ناهاوسەنگ بوو.

پیاوی لای دەرگاکە گوتی:" ئەی ئەمە چییە؟"

کاك ئەنوەریی گوتی:" جۆرێك هارمۆنیکایە. هی منالآنەیە. هی هەمان ئەو زاتەیە."

ژنەکە گوتی:" ئەی ئەمانە؟"

کاك ئەنوەریی گوتی:" ئەمانە ئەلبومن. ئەلبومی ڕەسمن. سەرنج بفەرموون. ئەمە کاك مەهدەوییە، ئەمە تەڵعەت خانمە، ئەمەش خۆمم. لەوێدا تەمەنم لە چوار ساڵ زیاتر نییە، سەریان تاشیوم."

مەئمورەکە گوتی:" من دەبێ ئەم نامانە ببەم."

کاك ئەنوەریی گوتی:" بۆچی؟"

ژنەکە گوتی:" قوربان گیان.. بەس نییە. چەنە چەن؟"

کاك ئەنوەریی دەستی رایەڵ کردو گۆشەی گورزە نامەکەی گرت. مەئمورەکە گەڕایەوە و تەماشای کاك ئەنوەریی کرد.

کاك ئەنوەریی دەستی داگرتە خوارەوە، کردی بەگیرفانیدا، دەری هێنایەوە و بەپەژارەوە سەری خوراند.

پرسی:" کەنگێ دەمدەنەوە؟"

مەئمورەکە گوتی:" دوایی!" وای گوت و کەوتەڕێ.

موسافیرەکان هەمدیس دانیشتنەوە. ژنەکە خرتکە و پرتکەکانی کۆکردنەوە. خستنیە جانتاکەی و لەژێر لێوەوە جنێوی دەدا.

کاك ئەنوەریی جانتاکەی داخست. لەجێگەی خۆی دانا. قایشەکەی توندکردەوە. بە پەلە قۆپچە کراوەکانی پانتۆڵەکەی داخستن و تەماشایەکی موسافیرەکانی کرد. هێور هێور برسێتیی تینی بۆ دەهێنا. بیر خۆی بردەوە. دانیشت و قاچی ڕاکێشا. گەرمای بوو. وڕەی بۆربرینگی قیتارەکە لەسەریدا دەنگی دەدایەوە. لەگەڵ هەر هەڵبەزینەوەیەکدا زگی دەکەوتە قۆڕە قۆڕ. زیاتر هەستی بە بەتاڵیی گەدەی دەکرد. بنی ئینجانەکە تەڕ بوو. نەیدەزانی چۆن چۆنی

داینێ کە پانتۆڵەکەی پیس نەکات. مریشکەکەی شیرین خانمیش دانەدەسەکنا و دەنووکی لە هەموو شتێك دەدا.

کچەکە میزەڵانەکەی پیشانی ئەنوەریی دا کە لەوەدا بوو بتەقێ. فووی زیاتری تێدەکرد.

کاك ئەنوەریی هەستی بەخۆی کرد کە خەریکە تووڕە دەبێ. بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و هەوڵیدا خۆشحاڵ بێت. لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئەمشەو پێکەوە دەبین. هیچی وای نەماوە." بیریکردەوە کە باشترین شتێك ئەوەیە فیکە بکێشێ. لێوی هێنایەوە یەك و لەخاڵێك وردبۆوە. فیکەی نەدەزانی. قەت فێریش نەبوو. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاك هاشمیی و حەیدەریی دا پەراوەی کردبوو. بەڵام هەر فێر نەببوو. شیرین خانم لە هەمووان باشتر فیکە بەڵەد بوو. هەموو جۆرە فیکەیەك بەڵەد بوو. لەلای پەنجەرەکەوە دادەنیشت و فیکەی دەکێشا. بەفیکە جریوە جریوی تەیرەکانی دەردەهێنا. دەنگی بولبول، دەنگی کەناریی، دەنگی پەڕەسێلکە، دەنگی جۆرە تەیرێك کە کەس نەیدیبوون، دەنگی جۆرە تەیرێك کە کەس نەیژنەڤتبوون. کاك حەیدەرییش فیکەی دەزانی، فیکەی بەرز و نزم و توند. کاك ئەنوەریی هەر تەنها ئەوەی دەزانی کە لێوی بهێنێتەوە یەك و چاوانی لەخاڵێك ببڕێت، پەڕەکانی کەپووی بکاتەوە و هەوای کۆبۆوەی ناو گوپی وەدەرنێ، ئەوەش خراپ نەبوو، ئەوەش بۆ خۆی کارێك بوو.

موسافیرەکان لێیان ڕووانی.

کاك ئەنوەریی پێکەنی. گوتی:" دەمەوێ فیکە لێبدەم. ئەمەش بۆخۆی کارە. دڵی بونیام دەکاتەوە."

ژنەکە بەحیرسەوە چەند ڕیزێکی تری چنی. پرسی:" ئەم بۆنە گەنیوە لەئێوە دێ؟"

کاک ئەنوەریی سەری داخست. تەماشای پێڵاوە بریقەدارەکانی کرد. گوتی: "نەخێر، لەم مریشکەوە دێ، ڕیقنەی کردووە. هیچی پانتۆڵە تازەکەی منیشی نەهێشتووە."

گلۆڵە خورییەکەی ژنەکە بۆ ژێر مێزەکە خلۆر ببۆوە.

ئەو پیاوەی کە لەلای دەرگاکەوە دانیشتبوو، شتێکی لەبەرخۆوە گوت و سەری ڕاوەشاند.

کاک ئەنوەریی پرسی:" ببوورن.. لەگەڵ منتان بوو؟"

ژنەکە سەیرێکی ئەملاولای خۆی کرد. کاک ئەنوەریی گوتی:" ڕاوەستە، هەر ئێستا بۆتان دەدۆزمەوە!" وای گوت و ئینجانە و مریشکەکەی دانا. دانەوێوە و گلۆڵە خورییەکەی ژنەکەی لەژێر کورسییەکە دەرهێنا."

پیاوی لای پەنجەرەکەوە گوتی: "لا اله الا الله!"

کاک ئەنوەریی گرێی شلی بۆیباخەکەی توند کردەوە. سەر ئەژنۆکانی تەکاند و لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئیتر هەڵناسم، ناحەقیان نییە. جێگەکە هێندە تەنگە کە ناکرێ ئەوەندە جووڵە جووڵ بکرێ."

چاوانی لێکنا و بیری لە شەش سەعاتی تر کردەوە. شیرین خانم گوتبووی:" ئاخ کاک ئەنوەریی، لە چیی دەترسیت .. ها؟" حەوت ساڵ بوو بیری لەم سەفەرە دەکردەوە، حەوت ساڵ بوو خەونی بەم ڕۆژەوە دەدیت. کاک مەهدەویش هەر چاوەڕێی بوو، لە تەلەفۆنا دەنگی دەلەرزی، بیست و حەوت دانە نامەی بۆ

ناردبوو، ئەوجا دڵیشی ئاوی نەخواردبۆوە. قوڵایی چاوانی لە وێنەکەدا خەمین و شەرمەندە بوو.

کاک حەیدەریی پێکەنیبوو. گوتبووی:" مەهدەوییە میهرەبانەکەمان مەڕێکە بۆ خۆی، مەڕێکی پیرۆز. بونیام قەستێتی بیکاتە قوربانی، بونیام قەستێتی بیخاتە سەر پلاوو بیخوات!"

کاک ئەنوەریی بێ ئەوەی بزانێت خەوی لێکەوتبوو. کاتێ بەخەبەر هات بینی قیتارەکە وەستاوە. لە ڕاڕاوەکە دەنگی ئاخاوتن و دەنگی تەپەی پێ دەهات. کاک ئەنوەریی واق وڕماو سەیرێکی موسافیرەکانی کرد. پرسی:" گەیشتین؟"

ژنەکە گوتی:" وەی باوکە!"

پیاوی لای پەنجەرەکە باوێشکەکەی قووتدایەوە.

کاک ئەنوەریی سەیری کاتژمێرەکەی کرد. دوو سەعات بوو قیتارەکە بەڕێوە بوو. پرسی: "چ بووە؟ بۆچی وەستاوین؟"

پیاوی لای پەنجەرەکەوە گوتی:" خودا دەیزانێ!"

ئەو پیاوەی کە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، لەودیو ڕۆژنامەکەوە پێکەنی. قاچی ڕاکێشا و گوتی:" قوربان داسەکنێ، ئەم جووڵە جووڵە سوودی نییە!"

کاک ئەنوەریی بەپەلە هەستایە سەرپێ.

ژنەکە گوتی:" ئەم بەزمە خۆشە. شتێك نابێ هەڵدەستی و دەڕۆی بزانیت چییە!"

کاک ئەنوەریی گوتی:" هەر ئێستا دێمەوە. بەیارمەتیی." وای گوت و هاتە ڕاڕاوەکە. موسافیرەکان لای پەنجەرەکەوە بوون. کاک ئەنوەریی پرسی:" چ بووە؟"

تا ئەوسەری ڕاڕاوەکە هات و لەوێ ڕاوەستا. مریشکەکەی شیرین خانمی لەبن هەنگڵ بوو. چ کەسێك لە قیتارەکە دانەبەزیبوو. سەری بردە ناو یەکێك لە واگۆنەکان و پرسی:" ببوورن، ئەرێ بۆچی قیتارەکە وەستاوە؟" کەس نەیدەزانی. یەکێك گوتی:" هەی قوڕ بەسەریان!"

کاك ئەنوەریی گوتی:" هەبێ و نەبێ هۆیەکی هەیە!"

پیاوەکە گوتی:" ئاقڵ!" وایگوت و پێکەنی.

کاك ئەنوەریی گوتی:" هەر ئێستا دەچم پرسیار لەبەشی زانیاریی دەکەم."

پیاوەکە گوتی:" هەی تف لەو زانیارییە!"

کاك ئەنوەریی ئەو قسەیەی پێ خۆش نەبوو، چووە ئەولاوە و بەرێگەی خۆیدا ڕۆییشت.

کەسێك لەناوەوە لەدەرکی ئاودەستەکەی دەدا.

کاك ئەنوەری گوێی هەڵخست. لەملاولای خۆی ڕووانی و ترسا. پرسی:" کێیە؟ چ بووە؟" کەسێك لەودیوەوە دەسکی دەرگاکەی بادەداو شتێکی دەگوت. کاك ئەنوەریی مریشکەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و دەسکی دەرگاکەی گرت. بایدا، ڕایکێشا. بێهودە بوو. پرسی:" چ بووە؟" ئەو کەسەی کە لەنێو ئاودەستەکەدا بوو بە لەقە بە دەرگاکەیدا دەکێشاو جنێوی دەدا. کاك ئەنوەریی ڕاچڵەکی. ناڕەحەت بوو. ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام دڵی نەهات. گوتی:" من لە دەرەوە پاڵ بەدەرگاکەوە دەنێم، تۆیش لە ناوەوە ڕایکێشە!" بێهودە بوو. کاك ئەنوەریی گوتی: "خەمت نەبێ، هەر ئێستا دەچم مەئمورەکە دەدۆزمەوە." پیاوەکە گوتی: "هەموو وا دەڵێن، مەئمورەکەیش هەروا دەڵێت." کاك ئەنوەریی گوتی:" هەر

ئێستا دەگەڕێمەوە." وای گوت و بە پەلە گەڕایەوە. دەرگای واگۆنەکەی کردەوە و گوتی:" کەسێك لەئاودەستەکەدا عاسیی بووە."

پیاوی لای دەرگاکە گوتی:" بەئێمە چیی!"

کاك ئەنوەریی گوتی:" من دەبێ بچم بەهانای ئەو نەگبەتەوە کە لەوێدا عاسیی بووە."

ژنەکە گوتی:" ئەدی گوناهی ئێمە چییە؟"

کاك ئەنوەریی کەوتە ڕێ. سەری کرد بە واگۆنەکاندا، کەس نەیدەزانی مەئموری قیتارەکە لەکوێیە. دەرگای ئەوسەری ڕاڕەوەکە داخرابوو. بەشووشەکەیدا کێشاو دەسکەکەی بادا. گەڕایەوە بۆ پشت دەرگای ئاودەستەکە و گوتی:" کەسم پەیدا نەکرد."

وەڵام نەبوو. گوێی ڕادێرا. دەسکی دەرگای ئاودەستەکەی بادا. بە پەنجە لەدەرگاکەیدا. پرسی:" قوربان هێشتا لەناوەوەن؟"

پیاوەکە گوتی:" لەعنەتت لێبێ هەی سەگی سەگباب. بۆم ڕاوەستە تا دێمە دەرەوە. ئەوسا خۆت دەبینیتەوە!"

کاك ئەنوەریی تاسا. دوای ماوەیەکی زۆر سەری بۆ یەکەم جار لەگێژەوە چوو. تەنانەت پێچ بەزگیشیدا هات. گەڕایەوە و دەرگای واگۆنەکەی کردەوە. بەپەژارەوە سەری لەقاند و گوتی:" باشترە هەر حەپس بێ. دەبخۆ دەردت بێ!"

نەفەرێك جێگەکەی ئەمی گرتبوو. کاك ئەنوەریی تەماشایەکی موسافیرەکانی کرد. گوتی:" ببوورن.. ئەمە جێگەی منە. وابزانم بەهەڵە لێرە دانیشتوون!" پیرێژنەکە بە تورکیی شتێکی گوت و مڵچە مڵچێکی کرد. کاك ئەنوەریی گوتی:

"زۆر داوای لێبووردن دەکەم. بەندە تورکیی نازانم. ئەمە جێگەی منە". پیرێژنەکە پەلەپەل شتێکی بە تورکیی گوت. کاک ئەنوەریی لە موسافیرەکانی پرسی:" ئەرێ ئێوە تورکیی دەزانن؟" پیاوی لای دەرگاکە سەری ڕاوەشاند. ئەو پیاوەی کە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە وەڵامی نەدایەوە. ژنەکە گوتی:" من تورکیی تێدەگەم. بەڵام نازانم قسەی پێبکەم."

کاک ئەنوەریی خۆشحاڵ بوو. گوتی:" دەتوانیت ئەم خانمە تێبگەیەنیت کە ئەم جێگەیە هی منە.". ژنەکە گوتی:" پێم گوتیت نازانم قسەی پێبکەم."

کاک ئەنوەریی داوای لێبووردنی لێکرد. گوتی:" بەڵی. بەڵێ. هۆشم لای خۆم نییە. باشە زەحمەت نەبێ بزانە چی دەڵێت!"

ژنەکە گوتی:" دەڵی ئەم جێگەیە هی منە!" کاک ئەنوەریی خەریک بوو دۆو دۆشاو تێکەڵ کات. بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت. گوتی:" جێگەی ئەوی چی؟ دڵنیام بەهەڵەدا چووە. ئێوە شایەتن کە ئەم جێگەیە هی من بوو."

ئەو پیاوەی کە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە گوتی:" دەکرێ دە دەقیقە بێدەنگ بین؟"

کاک ئەنوەریی گوتی:" ڕوخسەت بفەرموون. من دەبێ مەسەلەکە ڕوون کەمەوە!"

ژنەکە گوتی:" بڕۆ شکات کە!"

پیاوی لای پەنجەرەکە نیوە هەستانێك هەستا. کاک ئەنوەریی پاشەوپاش گەڕایەوە. نوکی ئەو شیشیەی کە ژنەکە شتی پێدەچنی، چەقی بە ڕانیداو ئاخێکی لێبەرزبۆوە. هەڵبەزیەوە و خەریك بوو مریشکەکەی شیرین خانمی لەدەست بەر

بێتەوە. گوتی:" ئەلعان دەڕۆم بەرپرسی ئەم بەشە دەهێنم، خۆ شاری بێ حاکم نییە."

هاتە دەرەوە و لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستا. دەرەوە هەتاو و خاك پڕ لە بەردی گەورە و ورد. پڕ لەگردۆڵکە و چاڵ و چۆڵیی. قسەکەی کاك حەیدەریی بیرکەوتەوە کەدەبێ مرۆڤ خۆڕاگرو بەهێزبێت. دەبێ مرۆڤ گەشبین بێ و بەکێشەکان پێبکەنێ. دەبێ مرۆڤ فیکە بکێشێ و لەژێر لێوەوە گۆرانی بچڕێ. دەبێ مرۆڤ هەمیشە بڵێ: "بەهـ.. بەهـ.. چ ڕۆژێکی خۆشە و لێکدا لێکدا پڕ بە سینەی هەناسەی قووڵ وەربگرێ." دەبێ مرۆڤ هەر دەقیقە نا دەقیقەیەك بڵێ:" من بەختەوەرم. من مۆفەقم.. بژی خۆم!"

کاك ئەنوەریی هەروای کرد. ڕوخساری بەشوشەی پەنجەرەکەوە نوساندو گوتی: "بەهـ.. بەهـ.. چ ڕۆژێکی جوان و ڕەنگینە. چ سارایەکی دڵڕفێن. چ خاکێك. چ بەردی سەرنج ڕاکێش. چ وێرانەی بەشکۆ. چ چاڵیی و چۆڵییەك!" ئاوڕی دایەوە و سەیری موسافیرەکانی کرد. دەستی بۆ ڕاوەشاندن. دەفتەری یاداشتەکەی دەرهێناو ئەو شیعرانەی لەبەرخۆیەوە خوێندنەوە کە تیایدا دەینووسین و قەت لەیادیدا نەدەمان. هەوڵیدا ئەزبەریان کات. نەیتوانی. زەحمەت بوو.

موسافیرەکان خەریك بوون شتێکیان پێکەوە دەخوارد. پیرێژنەکە کەوتبووە مڵچە مڵچ. بە تورکیی هەر چەنە چەنی بوو. ژنەکە هەندێکی چنیبوو. کاك ئەنوەریی خۆشحاڵ و ئاماژەی بۆ ئەو مل پێچە کرد کە ژنەکە چنیبوی و سەری بە نیشانەی ئافەرین بۆ لەقاند. حەزیدەکرد لای ئەوان با، حەزیدەکرد لەگەڵیان دووابا. چەند نوکتەی خۆشیشی دەزانین، پاکەتێك نوقوڵ لە جانتاکەیدا بوو، دەیتوانی

دەریبێنێ و بەشی هەموویان بدات. دەیتوانی ئەسڵەن هیچ نەکات. لە قوژبنێکا دانیشێ. بەڵام بەو مەرجەی کە تەنها لەگەڵیان بێ. تاوناتاو ئەشهەدو بۆ قسەکانیان بکاو گەر پێویستیش کات پێبکەنێ.

نیوەی زیاتری موسافیرەکان دابەزیبوون. کاک ئەنوەریی مریشکەکەی کە کەوتبووە خەوە نوچکێ، نایە بن هەنگڵی و بەپەلە دابەزی. مەئموری قیتارەکە لەولاتر ڕاوەستابوو. کاک ئەنوەریی بەسڵ کردنەوە پرسی:" ببوورن. ئێرە کوێیە؟"

مەئموورەکە گوتی: "ئێرە ناوی نییە. ئێرە بیابانە!"

کاک ئەنوەریی پرسی: "ئەی بۆچی ڕاوەستاوین؟"

مەئمورەکە گوتی:"چوزانم!"

کاک ئەنوەریی پرسی:" ئەی کێ دەزانێ؟"

نەفەرێك گوتی:" شۆفێری قیتارەکە کووا؟"

کاک ئەنوەریی خۆشحاڵ و دووبارەی کردەوە:" بەڵێ، شۆفێری قیتارەکە کووا؟"

شۆفییێری قیتارەکە دیار نەبوو. گوتیان ڕەنگە لە قیتارەکەدا بێ. هەموو شوێنێ گەڕان. نەیاندۆزییەوە.

کاک ئەنوەریی زامەکەی گەدەی بیرکەوتەوە و هەوڵیدا ددان بەخۆیدا بگرێت. برسی بوو. حەبەکەی گەدەی نەخواردبوو. مەئموری قیتارەکە بە دەنکە شقارتە مابەینی دگانەکانی پاك دەکردەوە.

کاک ئەنوەریی لەجامی قیتارەکەوە سەری دەرکێشاو پرسی:

- " ئەرێ شۆفێرەکەتان دۆزییەوە؟" مەئمورەکە بەسەر ئیشارەتی بۆ لای شۆفێرەکە کرد کە لەولا ترەوە دانیشتبوو.

کاك ئەنوەریی لەبەرخۆیەوە گوتی:" سوپاس بۆ خودا."

دەرگای واگۆنەکەی کردەوە و بەهەناسە بڕکێوە گوتی:" شۆفێرەکە دۆزرایەوە. لەوێدایە."

دەرگاکەی بەپەلە داخست و هەمدیس لە قیتارەکە دابەزیی. بەرەو لای شۆفێرەکە چوو. قۆپچەکانی چاکەتەکەی کردنەوە. پرسی:" ئێوە شۆفێری قیتارەکەن؟" شۆفێرەکە سەری لەقاند. کاك ئەنوەریی پرسی:" بۆچی وەستاوین؟ چ بووە؟" شۆفێرەکە گوتی: "ئەمرە!"

کاك ئەنوەریی پرسی:" ئەمر؟" وای گوت و دڵی داکەوت. پاشەوپاش گەڕایەوەو بەپەلە سواری قیتارەکە بۆوە.

مریشکەکەی شیرین خانم کلاَفە ببوو، باڵە کوتەی پێکەوتبوو. ئەو پیاوەی کە لە ڕاڕاوەکە و لای پەنجەرەکەوە وەستابوو. گوتی:" خۆزیا مریشکێك بام، یان سەگێك یاخود پشیلەیەك یان هەر شتێکی تری دایك حیز بام. بەڵام ئەمە نەبووایەم کە ئێستا هەم."

کاك ئەنوەریی گوتی:" دەزانن ئەمرە!"

پیاوەکە گوتی:" من هیچ نازانم. بەمن چیی! تەنها دەزانم کە قیتارەکە وەستاوە، ڕەنگە بەڕێ بکەوێتەوە. ڕەنگیشە قەت بەڕێ نەکەوێتەوە. ڕەنگە بکەوێتەوە ڕێ و هەمدیس ڕاوەستێتەوە. ڕەنگە ناچارین هەر لێرەدا بمێنینەوە!"

کاك ئەنوەریی گوتی:" بەڵێ سوپاس. تێگەیشتم."

پیاوەکە گوتی:" هەموو شتێك بۆی هەیە. کێ دەزانێ؟ کێ دەتوانێ بڵێ نا؟ ڕەنگە بمانخەنە لۆرییەکەوە و بمانڕێژنە ڕووبارەکەوە. ڕەنگە."

کاك ئەنوەریی چووە ئەولاوە. بەسەر قسەکانی پیاوەکەی سەلماندو بەپەلە کەوتە ڕێ. لەبەرخۆیەوە گوتی:" ئەلعان دەڕۆم و قسە لەگەڵ شۆفێری قیتارەکەدا دەکەم."

دابەزی و بەتوڕەیی بەرەو لای شۆفێرەکە چوو.

چەند ژاندرمەیەك لەبەردەم قیتارەکەدا وەستابوون.

کاك ئەنوەریی داچڵەکیی. ڕاوەستا. خەریك بوو مریشکەکەی شیرین خانمی لەدەست بکەوێتە خوارەوە. دوو سێ هەنگاو پاشەوپاش گەڕایەوە دووا. داگەڕاو بەپەلە سواری قیتارەکە بۆوە. هەستی بە برسێتیی دەکرد. ئازارێکی بەسوێ لەناوەڕاستی زگیدا پەیدا بوو، پێچی پێدا دەهات و تانێو شانی دەهات.

موسافیرەکان بێدەنگ بوون.. پیرێژنەکە شتێکی لە پریاسکەکەی دەرهێنا و کەوتە خواردنی. لە دوورەوە فەرمووی لەکاك ئەنوەریی کرد. پیاوی لای دەرگاکە هەستاو هاتە دەرەوە و بەکاك ئەنوەریی گوت:" قوربان بڕۆ لە جێگەکەی من دانیشە!"

کاك ئەنوەریی سوپاسی کرد و بە سڵ کردنەوەوە هاتە ناو واگۆنەکە، شەکەت و بنی پێی دەکزایەوە. دانیشت و ئەو خەیارەی وەرگرت کە پیرێژنەکە بۆی رایەڵ کردبوو. بە دڵتەنگییەوە کەوتە داخرماندنی. بیری شێوی ماڵی کاك مەهدەویی کەوتەوە و خەمگین تر بوو. تینووی بوو. چاکەتەکەی بۆنی مریشکەکەی شیرین خانمی لێدەهات.

پیرێژنەکە سەیرێکی مریشکەکەی شیرین خانمی کرد و بەتورکیی شتێکی گوت. کاك ئەنوەریی خەیاڵی لای ژاندرمەکان بوو، بیری لای ئەو جێبە بوو کە لەقەراغ

جاددەکەدا خوارو ژووری دەکرد، بیری لەو کابرایە کردەوە کە لە ئاودەستەکەدا گیری خواردبوو، بیری لەو خەونە سەیرە کردەوە کە بینبووی، بیری لە کاك مەهدەویی و دوا وێنەی کردەوە. پەلەپیتکەیەکیدا لە گوڵەشەمدانییەکە و گەڵاکانی هەڵپرواند.

کەسێك لە ڕاڕەوی قیتارەکەدا ڕایدەکرد.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" ئەمە ئیتر ئەو مەهدەوییە نییە کە جاران دەتناسی. ئێستا گۆڕاوە. حەوت ساڵە ئێرەی جێهێشتووە. دەڕۆیت بەڵام ژێوان دەبیتەوە."

شیرین خانم گوتبووی:" بڕۆ. گوێ لە قسەی ئەمانە مەگرە. جۆرە شتێك هەن کە هەمیشە دەمێنن. ڕەگ لە بونیامدا دادەکوتن." کاك عەزیزیی گوتبووی: "بونیام لەگەڵ هەر لەحزەیەکیدا غەریب دەبێ. لەگەڵ هەر فیکرو ڕوانینێکیدا!"

کچەکە هەمدیس میزەڵانەکەی دەرهێنابۆوە.

کاك ئەنوەریی گوتی:" گەر فووی تێکەی، بۆت دەتەقێنم و بە چاوی خۆت نابینیت فووی تێکەیتەوە." کچەکە دەستی کرد بە گریان. ژنەکە قوماشە چنراوەکەی گرمۆڵە کرد و لای دەستییەوە داینا. دانەوێوە و شتێکی بە گوێی کچەکەدا چرپاند. ئەو پیاوەی کە خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو. پرسی: "قوربان .. وەزعتان باش نییە!"

کاك ئەنوەریی هەستا. تەماشایەکی موسافیرەکانی کرد، ئازار تا ژێر باڵی تەنی بوو. دەمی وشك ببوو. ژنەکە چووە ئەو لاوە، پیرێژنەکە بێدەنگ تەماشای دەکرد، تەنها دەمی بوو کە دەجولا. هاتە دەرەوە بۆ ڕاڕاوەکە. جامەکەی کردەوە. ئینجانەکەی تووڕهەڵدایە دەرەوە، دابەزیی. دونیا خەریك بوو تاریکی دەکرد.

نوقلێك له گیرفانیدا بوو. دەریهێنا و خستیه گۆشەیەکی گوپی. چەند درەختێك له کەناری جاددەکه ڕووابوون. ڕۆیشت و هەوڵیدا ئامۆژگارییەکانی کاك حەیدەریی بەبیر خۆی بێنێتەوە. ویستی فیکه بکێشێ، فیکەی نەدەزانی. ویستی لەژێرلێوەوە گۆرانی بڵێ، تاقەتی نەبوو. بیابان بۆنێکی سەیری لێدەهات. بۆنێکی نامۆو خەمگین. شتێکی قورس له هەوادا بڵاوببۆوە، وەك ڕوداوێکی خەراپ، وەك کارەساتێك که هێور هێور نێزیك دەبێتەوە.

قیتارەکه لەنێو تاریکیی ئەو مەغریبەدا، دزێو و ترسناك وەدیاردەکەوت.

هەموان بێدەنگ ڕاوەستابوون، ژێر درەختەکان سێبەر بوو. کاك ئەنوەریی دانیشت و بۆیمباخەکەی شل کردەوەو فڕێی دایه سەر خۆڵەکە. پانتۆڵەکەی یەك پارچه ببووە پەڵە.

بەخۆی گوت:" گەر بەڵایەکم بەسەر بێت، کەس پێم نازانێت!"

قەمەرەیەکی ڕەش لەقەراغ جاددەکه وەستابوو. شۆفێرەکەی چاوەڕێی نەفەر بوو تا بگەڕێتەوە.

کاك ئەنوەریی بەپەله چاکەتەکەی هەڵگرت، هەستا. مریشکەکەی شیرین خانمی نایه بن هەنگڵ. تەماشای کرد. لەسەر ئەرزەکه داینا و ڕۆیشت. پاشماوەی نوقلەکەی گۆشەی گوپی قووتدا و بەپەله کەوتەڕێ. له دوورەوە دەستی بۆ شۆفێری قەمەره تەکسییەکه ڕاوەشاند و هەنگاوەکانی خێراتر کرد.

شۆفێری قەمەرەکه گوتی:" دەگەڕێینەوە. دەگەڕێینەوە تاران!"

کاك ئەنوەریی سەری ڕاوەشاند، چووە ناو قەمەرەکه و کزۆڵه لای دەرگاکەوە دانیشت. چاوانی لێکناو سەری بەپشتی کورسی قەمەرەکەوە دادایەوە. شیرین

خانمی بیرکەوتەوە کە گوتبووی:" گوێ لەقسەی ئەمانە مەگرە، ناوی خوای لێبێنەو بڕۆ!"

شۆفێرەکە گوتی:" بە ئومێدی خودا." وای گوت و پێی بە بەنزیندا نا.

❋

## 6

کاک مەهدەویی تلیدا، نالاندی، هەناسەبڕکێی بوو، بە قاچ چەرچەفە گەرم و قورسەکەی لابرد کەبە جەستەیەوە گرمۆڵە ببوو. چاوانی کردنەوە و زەندەق چووانە لەو تاریکاییە چڕەی ڕووانی کە حەوشەی لێ پڕ ببوو. سەری وەك جەستەیەکی تا لێهاتوو لێی دەدا. وەك بڵێی خوێن لە دەمارەکانیدا مەیبێ. شتێکی قەبە و زبر و ئاسنین، وەك لێفەیەکی غەیبیی قورسایی خۆی خستبووە سەری. هەناسەی دەرنەدەهات و دەست و قاچی لەنێو تاریکیدا بزر ببوو. تاقە شتێ کە هەستی پێ دەکرد ئازاری دڵی بوو کە وەك پەلەوەرێکی زەبەلاح لەسەر سینگی نیشتبۆوە و هێور هێور خوێنی دەمژت.

خەونەکەی بیر نەدەهاتەوە. بەڵام ئەو خەونە هەر درێژەی هەبوو. هێشتا تامی سەیری ئەو خەونە لەبن ددانیدا و بۆنی ناخۆشی ئەو جێگە نیوە لەبیرکراوەی کە لە خەوندا بینیبووی، لە کۆتایی شەوەوە دەهات. حەوشە چکۆڵەکەیان ئەو حەوشەیە نەبوو کە ئەم پێی ئاشنا بوو، نامۆ و ناواقیعی. جێگەیەك بوو لەوپەڕی هەموو

سنووره ئاشنا و شوێنه ناسراوەکان. تەنانەت هەزار گوڵی ڕەش لە باخچەکەدا ڕووابوون و درەختەکانیش خاوەن هاوار هاوارێکی ئەهریمەنانە بوون.

بەزۆر سەری هەڵێنا. چاوانی تروکاندن و هەوڵیدا بەخەبەر بێتەوە. حەزیدەکرد خۆی هەڵگرێو بیتەکێنێ و گسکێکی لێبدا، حەزیدەکرد خۆی هەڵگرێ و بیشوا و چڵکی ئەم خەون و ئەم وەزع و ئەم شەوە تاریك و نوتەکە لەگیانی دامالێ.

بەخۆی گوت:" چ خەونێکی ناخۆش بوو. باش بوو خەبەرم بۆوە. سوپاس بۆ خودا!"

دەستی ڕایەڵ کردو دۆلکە سەهۆڵاوەکەی بەرزکردەوە و نای بەسەرییەوە. بنی ساردی دۆلکەکەی بە ڕوخسارییەوە نووساند. هێنای بەملیدا. کلۆیەك سەهۆڵی هەڵگرت و خستییە سەر نێوچەوانی، خستییە سەر سینگی. خستییە سەر زگی. چاوانی لێکناو هەوڵیدا گوێ نەداتە ئەو دڵەڕاوکێ ڕموزنەی کە تۆزە تۆزە لەقولایی دڵیدا ڕۆدەنیشت.

بەخۆی گوت:" هەرکە هەتاو دەکەوێ، تەندروستیم باش دەبێ. ئەم ترسە ترسی شەوە!"

سەرینە شەڵاڵ لەئارەقەکەی ئەم دیوو ئەودیو کرد. خرتکەو پرتکەکەی ژێری کە ئازاری دەدا لەسەر دۆشەکەکە تەکاند. چەرچەفەکەی ڕێك کرد و دای بەسەر قاچیدا. سەری نایە سەر باڵشتەکە و چاوەڕێی خەوی کرد. بە پشتا خەوتن نارەحەت بوو، تلیدا، کەوتە سەردەم. دەستی ڕاستی نایە ژێر سەری، دەستی چەپی نوشتانەوە، درێژی کرد. لەسەر دۆشەکەکە لەپاڵ دەم و چاویدا دادینا. هەڵیگرت، بەقەراغی قەرەوێڵەکەدا شۆڕی کردەوە و نەیدەزانی لەکوێ داینێ تا ئیسراحەت

بکات. ئەندامێکی زیاد لەبەیەنیدا هەڵتۆقیبوو، نەیدەزانی جاران چۆناوچۆنی نوستووە، کەلەکەی گۆڕی. قاچی لەژێر خۆیدا گرمۆڵە کرد، دەستەکانی هاوتەریب لەگەڵ لەشیدا دانا و بەخۆی گوت:" باشە.. ئاوها باشە!"

سەرپەنجەکان و بنی پێی دەبرژانەوە. هەمدیس تینووی بوو. پێدەچوو بایەکی سوتێنەر لە قولایی ڕۆحیدا هەڵیکردبێ و بیابانێکی قاقڕ لەژێر پێستیدا ڕاخرابێ. زمانی بە لێوە هەڵایساوەکانیدا هێنا و بەلاچاو سەیری تەڵعەت خانمی کرد. هەمدیس ئەو خەونە نیوە فەرامۆشکراوەی کەوتەوە یاد و لەقولایی دڵیدا هەڵلەرزی. ڕووی وەرگێڕا. چەرچەفەکەی بەسەریداداو چاوانی هەڵگلۆفت. هەناسەکانی تەڵعەت خانم، وەك ( با ) یەك کە لە دڵی ئەرزەوە هەڵیکردبێ، قورس و گەرم بەدەوری گوێچکەیدا گڤڤەی دەهات. هەوڵیدا گوێ ڕانەدێرێ، هەوڵیدا بیرنەکاتەوە، هەوڵیدا بنوێ. لە سەدەوە تا دوو سەدی ژمارد، لە دوو سەدەوە تا یەك، لە یەکەوە تا هەزار. سەری خستە ژێر باڵشتەکە و دەستی بەگوێچکەیەوە گرت. بەخۆی گوت:" خۆزیا زووتر ڕۆژ دەبۆوە، خۆزیا هەتاو دەکەوت!"

هالاوی دەم و ئارەقە و بۆنی پەڕی کۆن قەڵسیان کردبوو. باڵشتەکەی لاداو ئەو هەوا قورسەی بەزۆر دەرکرد کە هەڵیمژتبوو. دەستی تەڵعەت خانمی بۆ ڕایەڵ کرابوو. دەمی نیوەکراوە و سەر ددانە ئاڵتونییەکەی لەتاریکیدا دەبریسکایەوە. نەدەجولاو ئارامییەکی ئاژەڵانە لەسەر ڕوخساری نیشتبوو.

شەوی بوکێنییەکەشی هەر هەمان شێوە بوو. هێور و ماڵیی. وەك پڵینگێکی تێر، سنوور نەشکێن.

میوانەکان لە ڕاڕاوەکەدا، لەبەردەم قالدرمەکانا ڕاوەستابوون. هیچ کەس قسەی نەدەکرد، هیچ کەس خۆشحاڵ نەبوو. بە کاك مەهدەویی شەوە.

تەڵعەت خانم لەنهۆمی سەرەوە بوو. لەهۆدەیەکەوە دەنگی قریوە و پێکەنین دەهات، دەنگی تەپڵ و دەف، دەنگی لەیەکدانی سەری تیژی مقەست و دەنگی شتێك کە وەك بڵێی مشارکاریی بکەن.

کاك عەزیزیی گوتبووی:" دەڵە گورگە خەریکە ددانی تیژ دەکاتەوە."

شیرینییو میوەیان لەسەر مێزەکان هەڵچنیبوو. کەس چەپڵەی لێنەدەدا. کاك مەهدەویی بێ جووڵە بەرامبەر ئاوێنەی مارەبڕین دانیشتبوو. ڕوخساری سپی هەڵگەڕاوو زەرخەنەیەك لەسەر لێوە کلۆم دراوەکەی بوو کە هەمووانی قەڵس دەکردو هەمووانی دەترساند.

کاك ئەنوەریی بە سینیی چای دەگێڕا. دەتگوت بۆ پرسەی خۆی هاتووە و بەنیگایەکی خەمین سوپاسی دڵنەوایی هەمووانی دەکرد. گوتبووی:" ئەم جۆرە شتانە ڕوودەدەن. چار چییە؟" ویستبووی شتی تریش بڵێ. بەڵام ورتەورتی شاراوەی میوانەکان قسەکەیان پێ بڕیبوو.

تەڵعەت خانم لەسەر قالدرمەکان وەستابوو. سەریان کردبووە چراخان. گڵۆپە چکۆڵە ڕەنگاوڕەنگەکان دادەگیرسان و دەکوژانەوە و ئاو تیایاندا قوڵتەقوڵتی بوو. جلکی بووکێنییەکەیان بەکرێ بۆ هێنابوو، جلکەکەی بە بەر تەسك و کورت بوو. شیرین خانم چەپکە گوڵەکەی بۆ چنیبوو، لەگوڵە تەڕ و تازەکانی باخچەکەی. پێڵاوەکانی نەگۆڕیبوو، هەمان ئەو پێڵاوە قەبە و پیاوانەیەی لە پا دا بوو کە

هەمیشە پڕ بوو لەخۆڵ و بنەکەی بزمارو ناڵچەی پێوەو لەکاتی ڕێڕۆیشتندا تەق و هۆڕی دەهات.

دایکی و پوورەکانی دایکی لەسەر قالّدرمەکان سووڕیان دەدا و بە هەڵەلە سەرسوڕهێنەرەکانیان، ماڵەکەیان هێنابووە لەرە.

میوانەکان پێکەوە لکابوون، بێ جووڵە و واق وڕماو. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی تەڵعەت خانم دا بەکۆمەڵ دەکشانەوە و خیزەخیزی سینگیان قورستر دەبوو.

پیرێژنەکان گۆرانی پیرۆزە پیرۆزەیان دەچڕی و لیکی دەمیان بەر یەکتر دەکەوت.

کاك مەهدەویی لەرزی لێهاتبوو، ویستبووی هەستێتە سەر پا، ویستبووی هاوارکات، ویستبووی ڕاکات، واقوڕماو لەوێنەکەی تەڵعەت خانمی لەئاوێنەکەدا ڕوانیبوو.

کاك ئەنوەریی سەری داخستبوو. وەك کەسێك کە زویر بووبێ، لێوی کرۆژتبوو.

تەڵعەت خانم ئارایشتکراو و شکۆدار، وەك ژنێکی ئەفسانەیی لە قولاّیی دوورترین خەون ڕاچەنیبوو. لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا ڕاوەستابوو. گوتبووی: "چیتانە؟ بۆ وا مات و مەلوولن؟ ئەمە شاییە یان شیوەن؟"

کاك هاشمیی چای بۆ میوانەکان هێنابوو، بە پێکەنینەوە قاپەکانیانی بۆ پڕکردبوون لەمیوە و شیرینیی و بستە و سۆهانی هەنگوینی. پێکەنیبوو، پێکەنینێکی درێژو بەرزو بۆژۆکەر. ویستبووی بەسەرهاتی خۆش خۆش لەیادەوەرییەکانی منالّیی، لەوکاتەی کە کاك مەهدەویی ناسیوە بۆ میوانەکان بگێڕێتەوە، بەلاّم تەڵعەت خانم ڕێی پێنەدابوو. هاواری کردبوو:" بێدەنگ!" ئیدی هەمووان بە واق وڕمانەوە فزەیان لەخۆ بڕیبوو.

تەڵعەت خانم تارەکەی هێنابوو. چوارمشقی لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو. پاڵی بەدیوارەکەوە دابۆوە. گڵۆپەکانی سەری داگیرسابوون و کوژابوونەوە و قوڵتە قوڵتیان هاتبوو، دەنگی لەگەڵ قیافەتە کەتەکەیدا نەهاتبۆوە. دەنگی ئارام و شەکەت و خەمین بوو.. لە خشەخشی "با" چوو بوو کە لەودیو درەختەکانەوە هەڵیکردبێ.

کاك مەهدەویی هەمدیس تلیدا. هەوڵیدا بیرنەکاتەوە. هەمدیس کەوتەوە سەرپشت. هەمدیس چاوانی کردنەوەو لە ئاپۆرەی پەلکە ڕەشەکانی ژوور سەری ڕووانی.. شەو چۆڵ بوو لە هەوا و لە درزی نێوان خشتەکانەوە گەرمایەکی زل و زەبەلاح وەك هەناسەبڕکێی هەژدیهایەکی پیر دەڕژایە دەرەوە. هەستا و دانیشت. دەستی بەنێوچەوانە تەڕەکەیدا هێنا. لەقەرەوێڵەکە دابەزی. پێڵاوەکانی دیارنەبوون. شانی لەقاند و بەپێی پەتی ڕۆیشت. گەرمای بوو. ڕۆیشت لە لێواری حەوزەکە دانیشت و جلەکانی داکەند، دانەوێوە و لە بنی ئاوەکەی ڕووانی. فێنك و تازە و پڕبوو لە ورتە ورتی فریودەر، پڕ لە هەستی ئاشناو زیندوو. لەپی دەستی هێنا بەتوێژاڵی ئاوەکەدا، هێنای بە بازنەگەلێکی نەرمدا کە لەسەری پەنجەکانی هەڵدەهاتن. چووە پێشتر.. نوشتایەوە. هەناسەکانی بازنە چکۆڵەکانی سەر ئاوەکەیان دەڕەواندەوە. زمانی دەرکێشا و بەسەر ئاوەکەیدا هێنا. دەستی ڕایەڵ کرد و ڕوخساری نووساند بە لەرەی تەنکی شەپۆلەکانەوە. حەزیدەکرد هەڵخلیسکێ، هەڵەنگوێ، بکەوێ و هەرگیز پێی لەبنی حەوزەکە نەدات. پێی وابوو بنی ئەم حەوزە بەکۆتایی ئەرزەوە لکاوە و حەزیدەکرد ئەم ئاوە فێنك و میهرەبانە قووتی بداو بیبات.

ئاوڕی دایەوە و بەلاچاو سەیرێکی تەڵعەت خانمی کرد. دڵی داکەوت. وەك بڵێی یەکەم جار بێ ئەم ڕوخسارە ببینێ، یەکەم جار بێ ئەم قژە نیوە تەڕە ژاکاوە ببینێ کە وەك گژوگیای بنی زەریا جوڵەیەکی ترسناکیان هەبوو، یەکەم جار بێ ئەم پێستە ڕەش و گەرم و ئەم دەمە کراوە هەڵلوشەرە ببینێ کە لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا تەواوی شەوی هەڵدەمژت و لەگەڵ هەر هەناسەدانەوەیەکدا فەزای پڕ لە گڕەیەکی گەرمی جەهەنەمیی دەکرد. ئەو ڕۆژەی کەوتەوە بیر. یەکەمین ڕۆژ کە لەگەڵ کاك ئەنوەریی لەحەوشە دانیشتبوون و تاوڵەیان دەکرد، سەرو سێ دەستیان لەیەکتر بردبۆوە، سەرو و سێ دەستیان بەیەك دۆڕاندبوو. وەك هەمیشە چ شتێکیان لەیەك داوا نەدەکرد. کاك حەیدەریی تەماشای گۆرەوی سوور و بیجامەی خەت خەتی هەردووکیانی کردبوو. پێکەنیبوو، گوتبووی:" چ خۆشییەك! چ یەکگرتووییەك! ئینسان لەززەت دەبات!"

کاك مەهدەوییش هەرخۆشحاڵ بوو. بەدەم خۆ خوراندنەوە پێکەنیبوو، لەسەر بەڕەکە و لە لێواری باخچەکەدا لەسەر پشت پاڵکەوتبوو تا هەتاوی پاش نیوەڕۆی پاییز، هێور هێور چاوانی بخاتە خەو. خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دەتوانێ وەك بێچووە پشیلەیەکی تەمبەڵ خۆی بکێشێتەوە و بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە و هەست بە چ شتێکیش نەکات. فەرامۆشییەکی تەواو. لەگەڵ ئەمەشدا، وەك کەسێك کە بە یەکجار هەست بەمەترسیی بکات، چاوانی کردبوونەوە. شتێکی نەبینراو بەڵام هەست پێکراو، لە هەوادا تێپەڕیبوو.

هەستابووە سەرپێ. دانیشتبوو. واق وڕماو سەیری ئەملاولای خۆی کردبوو. دڵنیابوو کە بێجگە لەخۆی کەسێکی تر لەوێدایە. لە هەمان ئەو نزیکانەدایە. لە

هەمان ئەو دەوروبەرەدا. ماڵەکەیان لەودیویەوە بوو. بە پەنجەرەی داخراو و پەردە کوللەی سەوزو جلکەکانی کاک ئەنوەریی بەتەنافی ستارەکەی سەربانەوە. لای چەپەوە کەلاوەیەکی هەمیشەیی بوو. بەرامبەر دیوار بوو. کۆڵان بوو. بینایەکی دێرینی کۆن بوو بە پەنجەرەی چکۆڵە و تۆزاوی و بانیژەی پڕ لە مێز و ئەسکەملی شکاو و تەنەکەو بوتڵی بەتاڵ و ڕۆژنامەی کۆنەوە. ئەولاتر عامودی کارەبا و تاقە درەختی کۆڵان و دیوار و هەمدیس پەنجەرەیەکی لێبوو. لەوێدابوو، لە چوارچێوەی ئەو پەنجەرەیەدا زەلامێك ڕاوەستابوو، زەلامێك کە سەیری ئەمی دەکردو وەك بڵێی تەواوی ڕۆحی لەگەڵ ئەو سەیرکردنەدا، وەك هەوایەکی پۆنگ خواردوو کە سەرەنجام درزێکی دۆزیبێتەوە لێوەی دەرچێت، لەگلێنەی چاوانییەوە بێتەدەر.

کاك مەهدەویی بەپەلە ڕووی وەرگێڕابوو. ئەملاولای نینۆکی جوی بوو. دەنگی ڕادیۆکەی بەرزکردبۆوە. بەرزتر لە هەمیشە. ڕۆژنامەکانی هەڵدابۆوە و هەر دیڕێکیانی بەدەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە گوتبۆوە. هەستابووە سەرپا. کەوتبووە پیاسە، قسەی کردبوو، باخچەکانی ئاودابوو، بەلاچاو تەماشای ئەو پەنجەرە تۆزاوییە کۆنەی کردبوو. لە خۆی پرسیبوو:" ئەم ژنەم لەکوێ بینیوە؟ لەکوێ ناسیومە؟"

کاك ئەنوەریی گوتبووی:" من نایناسم!"

کاك حەیدەریی گوتبووی:" ئا.. دەزانم کێیە. کەسێکی باش نییە. شتێکم کردووە لەم گەڕەکە دەریکەن!"

کاك عەزیزیی گوتبووی:" مایەی شەرمەزارییە."

کاك مەهدەویی گوتبووی:" بەڵێ لەگەڵتانام. دەبێ شتێك بکرێ و هەر چۆنێك هەیە دەرکرێ." هەمدیس ئارام ببۆوە، هەمدیس دڵنیا ببۆوە لەوەی کە هەموو شتێ لەجێی خۆیەتی و خەوی تەمبەڵانەی دوای نیوەڕوانی وەك خۆی دەمێنێتەوە.

بۆ سبەینێ، ویستبووی سەیری ئەو پەنجەرەیە نەکات، بەڵام سەیری کردبوو. بۆ دوو سبەی ویستبووی بیر لە ژنی ئەودیو ئەو پەنجەرەیە نەکاتەوە، بەڵام بیری لێکردبۆوە. تەواوی ڕۆژانی دواتر ویستبووی نەچێتە ئەو کۆڵانە، بەڵام چوو بوو. تەماشای کاك ئەنوەریی کردبوو، تەماشای کاك حەیدەریی، تەماشای خۆی کردبوو. لەدڵی خۆدا گوتبووی:" ئای ئەگەر پێم دەزانن؟ ئای ئەگەر دەستەکەم دەکەوێتە ڕوو؟"

هاوڕێیان وردە وردە بۆنی مەسەلەکەیان کردبوو، کاك ئەنوەریی بەر لە هەمووان حاڵیی ببوو، هەواڵەکەی بەکاك حەیدەریی گەیاندبوو.

لەماڵی کاك هاشمیی بوون.

کاك ئەنوەریی ڕەنگ پەڕیو و دەستەپاچە لەقوژبنێکدا هەڵتروشکابوو. دوو لێوەی نەکردبوو کاك حەیدەریی بەچاوانێکی نیگەران و دەنگێکی گوماناوییەوە پرسی بووی:" مەهدەویی گیان، باشە پێت نەگوتین بەدرێژایی شەو لەکوێ بوویت؟ ها؟"

کاك هاشمیی گوتبووی:" خەمان بوو. وامانزانی خوانەخواستە شتێکت بەسەر هاتووە."

کاك عەزیزیی گوتبووی:" هەموو نەخۆشخانەکان گەڕاین، تەلەفۆنمان بۆ سەد پۆلیسخانە کرد. ئاخر تۆ قەت ئاوها بە بێ جواب ون نەبوویت!"

شیرین خانم پێکەنیبوو. بە میهرەبانیی تەماشای کاك مەهدەویی کردبوو. دانەویبۆوە و بەگوێیدا چرپاندبوو:" من دەزانم لەکوێ بوویت! هەر ئەوەت چاك کرد. گوێ لەقسەی هیچ کەس مەگرە!"

کاك مەهدەویی سوور هەڵگەڕابوو. سەری داخستبوو، خۆی خوراندبوو، گوتبووی:" بۆ پیاسە چووم، وەزعم باش نەبوو."

هاوڕێیان تەماشای یەکتریان کردبوو. کاك مەهدەویی لەدڵی خۆدا گوتبووی: "ئیتر ناڕۆم.. تەواو."

بەڵام هەمدیس ڕۆیشتبوو. دوو شەو دواتر تا کاك ئەنوەریی پێنەزانێت لێفەکەی گرمۆڵە کردبوو. پێڵاوەکانی نابووە بن هەنگڵ و لەکۆڵان جلەکانی پۆشیبوو. دەمەو بەیان گەڕابۆوە. لەسەر نوکی پێ و بەترس و لەرزەوە، بەجلك و پێڵاوەوە خزابووە ژێر لێفە و هەوڵیدابوو هەناسەکانی ئارام و هاوسەنگ بێت. کاك ئەنوەریی خۆی کردبوو بە نوستوو. بەڵام لەودیو پەردە کوللەکەوە چاوانی کاك مەهدەویی بینی بوو، ترسابوو. بریسکەیەك لەو چاوانەدا بوو کە پێشتر نەیدیبوو، بن ئەو گلێنە گوماناوییانە پڕ بوون لە هەستێکی نامۆ، پڕبوون لەسەرسوڕمان، پڕ لە وەسوەسەیەکی سیحریی، پڕ لە سەرسامیی ئەزمونێکی قەشەنگ. کاك ئەنوەریی دڵنیابوو کە ڕوداوێکی گەورەتر لەوەی کە ئەم مەزەندەی دەکرد بەسەر هاوڕێکەیدا هاتووە. چ ڕوداوێك؟ نەیدەزانی.. تەنها هەستی کردبوو، هەست بەشتێکی بەدەر لە بنەماو یاساو ئیدی لەقوڵایی دڵەوە ڕاچڵەکیبوو.

کاك مەهدەویی چاوانی لێکنابوو. سەری نوساندبوو بە باڵشتەکەیەوەو خۆشحاڵ بوو بەوەی کە گەڕاوەتەوە و هەمدیس لەنێو نوێنەکەیدایەتی، لەگەڵ هەناسە و

خەون و خەیاڵ و حیسابە ئاشناکانیدا، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە دونیا هەمان دونیا ماقوڵەکەیە و خۆیشی هەر هەمان کاك مەهدەوییە هەمیشەییەکەیە بە خواستە هەمیشەییەکانیەوە، بە تەریقەت و شەریعەتیەوە، بە هاوڕێکانییەوە. لەدڵی خۆیدا گوتبووی:" سوپاس بۆ خودا. ئەوەی بوو.. بوو، ئیتر ناڕۆم." ئاسوودە نوستبوو. ئاسوودەش خەبەری ببۆوە، وەك هەمیشە گوێی بۆ قولتە قولتی سەماوەرەکە ڕادێرابوو، گوێی بۆ بۆڵە بۆڵی کابرای خۆڵ ڕێژی پیر ڕادێرابوو کە خەریکی گسکدانی کۆڵانەکە بوو، گوێی بۆ ڕادیۆکەی کاك ئەنوەریی و زرینگەی پیاڵەکان ڕادێرابوو. هەستابووە سەرپێ، سڵاوی لەهاوسێکەیان کردبوو کە خەریکی ئاودانی باخچەکەی بوو، هەواڵی ژن و منداڵەکانی و هەواڵی ژانە زگەکەی پرسیبوو، لەگەڵ کاك ئەنوەریی‌دا لەپاڵ یەکدا ڕاوەستابوون، دوو قۆڵیی وەرزشیان کردبوو، دە جار بە دەوری حەوشەکەدا ڕایانکردبوو، دوانزە دانە هەناسەی قووڵیان هەڵمژتبوو، دوشیان کردبوو، بە لفکە پشتی یەکتریان شتبوو، دوو قۆڵیی پێکەنیبوون.

سەعات هەشت.. وەك هەموو ڕۆژێکی تر لەودیو مێزەکانیانەوە دانیشتبوون، تەلەفۆنیان بۆ کاك حەیدەریی و عەزیزیی و هاشمیی کردبوو، هەواڵیان پرسیبوون و وەزعی خۆیان بۆ باسکردبوون. بۆ سەر موچەی هەر یەکێکیان سەدو پەنجاو شەش تومەن زیادکرابوو، پیرۆزباییان لەیەکتر کردبوو، ئەملاولای یەکدییان ماچ کردبوو. کارمەندانی کۆمپانیا چەپڵەیان بۆ لێدابوون، فەڕاشەکەیان ناردبوو تا دۆندرمە و شیرینی بۆ هەمووان بکڕێ و لەدڵەوە سوپاسی خودایان کردبوو.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" من شانازیی بە هەردووکتانەوە دەکەم. خوایە هەمیشە هەر سەرکەوتووبن."

گەڕابوونەوەماڵەوە. کاك مەهدەویی جانتای حەمامی پێچابۆوە. گوتبووی: "دەمەوێ بچم خۆم بشۆم!"

لەکۆڵان فیکەی لیدابوو، بە خۆشحاڵییەوە لە قیری جاددە تازە قیرتاوکراوەکەی ڕوانیبوو. سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی حەسحەسەکەی کردبوو، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە حەمامەکە کە لەسەر سوچەکە ڕاوەستابوو، هەستی کردبوو ئەژنۆی دەلەرزێ. بەخۆی گوتبوو:" چییە؟ چ بووە؟ بۆ سەرم داخ بووە؟ بۆچی دڵم ئاوها کەوتۆتە تەپ و کوت؟" دەسکی جانتاکەی بەتوندی لە لەپی دەستیدا وڵی بوو، هەوڵیدا بوو هەنگاوەکانی خێراتر کات، بەڵام بینی بووی ناتوانێ لەجێی خۆی بجووڵێ. واق وڕماوو حەپەساو. بیری کردبۆوە:" یەعنی چی؟ بۆچی ڕاوەستاوم؟ بۆچی هەناسەم تەنگ بووە؟ بۆچی هەڵدەلەرزم؟" خۆی بینی بوو کە خەریکە دەگەڕێتەوە و بەدەستە ڕاستاو پاشان بەدەستە چەپدا دادەگەڕێ، خۆی بینی بوو کە ڕادەکات. بەخۆی گوتبوو:" دەچم بۆ ماڵی کاك حەیدەریی، دەگەڕێمەوە داییرە، دەچم بۆ سینەما." سەری بەرزکردبۆوە و خۆی بینیبوو وا هەمدیس لەبەردەم دەرگا قاوەییە شەق و شڕەکەدایە، خۆی بینیبوو وا خەریکە لە زەنگی دەرگاکە دەدا، خۆی بینیبوو وا خەریکە بە قاڵدرمەکەدا سەردەکەوێ، خۆی بینیبوو وا لەو ژوورە گەرمە نیوە تاریکەدایە، بەرامبەر تەڵعەت خانم، لە نێو باسکیدا، لەسەر سینەی، لەژێر کەزی و پرچیدا، خۆی بینیبوو وا خەریکە دەبێتە ئاو.. دەڕژێ و پەرش و بەلاڤ دەبێتەوە، خۆی بینیبوو وا لەخۆی و لە تەواوی ئەو چرکەساتانەی کە بووە و دەبێ، دادەبڕێ، خۆی بینیبوو وا لە هەموو شێوە و قسەکان، لە هەموو دەبێ و دەشێکان دادەبڕێ و لە قوڵایی دڵەوە پێکەنیبوو. پێکەنیبوو وەك ئەو

ساتەی کە منداڵ بوو، وەك ئەو ساتەی کە هەموو شتێ گەمە بوو. ئیدی ئەمانەشی بیر چووبوونەوە و ئیتر نە شتێکی بینیبوو، نە بیری لە چ شتێك کردبۆوە.

بەڵام هەمدیس خەبەری ببۆوە. بێ ئەوەی بزانێ چەند سەعات یان چەند ڕۆژ تێپەڕیوە. دانیشتبوو لەسەر سیسەمەکە و زەندەق چووانە لە تەڵعەت خانمی ڕوانیبوو، زەندەقچووانە لە پەردە چڵکن و تۆزاوییەکان، لە دیوارە نائاشناکان، لە شتەکانی دەوروبەری ڕوانیبوو کە بۆنی غوربەت و غەریبییان لێهاتبوو، لە خۆی ڕوانیبوو، ترسابوو. کاك ئەنوەریی کەوتبۆوە بیر، جانتای حەمامەکەی کەوتبۆوە بیر، موچە زیادەکەی کەوتبۆوە بیر کە وەریگرتبوو، تەرفیعەکەی کەوتبۆوە بیر کە چاوەڕێی بوو، هاوڕێیان و کاك حەیدەریی کەوتبوونەوە بیر کە گوتبووی:" من فەخر بە هەردووکتانەوە دەکەم."

دەستی لەنێو دەستی تەڵعەت خانم دەرهێنابوو. کەوتبووە جنێو پێدانی، شەقی لە دەرگای ژوورەکەی هەڵدابوو، شەقی لە ئینجانەی گوڵە ئەتڵەسییەکەی هەڵدابوو، شەقی لە مەکینەی دروومانەکەی، لە ڕادیۆکەی هەڵدابوو. گوتبووی: "چیت لێم دەوێت؟ بۆ وازم لێ ناهێنیت؟"

پەڕی بووە کۆڵان و تەواوی ڕێگە هەر ڕایکردبوو. لەپاڵ دیوارێکدا ڕاوەستابوو. تەماشای ئەو منداڵانەی کردبوو کە بە هات و هاوار لە قوتابخانە هاتبوونە دەرەوە. لەو ژنە قەڵەو و ساخانەی ڕوانیبوو کە لە حەمام گەڕابوونەوە، لەو ژنە دووگیانانەی ڕوانیبوو کە دەستیان پڕ لە نان و میوە و سەوزە بوو. چووبووە گۆڕەپانەکەی نزیك ماڵی خۆیان و لەوێ پیاسەی کردبوو، حەزی کردبوو لەگەڵ ئەو پیاوانەدا بێ کە لە دایرە گەڕابوونەوە و بەدوای تەکسیدا ڕایان دەکردو لە ڕیزی

پاسدا قاچیان تەزیبی بوو، حەزی کردبوو لەگەڵیان بێ، حەزی کردبوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا بێ کە قسەکانیان لێواولێو بوو لە ئەدەب و حەیا و حورمەت. حەزی کردبوو لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بێ کە قسەکانیان لێواو لێو بوو لە حیسابی ڕۆژانەی بوون و نەبوون و پڕ بوو لە ترسی بەڵگەدار، لێواولێو بوو لە ئارەزووگەلی گچکە و سنووردارو لە بەختەوەریی گەلی هاسان، لێواولێو بوو لە نەخۆشیی گەلی ناسراو و لە ئێشگەلی باو، لێواولێو بوو لەخواستگەلی سروشتی و لە عیشقگەلی تۆمارکراو، لێواولێو بوو لەو خەڵکانەی کە پێکەوە بوون، لەو خەڵکانەی کە لەیەك دەچوون و ڕەنگی جانتا و کڵاو و پێڵاوەکانیان لەیەك ڕەنگ بوو.

لە بیتاقە فرۆشە کوێرەکەی سەری کۆڵانەکەیان دوو بیتاقەی کڕیبوو. لە دوکانی ڕۆژنامە فرۆشێك گۆڤارێکی هەفتانەی کڕیبوو. بۆ ڕێزنان لە ناسیاوێك کڵاوەکەی داگرتبوو، لە دوورەوە بەگەرمی بۆ ژنی خاوەن ماڵەکەیان نوشتابۆوە، بە پەلە چووبۆوە ماڵەوە و دەرگاکەی لەودیوەوە داخستبوو، پاڵی بەدیوارەکەوە دابۆوە، هەناسەیەکی ئیسراحەتی هەڵکێشابوو، هەستی کردبوو کە هەمدیس لەنێو پێستی خۆیدایەتی، لەو بازنە چکۆڵەیەدایە کە هەمیشە ماوەی نێوان خاڵەکانی تا ناوەند بەقەد یەکن و چ شتێك هەڕەشە لە سیستێمە ساکارەکەی ناکات.

لەگەڵ کاك ئەنوەرییدا پێکەوە چووبوون بۆ سینەما، چووبوون بۆ دوکانی ئامۆزاکەی کاك حەیدەریی بۆ سەیری فەرشەکانی، چووبوون بۆ ماڵی کاك هاشمیی و هەمووان پێکەوە پێکەنیبوون. سەری قسەیان دامەزراندبوو. ڕۆژنامەیان خوێندبۆوە، پیپسییان خواردبۆوە، لەبەر تەلەفزیۆندا دانیشتبوون. کاك مەهدەویی

لەبەر خۆیەوە گوتبووی:" چەند باشە بونیام هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانیدابێ. لە ئەمن و ئەماندا دەبێ."

بەڵام چەند شەوێك دواتر هەمدیس لەخەو ڕاپەڕیبوو. بۆڕۆ و وروژاو و پەرێشان. شەلاڵ لەئارەقە، پێی وابوو لە دوورەوە بانگی دەکەن، لەودیو درەختەکانەوە، لەوسەری شەوەوە بانگی دەکەن. ئاوڕی دادابۆوە و بە ترسەوە تەماشای دواوەی کردبوو، تەماشای دەوروبەری، تەماشای ژێر قەرەوێڵە و حەوشە. ئامادەیی ئاشنای کەسێکی لە تەنیشت خۆیەوە هەست پێکردبوو، کەسێك کە شەکەت و لەرزۆك بوو، کەسێك کە بۆنی ئارەقە و چەوریی قژی لەهەوادا شەپۆلی دەدا.

کەپووی گرتبوو، گینگڵی دابوو، بێ توانا و گرفتاری بۆنێك کە ئارامیی و حەوسەڵەی لەبەر بڕیبوو. لەیادی شتێکی نامەعلومدا دڵی دەلەرزاند. بۆنێك کە لەودیو تاریکترین چاڵی ڕۆحیدا دلۆپەی دەکرد، بۆنی قژە خەنەییەکەی دایکی بوو. بۆنی ڕەنگاو ڕەنگی شەوە تەم و مژاوییەکانی، بۆنی سەیری ئارەزووە قەدەغەکان. بۆنی ترسناکی دایە گەورە لەژێر زەمینی ماڵی بابەگەورەدا، بۆنی ئاغاژن لەکاتی منداڵ بووندا، بۆنی ئاغاژن لەوکاتەی کە مێردەکەی دەکەوێتە فەلاقەکردنی و لە ئاودەستخانەکەدا دەداتە پڕمەی گریان، بۆنی هەموو ئەمانە و بۆنی هیچ کامیان نەبوو.

سەری نابووە ژێر باڵشتەکە و گازی لە چمکی دۆشەکەکە گرتبوو. لەبەرخۆیەوە گوتبووی:" لەجێگەکەم ناجووڵێم!"

ناڵاندبووی، تلابۆوە، کەوتبووە پەلەقاژێ. پاشان وەك کەسێك لەخەودا، وەك کەسێك سیحرلێکراو، دەست لێ وەشێنراو، هەستابووە سەرپا و ڕایکردبوو. خۆی

گەیاندبووە ماڵی تەڵعەت خانم و چووبووە ژووریٚ. بینیبووی وا خەریکە دەمریٚت. بینیبووی وا خەریکە تویٚخ فڕیٚ دەدا، بینیبووی وا خەریکە شی دەبیٚتەوە و هەمیشە تەواوی ( با ) پیرەکان و ڕەگ و ڕیشە بەسالاٚچووەکان لەژیٚر دونیاوە تیٚپەڕدەبن و هەمدیس دەگەڕیٚنەوە سەرەتا. دەگەڕیٚنەوە ئەو شەوە ڕەشە کامڵە.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" وازی لیٚبیٚنن با هەر لەویٚ بیٚت. تازە ئیتر نابیٚتە پیاو."

کاك عەزیزیی گوتبووی:" ئیتر ناگەڕیٚتەوە."

بەلاٚم گەڕابۆوە. شەکەت و پەریٚشان و تا لیٚهاتوو گەڕابۆوە. وەك کەسیٚك کە لە سەفەریٚکی خەتەرناك گەڕابیٚتەوە. گەڕابۆوە.. وەك نەخۆشیٚك کە لە دەردیٚکی کوشندە چاك بووبیٚتەوە. پیٚلاٚوەکانی لەبەر دەرگا داکەندبوون. کراسەکەی لای باخچەکەوە، پانتۆڵەکەی لەبەردەم قالٚدرمەکەدا داکەندبوو، گریابوو. لەبەردەم کاك ئەنوەریی و کاك حەیدەرییدا گریا بوو، لیٚوی ئاوسابوو، ژیٚر چاوی ڕەش داگەڕاو و گویٚی ئاوساو و خویٚن تیٚزاو.

بەکاك ئەنوەریی گوتبوو:" ئەنوەریی گیان .. تا درەنگ نەبووە لیٚرە هەڵمگرە و بمبە .. تا دەرفەت هەیە بمبە!"

کاك ئەنوەریی قایل ببوو. سەری لەقاندبوو، یارمەتی دابوو تا بنویٚت. شیٚوی بۆ هیٚنابووە پاڵ قەرەویٚڵەکەی، بە ئاوی گەرم گویٚی بۆ شتبوو.

جانتاکانیان پیٚچابۆوە. کاك ئەنوەریی قەمەرەیەکی بەکریٚ گرتبوو، بڕیاریان دابوو بچن بۆ (مەیگون ) بۆ ماڵی خاڵی کاك هاشمیی.

کاك حەیدەریی گوتبووی:" ئاگاتان لەخۆتان بیٚت، پارەکانتان لیٚ نەکەویٚت!"

کاك عەزیزیی گوتبووی:" خۆزگە زووتر بیرتان لەمە کردبایەوە."

سواری قەمەرەکە ببوون، جانتاکانیان خستبووە سنووقی دواوە، گۆڤار و تاوڵە و پاکەتە چەرەس و شیرینییەکانیشیان لەسەر کورسییەکەی پێشەوە دانابوو.

کاك مەهدەویی گوتبووی:" بەهـ بەهـ.. چ هەتاوێکی خۆشە!"

دەستی خواحافیزییان بۆ هاورێیان ڕاوەشاندبوو، پێکەنیبوون. کاك ئەنوەریی دوو کڵاوی حەسیریی کڕیبوو، یەکێکیان بۆخۆی و ئەویتریشیان بۆ کاك مەهدەویی. کڵاوەکانیان لەسەرکردبوون.

کاك هاشمیی بەژێر قورئاندا ڕەتی کردبوون، دوو وێنەی شیرین خانمی پێدابوون تا بۆ خاڵۆی بەرن. گوتبووی:" خۆ بینیتان هەموو شتێ بە خواستی خودا ڕێك و ڕاست بۆوە!"

کاك مەهدەویی گوتبووی:" عەینەکەکەم، عەینەکە هەتاوییەکەم چی لێکرد؟"

سەرگاعی قەمەرەکە و ژێر شت و مەکەکان گەڕابوون. گوتبووی:" بیرم چووە، ڕاوەستن هەر ئێستا دەگەڕێمەوە." نەگەڕابۆوە. نە ئەو ڕۆژە، نە شەوەکەی، نە تەواوی هەفتە و نە مانگی دوایی.

شتێك لە بنی ئاودا دەجووڵا و شەو قورس و تەڕ لە پاڵ درەختەکاندا ڕاوەستابوو. کاك مەهدەویی ڕووی وەرگەڕاند و لەرز دایگرتبوو. بەخۆی گوتبوو: "چ شتێکە کە من بەو ژنەوە گرێ دەدات؟ چ شتێکە کە ئاوها منی گیرۆدەی ئەو ژنە کردووە؟"

هەستا بووە سەرپێ. بیری کاك ئەنوەریی کردبوو. لە دوورەوە لە تەڵعەت خانمی ڕوانیبوو. شتێك وەکو تیر، وەکو گرمەیەکی ناکاو، بەناو سەریدا ڕەت ببوو.

بەخۆی گوتبوو:" خۆزیا دەمرد. خۆزیا بە جۆرێك دیار نەدەما."

تەماشای ئەوبەردەی کرد کە لای باخچەکەوە فڕێدرابوو. تەماشای کرد و دڵی داخورپا. بە پەلە ڕووی وەرگەڕاند و هەوڵیدا بیر لە شتێکی خۆش و باش و ساکار بکاتەوە. ئەو شەوانەی کەوتەوە یاد کە پێکەوە لەگەڵ کاك ئەنوەریی‌دا لەسەربان دەنووستن و تاقە شتێك کە خەوی لێ هەراسان دەکردن، ویزەویزی مێشوولە و دەمە قرەی دەرو جیران بوو. ڕۆژانی هەینی کەوتەوە بیر کە پێکەوە لەگەڵ کاك ئەنوەریی‌دا دەچوون بۆ شاخ. نانی نیوەڕۆیان لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا دەخوارد و بە درێژایی پاش نیوەڕۆ وەنەوزیان دەدا. بڕیاریاندابوو لەگەڵ کاك ئەنوەریی‌دا پێکەوە ژن بێنن، پێکەوە ببنە خاوەن منداڵ، پارەکانیان بخەنە یەك حیسابی بانکییەوە، پێکەوە پیربن و پێکیشەوە بمرن. بڕیاریان دابوو دوو قەبر لە گۆڕستانی (ئیمامزادە صالح) بکڕن و یەك کێلە قەبریان هەبێ.

هەستایە سەرپێ. دڵی وەك تەیرێکی شێت تەپ و کوتی پێکەوت. بە دەوری حەوزەکەدا کەوتە پیاسە. درەختەکان درێژ ببوون و هەموو شوێنێك پڕبوو لە سێبەرگەلی گوماناویی. سێبەرگەلێك کە دەجولان و زیندوو بوون.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "دەیکوژم!" وای گوت و لەشی گەرم داهات. لە ژوور سەری تەلعەت خانمەوە ڕاوەستاو تەماشای کرد، گوێی پڕبوو لە دەنگی سەیر سەیر. دەستێکی نەبینراو چنگی کرد بەدڵیدا، وەك ئەوەی بیەوێ شتێك لەبنی ڕۆحیدا هەڵکەنێ و فڕێی بداتەدەرێ. دانەوییەوەو بەردی قەراغ باخچەکەی هەڵگرت. توند لێوی لەسەریەکنا و بەزەحمەت هەناسەی دەدا. هەمدیس دڵ تێکەڵاتنە نەفرەتییەکە بەرۆکی گرتەوە. ئەو دڵ تێکەڵاتنەی لەو ڕۆژەوە گرتبوو کە

دایکی تەڵعەت خانم رایسپاردبوو لە گەراژەکەدا مەڕێك لەبەردەم قەمەرەکەیاندا سەرببڕن. دەستی وەردابووە خوێنەکە و بە سوپەری دواوەی قەمەرەکەدا ساوی بووی. جگەری گەرم و خوێناویی مەڕەکەی لە دەستەسڕێکەوە پێچابوو، دابوویە دەست کاك مەهدەویی و گوتبووی:" لە باخچەکەتانا بینێژە. خێرو بەرەکەت دێنیّ."

کاك مەهدەویی تەماشای سەری بڕاو و چاوانی زەقی مەڕەکەی کردبوو. سەیری ئاپۆرەی ئەو مێشانەی کردبوو کە بەدەوری لاشەکەدا خولیان خواردبوو. تەماشای جگەرە خوێناوییەکەی ناو کۆشی کردبوو. تەماشای تەڵعەت خانم و قژە زەردەکەی، تەماشای ئەو جاددە درێژ و خۆڵاوییەی کە لەبەر دەمیاندا ڕاخرابوو. سەیری ڕوانینی شەرمنانەی هاوڕێیان. ئیدی کوت و پڕ وەزعی تێك چووبوو، ڕشابۆوە، بەسەر خۆی و بەسەر کۆشی تەڵعەت خانم و بەسەر ئەو چەپکە گوڵەدا ڕشابۆوە کە کاك ئەنوەریی بەدیاری بۆی هێنابوو. سەر خستبووە سەرشانی تەڵعەت خانم و لە دوورەوە تەماشای کاك ئەنوەریی کردبوو، وەك کەسێك کە نوستبیّ، وەك کەسێك کە لە جەنازەی ئازیزیکی بڕوانیّ و باوەڕنەکات. وەك کەسیّ کە بۆ یەکەمین جار تێدەگا لەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان دەمرێت.

سەری وەرگێڕا. بەردەکەی دەستی لەسەر ئەرزەکە دانا. دانەوێوە و لە حەوشەکە لەسەر ئەژنۆکەوت. لەبەرخۆوە گوتی:" دەیخنکێنم. دەیخەمە حەوزەکەوە!" چووە پێشتر، بە گاگۆڵکیّ چووە پێشتر. دەستی خستە سەر لێواری سیسەمەکە و خۆی بەرزکردەوە.

تەڵعەت خانم لەسەر پشت نووستبوو. ڕووی کردبووە ئاسمان و مانگ ڕێك و ڕاست بەژوور سەرییەوە بوو. جووڵەی بۆ نەدەکرد، چیدی دەنگی هەناسەدانی نەدەبیسترا.

کاك مەهدەویی هەمدیس چووە پێشتر. چەرچەفەکان لەسەریەك گرمۆڵە ببوون و لەدەست و قاچی دەگیران. سیسەمەکەی هێندەی دونیا فراوان ببوو، عومری نوحی دەویست تا بتوانێ بگاتە ئەوبەر.

بەکاك ئەنوەریی گوتبوو:" دەشێ نەخۆش کەوتبم. بڵێم چی! خۆیشم نازانم چیمە. بەڵام هەرچییەك بێ تەواو دەبێ. جێگەی من لای ئەم ژنە نییە!"

بەکاك حەیدەریی گوتبوو:" بەڵێ. ئێوە ڕاست دەکەن. دەبێ بونیام ئیرادەی هەبێ. دەبێ بونیام خۆ ڕاگرێ. دەبێ کۆڵنەدەر بێ. ژیان حیسابی دوو زائید دوو دەکاتە چوارە."

بەشیرین خانمی گوتبوو:" بونیام لەلای تۆ خەم و ئازاری بیردەچێتەوە. وا دەزانێ کە هێشتا منالە، وا دەزانێ کە هێشتا چالاکو بزێوە."

گوێی ڕادێرا. تەواوی شار نووستبوو. دەستە گرژبووەکانی ڕایەڵ کرد و خۆی لەسەر تەڵعەت خانم بەرزکردەوە. سەرپەنجەکانی دەبرژانەوە و شتێك لەنێو بوونیدا بوو کە دەیویست لە لەپی دەستییەوە بڕژێتە دەرەوە.

لەبەر خۆوە گوتی:" دەیکوژم.. ئەم جارەیان هەر بەڕاستیی دەیکوژم!"

خۆی بەرزتر کردەوە، دەستی تەڵعەت خانمی گرت و لەرزێك ڕۆچووە گیانییەوە.

درەختەکان لە دوورەوە سەیریان دەکرد. (با) لەسەر دیوارەکە ڕاوەستاو و چاوەڕێی دەکرد. تەڵعەت خانم بە چاوانێکی کراوەوە دەینۆڕی. ئارامو میهرەبان.

پێی سەیر نەبوو، نەترسابوو. قایل و دەستەمۆ و خۆشحاڵ. وەك بڵێی پێشتر خەبەری هەبووبێ و چاوەڕێی ئەم ساتەوەختەی کردبێ.

کاك مەهدەویی هەوڵیدا تەماشای نەکات. چاوانی نوقاند و زیاتر هێزی دایە دەستی. هەناسەی تەنگ دەبوو. دەمی داچەقاو و لاجانگەکانی کەوتبوونە تەپ و کوت. هەناسەی تەڵعەت خانم خۆی بە ڕوخساریدا دەکێشا. لەسەر لێوی دەنیشت. دەمارە دەرپەڕیوەکەی ملی هێو هێور لێیدەدا، لە پرچییەوە، لە پێڵووەکانییەوە، لە تەواوی دەریچەکانی پێستییەوە گەرمایەکی دێرین دەهاتەدەرێ. گەرمایەکی سیحراویی و خەوهێن.

کاك مەهدەویی هەستی کرد کە دەستەکانی لە جووڵە کەوتوون و پەنجەکانی چیدی ئەو هێزە کوژەرەیان تیانەماوە. بەخۆی گوت:" دەیکوژم، هەر ئێستا دەیکوژم. تا هێشتا دەرفەت ماوە." بەڵام دەستەکانی لەژێر ڕکێفی دەرچوو بوون و گوێ ڕایەڵیی یاسایەکی تر بوون. بیرو ئەندێشەی وەك بڵقی سەرئاو لەسەریدا دەخولایەوەو دوور دەکەوتەوە.

دووبارە زەینی پڕببوو لە ژاوەژاو و پەرتەوازەیی و وەسوەسەیەکی سەیر سیستێمی دەبێ و دەشێکانی بەسەر یەکدا دەدا. تەپەی دڵی تەڵعەت خانم پێدەچوو لەدڵی ئەرزەوە بێتەدەرێ و جەستەی وەك بۆشاییەکی گەورە و هەڵلووشەری گەردونیی، هەموو شتێکی بۆ ناخی خۆی هەڵدەمژت.

کاك مەهدەویی لەژێر لێوەوە شتێکی هەڵێت و پلێتی گوت و خۆی بە تەڵعەت خانمەوە لکاند. سەری خستە ناوەڕاستی سینەی و ئیدی بیری لە چ شتێك نەکردەوە.

ئەوکاتەی کە تەڵعەت خانم هەستا، هەتاو کەوتبوو. بە ئەسپایی سەری کاك مەهدەویی بەرزکردەوە و لەسەر باڵشتەکەی دانا. چەرچەفەکەی لەسەر شانی لادا و گوێی بۆ هەناسە هاوسەنگەکانی ڕادێرا. لە سیسەمەکە دابەزی. سەرپۆشەکەی هەڵگرتەوە کە کەوتبووە سەر ئەرزەکە. تەکاندی، کردییە سەری، بەلوعەی ئاوەکەی کردەوە، قۆڵی هەڵکرد و دەست نوێژی گرت.

❋

## 7

سفرەی شێو هەڵدەگرم، قاپەکان دەخەمە سەر ئەو قاپانەی تر کە لەدوێنێ شەوەوە لەسەریەك کەڵەکەبوون. ئاودەکەمە قۆرییەکەوە، دەینێمە سەر زۆپاکە. پاکەتە جگەرەکەم لەسەر تاقەکەیە، دوو جگەرە زیاتری تێدا نەماوە، گرینگ نییە، یەکێکیان لەگەڵ چا کەدا دەکێشم، ئەویتریشیان هەڵدەگرم بۆ ئەوکاتەی کە دەچمە ناو جێگە، بۆ ئەو کاتەی کە گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە، بۆ ئەو کاتەی کە لەژێر ئەو لێفە ساردە و لەو تاریکییە ئەستوورەدا، تەنیاییم لە جاران چڕتر دەبێت.

بەدەوری ژوورەکەدا دێم و دەچم. لەودیو قەنەفە و زۆپاکەوە. ئەمە ئیشی هەموو شەوانێکمە. بەر لەنوستن دە، دوانزە دەور یان زیاتر لێ دەدەم.

چ تۆزو خۆڵێك لە هەموو شوێنێك نیشتووە! لە شووشەکان، لە مێزەکە، لەسەر بلووری چراکە، لە چەرچەفەکان، لەسەر من، لەم ژوورە. ئەم تۆزو خۆڵە لە کوێوە دێت؟ دیارە لەدەرەوە نایەت. دەرەوە تەنها بەفرەو با. خۆ دەرگاکانیش داخراون.

ئەم تۆزو خۆڵە لێرەوە دێت، لە منەوە دێت، لە ڕوانینمەوە، لە هەناسەمەوە، لە پێستمەوە، لە ئەندێشەی تەپ و تۆزاویمەوە.

بە جەلیلی یم گوت:" تۆ لە مردن ناترسیت؟"

گوتی:" لە بەربوونەوە دەترسم، لەوە دەترسم کە وەك گا تەواو بم!"

ئەحمەدیی گوتی:" من زیاتر لە زیندوو بوون دەترسم!"

هاشمیی گوتی:" با لەم قسانە گەڕێین، ئەمە چ قسەیەکە؟"

شیرین خانم گوتی:" مردن جۆرێکە لە ڕۆیشتن، خۆ ناکرێ بونیام هەموو ژیانی لە جێگەیەکدا بمێنێتەوە."

جانتاکەی بەدەستەوە بوو. گوتم:" بۆ کوێ؟ نیازی سەفەرت هەیە؟" بۆ خوداحافیزیی هاتبوو.. گوتی:" دەمانەوێ بچین بۆ کەناری زەریا."

هاشمیی گوتی:" شتێکی باشە، تەندروستیی باش دەبێتەوە!"

پێکەنی. خۆشحاڵ بوو. چوو بوو بۆ لای سەرتاش تا وەك کاك حەیدەریی قژی بۆ چاك کات و لەناوەڕاستدا بۆی دابێنێ. چاوی چەپی ئاوسا بوو. بۆی هەڵنەدەهات. کەپوویشی هەر ئاوسا بوو، سەر ڕومەتیشی ڕووشا بوو.

گوتی:" چ نییە. کەوتووم!"

شیرین خانم بە ئەسپایی بە گوێمدا چرپاندی:" درۆ دەکا. تەلەبەکانی پاڵیان پێوەناوە، گاڵتەیان پێکردووە، لەدواوە ئاویان بە جلە تازەکانیدا کردووە."

بەو وەزعەشەوە رووی گرژ نەکرد، گوتی:" مناڵی ئاقڵن. ویستیان سوعبەتم لەگەڵ بکەن." جارێکی تریش لێدانی خواردبوو. بیرم دێ، شەوانە ئیشی دەکرد. گوتی:" دەمەوێ شیرینەکەم بۆ کەناری زەریا ببەم. پارەم نییە، موچەشیان نەداوە.

نالێم نیازیان نییە بیدەن، بەڵام هێشتا نەیانداوە، دەبێ پارەیان نەبێ." گوتی: "بەکەس مەڵێ لەکوێ ئیش دەکەم، باشە!"

چووم بەدوایدا بگەڕێم. لە پارکی ئەودیو ماڵەکەیانەوە، جۆلانەو خلیسکخلیسکێنە و چەرخ و فەلەکیان دانابوو. شوێنێکی لێبوو بەناوی — ڕاڕەوی ترس- ڕاڕەوەێکی تاریك و پێچاو پێچ بوو.

گوتم:" هاشمیی گیان، ئەمە تۆیت؟" باوەڕم نەکرد. هەر ئێسکەکەی مابۆوە، تا ناوقەدیان کردبووە گونێیەکەوە، تەنها قاچی بەدەرەوە بوو. ڕەسمیان لەسەر گونێکە کێشابوو، ئیشەکەی هاشمیی ئەوە بوو کە لە قوژبنێکدا لە ڕاڕەوی ترسدا ڕاوەستێ و خۆی وەشارێ و لەپڕ بڵێ پخ و ئەم و ئەو ڕاچڵەکێنێ.

گوتی:" زۆر لەوە دەترسم تەلەبەکانم بمناسنەوە. دوعا دەکەم کە هیچ کەسێك لێرەوە تێنەپەڕێت. دڵم نایەت خەڵکی بترسێنم."

دوای چەند شەوێك هاتە بەردەرگای ماڵەکەم. کات درەنگ بوو. لەودیو پلوسکەکەوە ڕاوەستابوو. شتی هەلەق و مەلەقی بەچرپە لەژێر لێوەوە دەگوت. گوتم:" چییە؟ چ بووە؟ بۆ دەنگت دەرنایەت؟" ڕوخساری خوێناوی بوو. گوتی: "قەت باش نییە مرۆڤ پخ لەمو لەو بکات. ئاخر کەی ئەوە یارییە. حەقیان بوو تووڕەبن!"

دیاربوو بیراز کرابوو، بیرازێکی حیسابیی!

ئەو ڕۆژەم بیردێ کە چوون بۆ باکوور. شیرین خانم لەجامی دواوەی پاسەکەوە تەماشای دەکردم. ڕەنگی گۆڕابوو، لە منداڵێك دەچوو کە یەکسەر پیر بووبێ. دڵم

لە ناوەوەڕا داخورپا. ئەو ڕۆژەم کەوتەوە یاد کە لە حەوزەکەدا ئاوی بە خۆیدا دەکرد.

لەئاوەکەدا پرشنگی دەدا. دەدرەوشایەوە. لەگوڵە وەنەوشە دەچوو. نەدەکرا زۆر لێی نزیك بیتەوە. بونیام دەترسا لەوەی کە بە هەناسەی پێستە پاکیژەکەی بژاکێنێت. بیرم دێ هاشمیی هەمیشە لەژێر لێوەوە پێی دەگوت:" خودا دەزانێت تۆ کێیت؟ تا ئێستا لەکوێ بوویت؟"

ڕاهاتبووین کە نەپرسین، گرنگ ئەوەبوو هاتبوو. گرنگ ئەوە بوو ئێمەی دۆزیبۆوە. تەنها حەیدەریی بوو کە هەمیشە بەدوای ناسنامەی شیرین خانمدا دەگەڕاو قەناعەتی نەدەکرد.

جێگەیان چەند خاڵییە. هەموویان. چەند هەزار جار سەیری ئەم وێنەیەی سەر تاقەکەم کردبێ باشە؟ تەماشاکردنی ئەم وێنەیە ئیشی هەموو شەوانێکمە. هەندێ جار شێوەیانم بیردەچێتەوە، ڕوخساریان لە زەینمدا تێکەڵاوی یەکتر دەبن.

کاك حەیدەریی بە چاوانی شیرین خانم تەماشام دەکات. تەڵعەت خانم بە چەندین دەستەوە، بە تێکەڵەیەك لە کاك مەهدەویی و ئەنوەریی لە پێش چاوانمدا دەردەکەوێت. بیر لە هەر کامیان دەکەمەوە ئەویتریان لەوێیە. وەدیار دەکەوێ و بەزۆر ئامادەیی خۆی دەسەپێنێ.

دوێنێ شەو خەوم بە مەهدەوییەوە بینی. لەکوێ بووین؟ بیرم نییە. چیمان دەکرد؟ ئەمەیشم بیر نییە. تەنها دەزانم کە بەدرێژایی شەو پێکەوە بووین. دڵم چەند بۆی تەنگ بوو! دڵم بۆ دەم و چاوی گرد و کەپووی سووری، دڵم بۆ کوڵمی

ئاڵ و گوێچکەی پەمەیی، دڵم بۆ پێ چەقێنییە منالاَنەو تەمبەڵەییە لەڕادەبەدەرەکەی تەنگ بوو.

مردنەکەشی هەروەك خۆی ساکاربوو. کەوتە حەوزی ماڵەکەی خۆیانەوە و خنکا. قاچی لە قوڕو لیتە و قەوزەکۆنی بنی حەوزەکە گیر ببوو.

چ سەفەرێك بوو! خۆزیا نەڕۆیشتباین.! جەلیلیی گوتی:" چ پێ وقەدەم شەڕ بووین! ئیتر چۆن ڕوومان بێت تەماشای تەڵعەت خانم بکەین؟"

شەوی پێشتر گەیشتبووین. هێشتا هیلاکیی ڕێگەمان لە جەستە دەرنەچووبوو کە ئەو ڕووداوە قەوما. باوەڕمان نەدەکرد. منو جەلیلیی بووین. لەبەر دەرگای حەوشەدا وەستابووین و نەماندەتوانی هەنگاو بۆ ژوورەوە هەڵێنین. گوتمان ڕەنگە خەوبببینین. گوتمان دەشێ هەموو ئەو شتانە لە یارییەك زیاتر نەبن.

هێشتا دەنگی لەگوێماندا بوو. هێشتا لامانەوە بوو. مەرگ نەیدەتوانی هێند سانابێ. هێند بێشەرم و بێ سەروبەرە بێ.

تەڵعەت خانم لاشەکەی لەسەر سەنگ چنی حەوشە دانابوو. لەژێر درەختەکەدا، لەقەراغ باخەکەدا، تەماشای دەکرد. بەقوونە خشکێ بەدەوریدا دەگەڕا. بۆنی پێوە دەکرد.. هێواش هێواش بانگی دەکرد. ئاوی چاکەتەکەی دەگوشی و دەیلوراند. نەیدەهێشت نزیکی بینەوە. نەیدەهێشت دەستی لێبدەین. بەسەر مەهدەویی‌دا دانەویبۆوە تا لە تیشکی هەتاو بیپارێزێ. دەستی نابووە ژێر سەری و مێشی لە ڕوخساری دەردەکرد.

چۆن بوو چووین بۆ گورگان؟ بیرم نییە! ڕۆژێك سواری ترۆمبێل بووین و بەڕێ کەوتین. منو جەلیلیی بووین. یەکێکی تریشمان لەگەڵ بوو.. کێ بوو؟ بیرم نییە!

به جەلیلی یم گوت:" تۆ لە دەرگا بدە. من ناوێرم!"

ژنێکی میهرەبان بوو. میهرەبانتر لەوەی کە خۆی پیشان دەدا. بە وت و وریاییەوە دەرگاکەی کردەوە. لەدرزی دەرگاکەوە ورد ورد سەیری کردین. گوتی: "چییە؟ چیتان دەوێت؟"

ئەحواڵی مەهدەویمان پرسی، وەڵامی نەدایەوە. سەری دەرهێنا و لەوسەری کۆڵانی ڕووانی. گوتی:" ئەنوەریتان لەگەڵ نییە؟"

ویستمان بگەڕێینەوە. نەیهێشت. مڕەمڕێکی کرد و لەژێر لێوەوە کەوتە جنێوپێدانمان. گوتی:" چیتانە؟ بۆچی ڕاوەستاون و تەماشام دەکەن؟"

جانتاکانمانی لەبن هەنگڵ نا و لە گۆشەیەکی حەوشەکەی دانان. ئێوارەش چێشتێکی خۆشی بۆ لێناین، پڕی کردبوو لە داوو دەرمانی توون. پڕبوو لەتام و بۆیەك کە پێمان نائاشنا بوو. شەو کە نووستین ئاگای لێمان بوو، نزیکی سپێدە هاتە ژوور سەری جەلیلیی و داپۆشی. هێور هێور دەرمانی مێش و مێرووی کرد بە دەوری قەرەوێڵەکەی مندا.

بە دەستی خۆی کاك مەهدەویی ناشت. سەرقەبران جگە لە ئێمە کەسی تری لێ نەبوو. نمە نمە باران دەباری. با خۆی دەکرد بەژێر چارشێوە ڕەشەکەیدا، لە جاران کەتەتر دەینواند. وەك مەلێکی خەمگینی بەتەمەن. نەگریا.. گەر گریاش بێ ئەوا لەبەردەمی ئێمەدا نەبوو، ڕوخساریمان نەبینی، تەنها دەستی بوو کە جارناجار لەچارشێوەکەیەوە دەهاتە دەر و چنگی بەخۆڵی سەرقەبرەکەدا دەکرد.

گوتی:" ئەمڕۆ بەیانی شتم. نەیهێشت لفکەی لێ بدەم. کەوتمە لێدانی.. عاجز بوو. گوتی ئاخر دەتۆرێم و دەڕۆم. باوەڕم نەکرد. چوو نامەیەکی دوورو درێژی بۆ

ئەنوەریی نووسی، نەوازشتم کرد، بە قوربان و بەسەدەقەی بووم، بەسەر دەست و پایدا کەوتم. سوودی نەبوو. هەر بە عاجزیی مایەوە، هەر بە عاجزیی مرد."

گەڕاینەوە ماڵەوە. لای حەوزەکەوە ڕاوەستا و لە بنی ئاوەکە وردبۆوە. لەو بلْقانەی ڕووانی کە بەسەر ئاوەکەوە دەسووڕانەوە. تەماشای چڵکاوی ناو پاشۆرگەکەی کرد. واق وڕماو چاوانی کرابوونەوە. لچی وەك قەپۆزی سەگێکی هار دەلەرزی و نوکی ددانە سپییەکانی دەدرەوشانەوە. لەخۆی نەدەچوو، لە چ کەسێك نەدەچوو کە ئێمە بیناسین. لە ڕوخسارێك دەچوو کە وەك بڵێیی لە خەوندا بینیبێتمان. یان وێنەی ناو کتێبێك، یاخود وێنەی خەیاڵیی ژنێك کە ڕۆژێك حەکایەتەکەیان بۆ گێڕابینەوە.

ئاوڕی دایەوە. تەماشای کردین. پرسی:" بۆچی لەبەر دەرگا ڕاوەستاون؟"

گوتم:" وا باشترە حەیدەریی ئاگادار کەین!"

چارشێوەکەی لەسەری داگرتبوو. جلکە ڕەشەکانی، وەك جلکی بوکێنییەکەی بەبەر تەسك و کورت بوو. چای بۆ هێناین. حەزی دەکرد نانی نیوەڕۆ لای ئەو بخۆین. پێڵاوەکانی مەهدەویی لەپاڵ دەرگاکەدا هەڵگرت، پاکی کردنەوە، خستنییە ژێر قەرەوێڵەکە.

گوتی:" ڕەفیقی نیوەڕێ بە کەڵکی بونیام نایەت. هێند سەیری ئەو دەرگایەمان کرد ئاوی چاومان داهات. کەچی ئەنوەریی هەر نەهات!"

لە دەرگادرا، هاوسێکانیان بوون. هاتبوون سەرەخۆشیی لیٚ بکەن. نەیهێشت بێنە ژوورەوە، دەرگاکەی بە ڕوودا داخستن و لەژێر لێوەوە کەوتە جنێوپێدانیان.

بەدەم ڕێوە، چەرچەفەکانی سەر تەنافەکەی لێکردنەوە و لەسەر قەنەفەکەی هەیوان دایانان. گوتی:" گەر ئەنوەریی هاتبا، ئەمە ڕووینەدەدا!"

جەلیلیی گوتی:" ئێمە ئیتر دەڕۆین!"

جانتاکانمانی لەبن هەنگڵ نا. هەرچەندمان کرد کە لێی بگرین، بەڵام ڕێگەی نەداین. تا سەری کۆڵان بەڕێی کردین، بەژێر قورئاندا ڕەتی کردین. باوەشی پێداکردین و سەری ماچکردین.

گوتم:" تەڵعەت خانم چیت بۆ بکەین؟"

پێکەنی. گوتی:" کە کاتی هات، جوابتان بۆ دەنێرم!"

جوابی بۆ نەناردین. چەندین جار نامەم بۆ نووسی، جوابی نەدامەوە. لەگەڵ جەلیلیی‌دا چووین بۆ دایرەی تەلەفۆنات و تەلەفۆنمان بۆ گورگان کرد. کەس تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت، پرسیارمان کرد. گوتیان دەمێکە لێرە گواستویەتییەوە، دەمێکە لێرە نەماوە.

لەپاڵ پەنجەرەکەدا ڕادەوەستم. چ بەفرێك دەبارێت! چ سپێتییەکی ترسناك! هیچ کەسێك دیار نییە. پەنجەرەیەك بەرامبەری ژوورەکەمە. دیوارێکی چیمەنتۆ و هەمدیس ڕیزێك پەنجەرەی داخراو. چ ڕویداوە؟ وەك بڵێی کەس لە شاردا نەمابێت! یاخود هەموویان مردبن، یان بووبێتنە بەرد! دەشێ ژیان لە تێپەڕینی بزێوانەی خۆیدا ژووره چکۆڵەکەی منی بیر چووبێتەوە! (با) پروشەی بەفر بەلاڤ دەکات. بە تەلی کارەبا شەختەبەندەکانەوە هەڵدەواسرێ و لەدەرەوە خۆی بە شوشەی پەنجەرەکاندا دەسوێ. کەسێك لەم کۆڵانەوە تێپەڕیوە، جێگەپێکانی لەسەر بەفرەکەیە، لەودیو کەلاوەکەوە هاتووە. چۆتە ئەوسەری شەقامەکە و هەمدیس

گەڕاوەتەوە، لەژێر پەنجەرەکەی مندا ڕاوەستاوە و بێهوودە پیاسەی کردووە. جێگە پێکانی لەپاڵ دیوارەکەدا دووڵ و ناڕێك و پێکن..وەك بڵێی بەدوای کەسێکدا گەڕابێ.

ئەو کەسە کێ بووە کە لەژێر پەنجەرەکەی مندا پیاسەی کردووە؟ بەفر جێگە پێ خاڵییەکانی پڕ دەکاتەوە. دەشێ بەدوای ماڵەکەی مندا گەڕابێت. سبەینێ لەپاڵ پەنجەرەکەدا دادەنیشم و سەیر دەکەم. سبەینێ، هەمیشە لە چاوەڕوانی سبەینێدا. بەڵام ئەم سبەینێیە جیاوازە لە هەموو سبەینێکانی تر، ئەم سبەینێیە دەکرێ هەمیشە ببێتە دوایین سبەینێ.

دەگەڕێمەوە بۆ جێگەکەم لەپاڵ زۆپاکەدا دەگەڕێمەوە. چا یەکی خەست تێدەکەم، دادەنیشم. کەڵەشێری کاتژمێرەکە لەخۆوە دەقوقێنێ. هەندێك جار هەر دە دەقیقە جارێك ملی قوت دەکاتەوە و دەقووقێنێ. کەیفی خۆیەتی. بە یەکتر ڕاهاتووین.

گەر ئەم یادەوەرییانە نەبان چیم کردبا؟ ئەم شەوانەم چۆن بەڕێ کردبان؟ هەر شەوێك نۆرەی یەکێکە.. هاشمیی، مەهدەویی، ئەنوەریی، شیرین خانم، حەیدەریی، دڵم نایەت بیر لە جەلیلیی بکەمەوە. دەشێ بترسم!

عەزیزیی گوتی:" ئەم پیاوە لە ئێمە ناچێ، لە قوماشێکی ترە."

عەسکەریی گوتی:" بۆیە لێی دەترسن لەبەرئەوەی خەوی خۆشتان لێ دەتارێنێ. لەبەرئەوەی دەستتان کەشف دەکات!"

حەیدەریی گوتی:" واباشە ئارام بگرین تا ژیان ئاقڵی دەکا."

لەماڵی جەلیلی بووین. خەزووریشی لەوێ بوو. لە سەروو هەمووانەوە دانیشتبوو. لەبارەی سەفەرەکەیەوە بۆ فەرەنگستان، دەدوا.

جەلیلیی گوتی:" قێزم لێی دێتەوە. عەیب نەبوایە بە یەك شەق دەمکردە دەرەوە."
حەیدەریی گوتی:" چ بنەماڵەیەکی بەڕێزن. بەڕاستی ئەم هاوڕێیەی ئێمە بەختی هەیە."
گوتم: "جەلیلی گیان. ئاخر ئەقڵ شتێکی باشە. تۆ ناتوانیت بەتاقی تەنیا دونیا بگۆڕیت!"
گوتی:" من ئەو کارە دەکەم کە دەبێ بیکەم."
ڕاستی دەکرد. سوعبەتی لەگەڵ کەس نەبوو. هێشتا ئەو ڕۆژەم لەیادە کە بە کۆڵانەکاندا بەدوایدا ڕامان کرد. ئەو ڕۆژەم لەیادە کە تێگەیشتین چ فیکرو خەیالاتێك لەسەرە چکۆڵەکەیدایە و ئیدی دڵمان داخورپا.
حەیدەریی گوتی:" ئێوە چیتانە؟ بۆ شێت بوون؟ بۆچی خەریکە یەکە یەکە تیادەچن؟"
شیرین خانم.. وەك پشیلەیەکی کێویی.. دەپەڕییە ئەمبەرو ئەوبەرو یەخەگیری هەمووان دەبوو.
گوتم:" شیرین خانم، ئێمە هاوڕێی جەلیلیی ن. دەمانەوێ یارمەتی بدەین!"
هەڵبەزێوە و چرنوقێکی توندی لە دەم و چاوم گرت. گوتی:" بۆچی بردوتانەتە ژێر زەمینەکە؟" وای گوت و زریکاندی. گازی لەدەستی هاشمیی گرت و ئەڵقەی ژن هێنانەکەی دەرهێنا، فڕێی دایە کۆڵان. گوتی:" ئیتر هەمووتانم ناسی. ئیتر هیچ کامتانم خۆش ناوێ!"
حەزم دەکرد لەباوەشی بگرم. حەزم دەکرد لای خۆم داینێم. هاشمیی لە قوژبنی ژوورەکەدا دانیشتبوو. دەستەو ئەژنۆ، سەری خستبووە نێوان ئەژنۆیەوە و نەیدەزانی چ بکات!
نا ... نامەوێ بیر لە جەلیلیی بکەمەوە، خۆزیا کرابا یادی تەواوی ئەو ڕۆژ و لەحزانەی کە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، وەك هەڵمی سەر شووشەیەك بەلەپی دەست لەسەر زەینم پاك کردبایەتەوە. هەڵدەستم، قۆری و کتری و پیاڵەکە لای قاپەکانەوە دادەنێم. حەبەکانی پێش خەو دەخۆم، گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە. دەچمە نێو جێگە.

جگەرەکەم بیرنەچووە. تاقە هاورێکەی کاتی خەوم، وای.. چەند ساردە. قاچم گرمۆڵە دەکەم، ئەژنۆم بەزگمەوە دەنووسێنم. دەستەکانم بەیەکدا دەگوشم، چاوانم لێك دەنێم. گوێ ڕادەدێرم. تەنانەت مشکەکانیش نوستوون.

لانی کەم جاران حەسحەسەکە فیکەی دەکێشا. بانگم دەکرد، دەهاتە ژوورەوە. باریك و بنێست و سمێڵێکی تەنکی هێشتبۆوە. خۆشحاڵ بوو لەوەی کە حەسحەسە، خۆشحاڵ بوو لەوەی کە پێڵاوەکانی قەیتانداره، خۆشحاڵ بوو لەوەی کە فیکە دەکێشێ و چاکەتەکەی پڕە لە قۆپچە. دەیگوت:" باوکی دز بووە، براکەشی هەر دز بووە، ئامۆزاکەشی کەسێکی کوشتووە و لە سێدارە دراوە."

لەلای پەنجەرەکەوە ڕادەوەستا و کڵاوەکەی بە سنگییەوە دەنوساند. دەیگوت: "بەڵام قوربان، من شەرەفم هەیە. من لە پێناوی نیشتماندا کاردەکەم." بە درێژایی شەو بەخەبەر بوو. تەنانەت شەوە سەهۆڵبەندانەکانی زستانیش نەدەنوست و تەپەی پێ و چۆقەی ددانیم لەژێر پەنجەرەکەدا دەژنەڤت.

پێڵوەکانم لێك دەنێم. دەترسم و هەستێکی نەناسراو ئاگادارم دەکاتەوە: "پیرەمێرد، دەشێ ئەمە دوایەمین شەو بێ!"

کەواتە واچاکترە نەنووم. واچاکترە کە حیسێبی هەر لەحزەیەك لەم بەرماوەیەی زەمەنم کردبێ. بەرماوەی زەمەنی من کە چەند بێ پەروا خۆی والاّ دەکا و چ بێویژدانانە هەموو شتێکم لێ دەدزێ. چەند سەیرە کە لە چاوەڕێی شتێکدا نەبیت! لەچاوەڕێی هیچ شتێکدا نەبیت! دونیا چۆڵ و هۆڵ بووە، چۆڵ و هۆڵ بووە لە شوێن، لە زەمەن، لە من.

- "پیرەمێرد، سەرت بکە بەژێر لێفەکەوە و بنوو. پیرەمێرد، ئاگاداربە.. پیرەمێرد!"

❋

## 8

هەمووان کۆبوونەتەوە. هاوڕێیان، باوك و دایك و پوور و هاوسێکان. بە دەوری قەرەوێڵەکەی کاك جەلیلیی دا دێن و دەچن. تەماشای دەکەن، لەسەر نووکی پێ دەڕۆن. بەگوێی یەکدیدا دەچرپێنن. واق وڕماو و شپرزەن.

لە ڕاڕاوەکە دەنگی ئاخاوتن دێت. دەنگی گریان. دەنگی شکاندنی کەللەشەکر.

کەسێك لەحەوشە، بە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەی کاك جەلیلییدا دێت و دەچێت. ئاگای لە دەرگاکەیە، کۆکینێکی خەراپ دەکۆکێ و جار ناجار شەق لە ئاوپرژێنەکەی پاڵ دیوارەکە هەڵدەدا.

براکەی کاك جەلیلیی بە پەلە پەنجەرەکان دادەخات.

کەسێك لەژێر قەرەوێڵەکەدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت.

کەس قسە ناکات. تەنها سەیر دەکەن، سەیری یەکتر و سەیری کاك جەلیلیی. بە ئەسپایی و بەوت و وریایی و بە لاچاو سەیری یەکترو سەیری کاك جەلیلیی دەکەن.

کەسێك دەڵێ:" خێراکەن، پەردەکانیش دابەنەوە!"

باوکی کاك جەلیلیی لەسەر ئەسکەملەکە، بێ پەرواو واق وڕماو دانیشتووە. جووڵەی بۆ ناکا، پێڵووش ناتروکێنێ. دەستی بە پیاڵەیەك چاوە لە هەوادا ماوەتەوە. ئەو کلۆ شەکرەی کە خستبوویە زاری، هێشتا لە گۆشەیەکی دەمیدایە. چاو لەگوڵەکانی فەرشەکە هەڵنابڕێت.

کاك عەزیزیی لە درزی پەردەوە چاودێری کۆڵان دەکات.

کەسێك بە وردیی، یەکە یەکە کتێبەکانی کاك جەلیلیی دەگەڕێ. شیرین خانمیش لێرەیە، لەپاڵ قەرەوێڵەکەی کاك جەلیلیدا. لێوەلەرەی پێکەوتووە، دەست بەقژە تەڕەکەی کاك جەلیلییدا دێنێ، بە ئەسپایی دەست دێنێ بەسەر لاچەناگە و لاڕوومەتیدا. نیگای گوماناویی بە ژنەکەی کاك جەلیلییو بە کاك عەزیزیی و بە کاك هاشمیی و بە باوکی کاك جەلیلی و بە هاوسێکاندا دەگێڕێ و پاشان دەگەڕێتەوە سەری کاك جەلیلی، تێناگات چ ڕوویداوە، خەمین و هەراسان و ڕەنجاوە، حەزی بەم گەمەیە نییە، بێ دەرەتان و وەڕسە، سەیری دەست و پای بەستراوی کاك جەلیلیی دەکا و نازانێ دەبێ چ بکرێ! لە بەیانییەوە تا ئێستا.. هەزار جار هەر دەیلێ و دەیلێتەوە:" چییە؟ چ بووە؟ بۆچی بە گوریس شەکەتتان داوە؟ بۆچی دەمیتان بەستووە؟"

کەس وەڵام ناداتەوە.

کاك هاشمیی لە هەمووان خەمین ترە. نوقڵی تەبڕوك و ئاوی زەمزەم و شووشەیەك مرەبای هەنجیری دەسکردی خۆی بۆ کاك جەلیلیی هێناوە. دەمی کاك جەلیلی یان بە دەستەسڕەکەی بەستۆتەوە. دەستەسڕێکی ئوتووکراو و پاك و

تەمیزە، بۆنی عەتری لێدێت. چا ی بۆ هەمووان هێناوە، هەواڵی هەموو لایەکی پرسیوە و ئاگادارە کە هیچ کەسێك سوتووی جگەرەکەی نەکاتە سەر فەرشەکە.

هاوسێکان دوو کەسن. لە دالآنەکە بەرامبەر یەك دانیشتوون. قاپە چکۆڵەکانی سەر کۆشیان پڕە لە هەنار، سێو، مۆز، بڕێك چەرەس، دوو کوت کالْباس و چەند سوهانێکی هەنگوینیی. هێشتا دەستیان بۆ نەبردووە. سەریان داخستووە. تەنها جار نا جارێك نیوە بەرزبوونەوەیەك بەرزدەبنەوە. سەرێك دەکێشن و تەماشای کاك جەلیلیی دەکەن.

لەکۆڵان دەنگی ئاخاوتن و تەپەی پێ دێت. ژنەکەی کاك جەلیلیی قسەکەی تەواو ناکا و بە ترسەوە لە براکەی کاك جەلیلیی دەنۆڕێ. چاوانی سوور هەڵگەڕاون. بە درێژایی شەوو ڕۆژی پێشتر کوڵی گریانی بەربوو. هەنووکە تەماشای کاك جەلیلیی دەکات، تەماشای کاك عەزیزیی و تەماشای ئەملاولا.

دەنگەکان نزیك و بەرزتر دێنەگوێ.

باوکی کاك جەلیلیی، وەك کەسێك کە لە خەو ڕاپەڕیبێ، شپرزە و هەراسان گوێ بۆ دەنگەکان هەڵدەخات. لیکی دەمی قووت دەداتەوە. بە پەلە پاشماوەی کلۆ شەکرەکەی بن ددانی دادەکرمێنێ. دەپرسێ:" چییە؟ چییە؟"

ژنەکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" ئەوا هاتن!"

براکەی کاك جەلیلیی پەنجەی دەخاتە سەردەمی و لەسەر نوکی پێ دەڕوات.

لەگەڵ کاك عەزیزیی‌دا لە درزی پەردەکەوە تەماشای دەرەوە دەکەن. کۆڵان تاریکە. تەپەی پا کان دوور دەکەونەوە.

کاك هاشمیی پیاڵەکان کۆدەکاتەوە.

ژنەکەی کاك جەلیلیی دەداتە پرمەی گریان. دەستە کلیلی گەنجینەکان بە بەرۆکی کراسەکەیەوە لەسەر سینەی زرینگە زرینگەی دێ. دەڵێ:" چ بکەین باشە؟" پاڵ بەدیوارەکەوە دەدا و بەسەرسوڕمانەوە لە کاك جەلیلیی دەنۆڕێ. باوەڕناکات. بە ڕقەوە گاز لە لێوی دەگرێ و بە تیلەی چاو خۆی لەئاوێنەکەدا تەماشا دەکات. دەڵێ:" دەشێ هەموو ئەمانە خەون بن. مۆتەکە بن!" سەر ڕادەوەشێنێ، بە توندی نینۆك دەنێ بەو زیپکەیەدا کە لە لالێوی هاتووە، زمانی پێدادێنێ و هەمدیس لە چاوانی شەکەت و بێ پەروای کاك جەلیلیی دەنۆڕێ. دەپرسێ:" ئاخر بۆچی؟ چۆن توانیت؟ بۆچی؟"

کاك هاشمیی خەمی شیرین خانمیەتی. خەمی هەمووانێتی. یەکێ لە تابلۆ شێوەکارییەکانی ئەمیان بە دیوارەکەوە هەڵواسیوە. تابلۆکە بریتییە لە وێنەی زەریا و چەند مەلێك و ئاسمانێکی پاك و سازگار.

ژنەکەی کاك جەلیلیی بە مشت بە شیشی قەرەوێڵەی مێردەکەیدا دەکێشێ. هەمووان تەماشای دەکەن. کاك عەزیزیی سەر ڕادەوەشێنێ. ژنەکەی کاك جەلیلیی دەزریکێنێ. هاوسێکان هەڵدەسن و ڕادەوەستن. قاپەکانیان قایم گرتووە. مۆز و سوهانە هەنگوینییەکەیان خواردووە.

هەمووان لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن. هەمووان پێکەوە لەگەڵ ژنەکەی کاك جەلیلییدا دەدوێن. هەمووان پێکەوە سەیری باوکی کاك جەلیلیی دەکەن کە هاوار دەکا. هەمووان بێدەنگ دەبن.

هاوسێکان هاتوونەتە ژووری. لای دەرگاکەوە ڕاوەستاون. شیرین خانم دەیەوێ دەستی کاک جەلیلیی بکاتەوە، ناتوانێ. دانەویوەتەوە و بە ددان گاز لە گرێی گوریسەکە دەگرێ.

باوکی کاک جەلیلیی دەنگی نزم دەکاتەوە. هانکە هانکی پێکەوتووە. ڕەبۆکەی بۆ گەڕاوەتەوە و مێشوولەیەکی زل بەدەم و چاوییەوەی داوە. دەڵێ:" پێویستە هەمووتان وەك من خوێن ساردبن. پێویستە جۆرێك ڕەوتار بکەین وەك ئەوەی کە چ شتێ ڕوووینەدابێ!"

وا دەڵێ و جێگەی سوور هەڵگەڕاو و ئاوساوی مێشوولەکان لەسەر دەم و چاوی دەخورێنێ. بە دەنگێك کە وەك بڵێی لەبنی چاڵێکەوە بێتەدەر، دەڵێ:" دەبێ وا پیشان دەین کە ئەگەر کەسێك بێت وا بزانێت ئەمە کۆبوونەیەکی هاوڕێیانەیە. وابزانێت ئەمە میواندارییە کە بۆ خۆمان قسەدەکەین و پێدەکەنین."

دەڕوا و سەنتورەکەی لەودیو پەردەکەوە دێنێ، فووی لێدەکا، بەسەر قۆڵەکەی تۆزو خۆڵەکەی دەسڕێ.

هاوسێکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. تەماشای ئەملاولا دەکەن. بە دوای چەقۆو کلینێکس دا دەگەڕێن تا هەنارەکانیان بخۆن. نایدۆزنەوە.

ڕوخساری پورە بەتول لەودیو شوشەی دەرگای گەنجەکەوە دەجووڵێ. شتێك جگە لەچاو لەودیو چاویلکە خۆڵەمێشییەکەیەوە دەدرەوشێتەوە، وەك بڵێی بیەوێ پێبکەنێ. دگانە زەردەکانی زۆرو شاشن.

لە دەرگا دەدرێ. ژنەکەی کاک جەلیلیی لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ. ئەو کەسەی لای پەنجەرەکەوەیە، بە توندیی بە شووشەکەدا دەکێشێ. براکەی کاک جەلیلیی هەوڵ دەدا شیرین خانم لای کاک جەلیلیی دوورخاتەوە.

لە دەرگا دەدرێ. ئەمجارەیان توند تر، شێلگیرانە تر.

باوکی کاک جەلیلیی توند پەنجە بە ژێی سەنتورەکەیدا دەدات. دەڵێ:" دەبێ خوێن ساردبین. وەك ئەوەی هیچ نەبووبێ!" کاک عەزیزیی پەنجەرەکە دەکاتەوە و لەگەڵ نەفەرەکەی حەوشەدا قسان دەکات. پورە بەتول لەودیو دەرگای گەنجەکەوە دەڵێت:" باشترە هەڵیگرن و لێرەی بگوێزنەوە. پێم گوتن هەناسەی شەیتان تێکەڵ بەگیانی بووە. هەمووتان تووش دەکات."

لە دەرگا دەدرێ. لەسەریەك لەدەرگا دەدرێ.

باوکی کاک جەلیلیی بە پەلە شتێکی بێ سەرو بەرە دەژەنێ. کاک هاشمیی بەگاگۆلکێ لەودیو قەنەفەکانەوە بەدوای کەوچکێکی چا دا دەگەڕێ کە ون بووە.

لە حەوشەوە بەردەوام بە شوشەی پەنجەرەکەدا دەکێشرێت.

کاک عەزیزیی دەڵێت:" چار نییە. پێویستە دەرگاکە بکەینەوە." قۆپچەی چاکەتەکەی دادەخات. پژمینەکەی قووت دەداتەوە و بە شەکەتیی سەیری کاتژمێرەکەی دەکات. لەجاران قەڵەوتر بووە. دەستی پڕ لە پەڵە و چڵکە. نەخۆشییەکی تازەیە. چنگێ حەب لەگیرفانی دەردێنێ. دەیخاتە دەمی و قووتیان دەدا.

کاک عەسکەریی لەسەربانە. دەنگی لەناو لوولەی زۆپاکەوە دێت. دەڵێ:" کاک حەیدەرییە. دەرگاکە بکەنەوە."

کاك هاشمیی سەری لەپشت قەنەفەکەوە دەردێنێ. پێدەکەنێ و کەوچکی چا کە پیشانی هەمووان دەدات کە دۆزیویێتییەوە. دەنگی کاك حەیدەریی لە حەوشە دێت، لە ڕاڕاوەکە، لەودیو دەرگاوە. هاوسێکان بەدەمی پڕ لە خواردنەوە چاك و چۆنیی لەگەڵ یەکتر دەکەن.

پوورە بەتول ڕوخساری بەشووشەی گەنجەکەوە نوساندووە. دوعا دەخوێنێ و لای دەرگاکەوە فوو بەناو ژوورەکەدا دەکات.

کاك هاشمیی بە پەلە ئەو کورسییە بۆ کاك حەیدەریی دێنێ کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا دانراوە. لەپاڵ قەرەوێڵەکەی کاك جەلیلییدا دایدەنێ.

هەمووان لەکاك حەیدەریی دەنۆڕن.

باوکی کاك جەلیلیی بە نینۆك لە ژێکانی سەنتورەکە دەدا و بە پەژارەوە کوڕەکەی پیشانی کاك حەیدەریی دەدات.

کاك حەیدەریی دەڵێ:" بەڕاستی سەیرە، ناچێتە ئەقڵەوە."

ژنەکەی کاك جەلیلیی قاپی میوەکان لەبەردەم هاوسێکان هەڵدەگرێ. لە پاڵ دەستی کاك حەیدەریدا دایاندەنێ. دەڵێ:" بینیتان، سەرەنجام دەستی خۆی وەشاند!"

باوکی کاك جەلیلیی مەزراب*ەکانی سەنتورەکەی لەهەوادا تەکان دەدا. هەناسەی قورستر بووە و جێی مێشوولەکانیش لەسەر ڕوخساری گەورەتر وەدیار دەکەون. دەڵێت:" گەر لە ژیاندا لەشتێکی کەم بووایە، هێندە خەفەتم بۆ

---

* مەزراب: ئەو دوو چیلکەیەیە کە ئامێری سەنتوری پێ دەژەنرێ.

نەدەخوارد. لانی کەم تێدەگەیشتم کە بۆچی ئاوها کوت و پڕ ئەقڵی تێك چووە. تێدەگەیشتم کە بۆچی ئەم گوناهە گەورەیەی بەرامبەر خۆی و بەرامبەر بە هەمووومان لێوەشاوەتەوە."

شیرین خانم نێوچەوانی گرژ کردووە. لە قوژبنێکدا دانیشتووە.

بەجۆرێك سەیری هەمووان دەکات وەك ئەوەی هەرگیز لەمەوبەر ئەو ڕوخسارانەی نەبینیبێت."

کاك عەزیزیی قەیتانی پێڵاوە تەسکەکانی دەکاتەوە. سەر دڵی دەکزێتەوە و حەبەکانی ئەعسابی پێ نییە. باوێشکێکی درێژ دەدا و لەگەڵیدا ئاخێکی بێ دەرەتانانە هەڵدەکێشێ. چنگێ دگانی ئاڵتون لە بنی چاڵی تاریکی دەمیدا دەدرەوشێنەوە.

پوورە بەتول لەناو دەرگاکەدا دانیشتووە. لەژێر چارشێوە ڕەشەکەیەوە، لەبەر خۆیەوە شتی هەلەق و مەلەق دەبێژێ.

کاك حەیدەریی وەك زانایەك کە ڤایرۆسێکی تازەی دۆزیبێتەوە، تەماشای جەلیلیی دەکات. چاویلکە هەتاوییەکەی دادەگرێ و چاویلکە زەڕەبینییەکەی دەکاتە چاو. دادەنەوێتەوە و بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە ئەمە هەمان جەلیلییەکەی جارانە، لە نزیکەوە تەماشای دەکات.

شیرین خانم بە پەژارەوە و بە ئەسپایی دەڵێت:" گەر ڕاست دەکەن دەمی بکەنەوە!"

کاك حەیدەریی لێوی خۆی دەگەزێ. سەری بۆ دواوە دەبات. پاڵدەداتەوە و لە خاڵێکی دوور ڕادەمێنێ. هەموو نیشانەکان لێرەدان. هەموو نیشانەکان ئاماژەن بۆ نەخۆشییەکی ترسناك. شیرین خانم دەڵێ:" لێی دەترسن؟ وایە؟"

هەموو چاوەکان لە کاك حەیدەریی وردبوونەتەوە. هەموو گوێیەکان چاوەڕێی دەنگی ئەون. کاك هاشمیی لەسەر ئەژنۆ لەپاڵ قەرەوێڵەکەی کاك جەلیلیی‌دا دانیشووە. باوەشێنی دەکا.

باوکی کاك جەلیلیی لەژێر لێوەوە بەخۆی دەڵێ:" هەی کوڕی کەر، هەی کوڕی بێ ئەقڵ و نەفام!"

کاك حەیدەریی هەڵدەستێ. دەستی خستۆتە پشتی. ڕێگەی بۆ دەکەنەوە. هەنگاو دەنێ. بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێت. ئاوڕدەداتەوە و لە کاك جەلیلیی دەنۆڕێ. هەمدیس دەکەوێتەوە هاتو چۆ. لای پەنجەرەکەوە ڕادەوەستێ. پەردەکە هەڵدەداتەوە. جووڵە لەخۆی دەبڕێ.

کەس قسە ناکات.

لە ڕاڕاوەکە دەنگی کەوتن و شکانی شتێك دێت. پووره بەتول بەرزتر دوعا دەخوێنێ.

دەنگی کاك عەسکەریی لە لوولەی زۆپاکەدا دەنگ دەداتەوە. هەواڵ دەدا کە چەند کەسێك هاتوونەتە کۆڵان.

بە لەقە بە دەرگاکەدا دەماڵن. کوڕەکەی کاك جەلیلییە کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە. دەپەڕێتە ناوەڕاستی ژوورەکە و پاشماوەی ئەو شەربەتە هەڵدەقوڕێنێ کە لەسەر مێزەکە دانراوە. دەستە مەرەکەباوییەکانی بە ڕووپۆشی مێزەکەدا

دەساوێ. کتێبەکانی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بڵاودەکاتەوە و بەخۆشحاڵییەوە ئەو سفرە پیشانی هەموان دەدات کە لەوانەی ماتماتیکدا وەریگرتووە. بە دەوری هۆدەکەدا دەکەوێتە خەت خەتێن و دەنگی سەیر سەیر دەردێنێ. تەماشای دەمی بەستراوی باوکی دەکات و پێدەکەنێ.

پوورە بەتوول لە ژێر چارشێوەکەیەوە جنێوی پێدەدا. دەڵێت:" هەر دەڵێی باوکێتی. حەرامزادەی زۆڵە!"

کاک حەیدەریی هەمدیس دەکەوێتەوە هاتو چۆ. دێت و لای قەرەوێڵەکەی کاک جەلیلییەوە ڕادەوەستێ. دەڵێت:" هەمیشە ئەم پیاوە نیگەرانی دەکردم. قسە بێ سەرو بەرەکانی دڵیان دادەخورپاندم. بەچاوی خۆم دەمبینی کە چۆن دەیەوێ خۆی لە ئێمە دابڕێ و بڕوات. بەڵام دەمگوت ڕۆژێك دێ کە ئەقڵ بێنێتەوە بەرخۆی."

ژنەکەی کاک جەلیلیی هەمدیس کوڵی گریانی بەربوو. کەوتەوە فینگە فینگ و ئاخ هەڵکێشان. دەڵێ:" چەند بەختەوەربووین، هەموو شتێکمان هەبوو. خانوو، قەمەرە، مناڵ و شەخسییەتی کۆمەڵایەتیی."

براکەی کاک جەلیلیی دەڵێ:" خۆزیا بەر لەوەی مەسەلەکە هێند تەشەنەی سەندبا، دەستو قاچیمان بەستبا!" پوورە بەتوول دەخزێتە پێشتر. دەڵێ:" ئەم شتانە لە خوێنی بونیامدان. هەر لە مناڵییەوە شەڕانگێز و گڕۆز بوو. مەمکی نەدەگرت. لە گەنجیشدا جۆرێکی تر بوو، سەیرکردنەکەی بونیامی دەترساند."

لەدەرگا دەدرێ. هەموان لەکاک حەیدەریی دەنۆڕن. کاک عەسکەریی هەواڵ دەدات کە غەریبە نییە.

هاشمیی ڕادەکات دەرگاکە بکاتەوە. ئامۆزاکانن. پزیشکێك و قوتوویەك نوقڵی داداش زادە[*] یان هێناوە. هەناسەبڕکێیان پێکەوتووە و لەگەڵ هەمواندا دەدوێن. شەکەت و تۆزو خۆڵاویین.

بۆنی تا و بۆنی تینوێتییان لێدێت. دادەنەونەوە و سەری کاك جەلیلیی ماچ دەکەن. تەوقە لەگەڵ یەکە بەیەکەی خەڵکەکەدا دەکەن. بۆ یەکە بە یەکەیان دەچەمنەوە. بەسەر شانی ژنەکەی کاك جەلیلیدا دەکێشن. دڵنەوایی دەکەن و ئەحواڵی باوکە بەڕێزو دایکە ئازیزەکەی دەپرسن.

کاك هاشمیی کورسی بۆ جەنابی دختۆر دێنێ.

کاك حەیدەریی دەڵێ:" جەنابی دختۆر، مۆڵەت بفەرموون من مەسەلەکەتان بۆ باسکەم. ئاخر من باشترین هاوڕێی ئەوم."

پوورە بەتول وەك کیسەڵێکی ڕەش و زل، دەخزێتە پێشتر. دەنگی لەژێر چارشێوەکەیەوە دێت. دەڵێت:" بهێڵن با من بیڵێم. من ئاگام لە هەموو شتێکە."

ئامۆزاکان هەڵدەسن و چاکو چۆنیی لەگەڵ پوورە بەتولدا دەکەن، ئەحواڵی خوشکەکانی دەپرسن.

جەنابی دختۆر پیر و ڕووخۆشە. چاوە شینە وردەکانی پڕن لە پێکەنینی خۆڕایی. بەردەوام لێوە سوورباوەکانی دەجولێن. لە هەمووان دەنۆڕێ و لەسەر ئەسکەملەکەی ئەم بارەو بار دەکات.

---

(1) ناوی کارگەیەکی بەناوبانگی ئێرانە.

شەربەتی بۆ دێنن. بە یەك بین هەڵیدەقوڕێنێ و لێوی دەلێسێتەوە. دەکەوێتە ملّچە ملّچ. سەری ڕادەوەشێنێ و ڕوومەتە ئاڵەکانی دەدرەوشێنەوە. ڕەنگی گۆرەوییەکانی سوورن. دەستی بۆ شیرین خانم ڕادەوەشێنێ. تەماشای کاك جەلیلیی دەکا و پێدەکەنێ.

ژنەکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" مۆڵەت بفەرموون پێتان بڵێم بۆچی گورج قاچیمان شەتەك داوە."

براکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" ژنەکەی لە هەمووان زیاتر سوێ بە جەرگیدا چووە."

لە دەرەوە دەنگی سەیر سەیر دێت. دەنگی شاباش و هەلهەلە. دەنگی هاوار. دەنگی هۆڕنی ترۆمبێل و دەنگی وتە وتی پەڕتەوازە.

دەنگی کاك عەسکەریی لە لوولەی زۆپاکەوە دێت. دەڵێ:" مەترسن، چ شتێکی وانییە. براوە خۆشبەختەکانیان سواری وشتر کردوون و بە دەوری شاردا دەیانگەڕێنن."

لە دەرەوە دەنگی هاوارو فیقەنەی حەسحەسەکان دێت.

کاك عەسکەریی هەواڵ دەدا کە وشترەکان بەلەسە بوون. جەنابی دختۆر خەنی دەبێ و لە جێگەکەیدا هەڵدەبەزێتەوە.

هاوسێکان ڕوخسەت دەخوازن بڕۆن. لە دوورەوە خواحافیزیی دەکەن. قاپەکانیان بەتاڵە.

جەنابی دختۆر دەست دەکاتە فەحس کردن. لێدانی دڵی کاك جەلیلیی دەژمێرێ. تەماشای ژێر پێڵووەکانی دەکا. گوێ بۆ لێدانی دڵی ڕادەدێرێ. سەیری

ناو گوێچکەی دەکات. بە پەنجە بە زگ و لاکەلەکەیدا دەکێشێ. گوێ بەسنگییەوە دەنێ. پەستانی خوێنی دەگرێ. پەنجەکانی پا ی دەژمێرێ و بە شیشێکی ئاسن بەسەر ئەژنۆکانیدا دەکێشێ. لە مێژووی لەدایك بوون، کار، شوێنی کارو ناوی هاوڕێکانی دەپرسێ. دەڵێت: "هیچ نییە.. هیچ!"

باوکی کاك جەلیلیی دەڵێ:" قوربان کەللەی، کەللەی فەحس کەن!"

شیرین خانم دەڵێ:" بپرسن بۆچی دەمیان شەتەك داوە!"

ژنەکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" چارەی ترمان نەبوو. گەر دەمی بکەینەوە قسان دەکا!"

کاك حەیدەریی دەڵێ:" ئەم هاوڕێ ئازیزەمان ڕێی خۆی لێ تێك چووە. لە هەڵبژاردنی بەها ئینسانی و مانەوییەکاندا بەهەڵەدا چووە. ئەرکی ئێمەیە کە بیهێنینەوە سەر ڕێگای ڕاست."

ژنەکەی کاك جەلیلیی هێور هێور فرمێسك لەچاوانییەوە دەڕژێتە خوار. لەپاڵ مێردەکەیدا دانیشتووە و دەستە بە گوریس شەتەك دراوەکانی ماچ دەکات. دەست بەقژیدا دێنێ. دەڵێت:" هەمووی لەبەر خاتری خۆشەویستی و سلامەتیی خۆیەتی. ئەگینا چ ژنێك هەیە دڵی بێت دەست و دەمی مێردەکەی ببەستێتەوە؟ چ باوکێك؟ چ برایەك دڵی دێت؟"

کاك هاشمیی بە بەری دەست فرمێسکی چاوانی وشك دەکاتەوە. شیرین خانم لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ. ئامۆزاکان هەناسە هەڵدەکێشن.

جەنابی دختۆر توند توند شت دەنووسێت. بیردەکاتەوە.

دەڵێت:" بەڵێ. تێدەگەم. ئاگام لێیە!"

باوکی کاك جەلیلیی سەر دەباتە بناگوێی جەنابی دختۆر و بە ئەسپایی لێی دەپرسێ:" شێت بووە؟"

جەنابی دختۆر سەری دەلەقێنێ.

براکەی کاك جەلیلیی دەپرسێت:" سەرکەشییەکی ڕۆحییە؟"

جەنابی دختۆر پێدەکەنێ.

ئامۆزاکەی دەڵێت:" ئینشاڵڵا بە خواستی خودا چاك دەبێتەوە."

ژنەکەی کاك جەلیلیی بە نائارامی دەپرسێ:" چاك دەبێتەوە؟"

جەنابی دختۆر کتێبەکەی دادەخا. تەواوی چرچ و لۆچییەکانی ڕوخساری پڕدەبێت لە پێکەنینێکی بێ مانا. دەڵێ:" چ بیڵێم! ئەم نەخۆشە بۆتە چۆلەکەیەك. چۆلەکەیەك کە دەیەوێ بفڕێ.. بەڵام ناتوانێ!"

کەس نادوێ. هەمووان تەماشای یەکتر دەکەن. کاك عەزیزیی لەژێر لێوەوە دووبارەی دەکاتەوە:" چۆن بفڕێ؟ نابێ بفڕێ!"

باوکی کاك جەلیلیی واقی وڕماوە، سەرکوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاون. دەڵێ: "قوربان.. ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟"

جەنابی دختۆر بە میهرەبانییەوە سەیری دەکات. دەڵێ:" وەك نموونەیەك ئەوەم عەرز کردن."

باوکی کاك جەلیلیی هەڵدەچێ. هاوار دەکا. بە لەقە بە شیشەکانی قەرەوێڵەکەی کاك جەلیلییدا دەکێشێ و دەڵێت:" گوو دەخوا، زلەی نێرەکەر. سەیرکەن. دوای عومرێك غیرەت و ئابڕوو، تازە بەتازە کوڕی بەندە دەبێتە چۆلەکە!"

هەناسەی سوار دەبێ. دەمی دادەپچڕێ و بێدەنگ شت دەڵێ. دەکەوێتە مرەمرِ. ئامۆزاکان بە پەلە هەڵیدەگرن و لە ژوورەکە دەیبەنە دەرەوە. دەکەوێتە لنگە فرتێ و دەنگێکی سەیر، وەك دەنگی بەیەکدادانی تەنەکە لە گەروویەوە دێتەدەر."

پوورە بەتول دەخزێتە پێشتر. دێتە لای قاچی جەنابی دختۆرەوە. لەژێر چارشێوەکەیەوە دەڵێ:" هەرچی بوو، لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد. ئەو ڕۆژەی کە بۆ سەر قەبران چووبووین. بە چاوی خۆم بینیم، لە گۆشەیەکدا ڕاوەستا و لە قەبرەکانی ڕووانی. ڕەنگی سپیی هەڵگەڕا. هەڵلەرزی."

براکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" بەڵێ. ڕۆژێکیشیان لە بارەی مردنەوە قسەی لەگەڵ مندا کرد!"

کاك حەیدەریی دەڵێ:" قوربان ئەم قسانە چییە. هیچ کەسێك هێندەی من ئەم هاوڕێ ئازیزە ناناسێت. ئێمە پێکەوە گەورەبووین. هەڵبەت ئەم هاوڕێ گوناهبارەمان لە سەرەتاوە کەمێك زۆر لە فیکرەوە دەچوو. کەم و زۆر لە شت ورد دەبۆوە. بەڵام دەی باشە، ئەوە جحێڵییە و هەزار هەواو هەوەسی نەگبەتانە و دژواری تێدایە."

ژنەکەی کاك جەلیلیی دەڵێ:" بەڵام خۆ منیش باشترین ژن بووم بۆی. هەوڵم دەدا بیگۆڕم، دروستی کەمەوە. وامدەزانی شتێکم بەشتێك کردووە."

کاك حەیدەریی درێژە دەداتە قسەکانی. دەڵێ:" بەڵێ وەك گوتم .... چیم گوت؟ بەهەرحاڵ ... هەموو هاوڕێیان شانازییان پێوە دەکرد. شانازییان بە زانیارییەکانیەوە، بە هۆش و گۆش و گوڕی دەربڕینییەوە دەکرد. لە تەواوی

دەورانی خوێندندا بەیەکەم دەرچووە، ژنەکەی لە بە ئەسڵ و فەسڵترین خانەوادەیە. هەموومان ئیرەییمان بەو وەزعەی دەبرد، فەرموون خۆتان سەرنج بفەرموون.."

کاك حەیدەریی هەڵدەستێ و ئیشارەت بۆ وێنەی دەرچوونی دوا ساڵی خوێندنی کاك جەلیلیی دەکات کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. دەڵێ:" ئەمەتا.. بونیام لەزەت دەبات.. سەیر، چ زەردەخەنەیەکی بێ غەل و غەش، چ ڕوخسارێکی پڕ ئومێد. چ ڕوانینێك! جحێڵیی و گورج و گۆڵیی لە ڕوخسار و سەر و سەکوتی دەبارێت. یان بفەرموون سەرنجی ئەم وێنەیەی تر بدەن، یادگاری پیرۆزی ژن هێنان. لێرەدا هەڵبەت کەمێ پیر تر بووە، زەردەخەنەش لەسەر لێوی نییە. بەڵام چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ مرۆڤ هەمیشە پێبکەنێ. فەرموو ئەمەش یەکەمین وێنە لەگەڵ یەکەمین منداڵدا. لەنێوان خەزووری بەڕێز و خەسووی ئازیزدا ڕاوەستاوە. فەرموو ئەمەش دوا وێنە، وا بزانم لە ساڵڕۆژی لەدایك بوونی بەندەدایە. وێنەیەکی جوان نییە. خەتای وێنەگرەکەیە. ئەگینا خۆی شێوەی ئەم هاوڕێ ئازیزەمان وانییە."

جەنابی دختۆر لەنزیکەوە تەماشای وێنەکان دەکات. دەڵێ:" سەیرە، لەم وێنەیەیەی دواییدا چەند گۆڕاوە! لە هیچ شتێکدا لەوێنەکەی یەکەمی ناچێت!"

پوورە بەتول بەقاچی جەنابی دختۆردا دەکێشێ. دەڵێ:" زوربەی شەوان خەوی نەبوو، هەڵدەساو دەکەوتە هاتو چۆ. من لەدواوە چاودێریم دەکرد. وەك بڵێی شوێنێکی بیەشێ، وەك بڵێی شتێکی بێ. لەگەڵ خۆیدا قسانی دەکرد، ناڵە ناڵی دەکرد. شەوانە سەرو سەکوتی دەگۆڕا. بونیام لێی دەترسا. لەتاریکیدا هێور هێور شێوەی گورگێکی وەردەگرت، گورگێگ کە خەریك بێ هەڵمەت بەرێ و هەموان لەتو کوت کا. ددانی جیڕ دەکردەوە، بە نینۆك توێکڵی درەختەکانی هەڵدەکۆڵی.

هەر ئەوکات ئەم شتانەم بەمانە گوت. بەڵام گوێیان لێنەگرتم. باوەڕیان پێنەکردم."

ژنەکەی کاک جەلیلیی دەڵێ:" لە کوێوە بمزانیبا. هەرکە سەرم دەنایە سەر سەرین خەوم لێدەکەوت. خۆ عیلمی غەیبم پێ نەبوو."

شیرین خانم ڕیشاڵی فەرشەکەی پێکەوە هۆنیوەتەوە. کاری بەسەر کەسەوە نییە. لەتە ڕۆژنامەیەکی کۆنی لەژێر فەرشەکە دەرهێناوە و خەریکی خوێندنەوەیەتی.

کاک عەزیزیی هێشتا لەبیری چۆلەکەیەك دایە کە نەفڕیوە، چۆلەکەیەك کە نابێ بفڕێ.

ژنەکەی کاک جەلیلیی دەپرسێ:" ئێستا چ بکرێ باشە؟"

جەنابی دختۆر جانتاکەی دادەخات. هەڵدەستێ. دەڵێ:" پێویستی بەخەو هەیە، پێویستی بە حەوانەوەیەکی تەواو هەیە. ئەمە شتێکی تازە نییە. زۆرمان لەم نەخۆشانە هەبوون. لەم چۆلەکانە.. جۆرە حەپێکی بۆ دەنووسم، ڕۆژی سێ دانەی بدەنێ، تا شەوێ لەهۆش خۆی دەخات. شرینقەیەکیش بۆ شەو، تا بەیانی خەوی لێدەخات. ئیتر پاش ماوەیەك چاك دەبێتەوە. دەست و دەمیشی بکەنەوە لەجێی خۆی ناجووڵێ. دڵنیابن دەرمانی ئەمڕۆ موجیزە دەنوێنێ."

جانتاکەی هەڵدەگرێ و دەڕوات.

ئامۆزاکان هەڵدەسن و جەنابی دختۆر تا بەردەرگا دەگەیەنن. کاک هاشمیی دەڵێ:" ڕەچەتەکەم بدەنێ بچم شرینقە و حەپەکانی بۆ بکڕم."

کاك حەیدەریی دەڵێ:" وا باشترە تا سەرو سەکوتی کەسێك پەیدا نەبووە، لەچاوی خەڵکیی بشارینەوە."

پوورە بەتول دەڵێ:" بیبەنە شوێنێکی دوور."

کاك عەزیزیی دەڵێ:" ژێر زەمینەکە چۆنە؟"

شیرین خانم هەڵدەسێ و بێ خواحافیزیی دەڕوات.

ژنەکەی کاك جەلیلیی پاشماوەی میوەکان لە قاپەکاندا کۆدەکاتەوە. پوورە بەتول لەسەر ئەرزەکە هەڵدەسێ و بەرەو گەنجەکە دەڕوات.

کاك عەزیزیی بە شەکەتییەوە هەڵدەسێ. سەیری کاتژمێرەکەی دەکات. بە پەژارەوە قەیتانی پێڵاوەکانی دەبەستێ و دەڵێ:" کەواتە هەموو شتێ ڕێك و ڕاست بۆوە. دەشێ نەشبێتەوە. جیاوازی چییە؟"

قۆپچەی چاکەتەکەی دادەخا و بەسەر خوداحافیزیی لە هەمووان دەکا.

دەنگی قسەکردنی کاك عەسکەریی و عەزیزیی لەکۆڵانەوە دێت و دەنگی تەپەی پێیان کە بە پەلە دوور دەکەونەوە.

براکەی کاك جەلیلیی بەدوای کلیلی ژێر زەمینەکەدا دەگەڕێت.

کاك حەیدەریی ئارام و بێدەنگ پیاسە دەکا، سەری داخستووە، شەکەتە، قولاّیی چاوانی بەلای زەرددا دەڕوانێ. قژە بژەکەی لەناوەڕاستا ڕووتاوەتەوە.

ژنەکەی کاك جەلیلیی لای قەرەوێڵەی مێردەکەیەوە ڕاوەستاوە. تەماشای دەکات. دێتە لایەوە. دادەنوێتەوە و چەرچەفەکەی بەسەردا دەدات. ڕوو وەردەگێڕێ. شان بەرزدەکاتەوە و بە ئەسپایی دەڵێ:" چ بکەم. تاقەتی گریانیشم نەماوە!"

❋

## 9

کاك هاشمیی چاوانی کردنەوە. ژوورسەری پڕبوو لە پەلکی سەوزی لێکالاو، پڕبوو لەو تەیرە غەریبانەی کە لەودیو گەلاکانەوە چپەچپیان بوو. گوێی هەڵخست. تەنها دەنگی زەریا و وژەی خۆشی با بوو کە بەسەر لمەکەدا هەڵیکردبوو. دەنگی خشەخشی گەلاو تەیر گەلی نەبینراو بوون کە لەم پەلکەوە بۆ ئەو پەلك دەفڕین.

شیرین خانمی بیرکەوتەوە و دڵی بەیەکدا هات. شیرین خانمی بیرکەوتەوە کە لە کاتی قسان کردندا زوبانی دەگیرا. جەستە خڕیلانە چکۆڵەکەی بیرکەوتەوە. بالاکەی بیرکەوتەوە کە لە بستێك زیاتر نەبوو. میهرەبانییەکەی بیرکەوتەوە کە بۆ هەمووان بوو. میهرەبانییەك کە هەڵدەقولاو دەڕژا. میهرەبانییەك کە بێ ئەندازە جوان بوو!

کاك حەیدەریی پرسی بووی:" ئەمە کێیە؟ لەکوێوە هاتووە؟" بەڕاست لەکوێوە هاتبوو؟ کەس نەیدەزانی. شیرین خانم پێکەنیبوو. ئاماژەی بۆ جێگەیەکی دوور.. بۆ قولایی ئاسمان، بۆ ئەودیو درەختەکان، بۆ ماڵی دراوسێکەیان کردبوو. ئاماژەی بۆ حەوزەکە، بۆ سەربان کردبوو. ئاماژەی بۆ ئەمبەر و ئەوبەر کردبوو. گوتبووی:

"لەوێوە هاتووم، لەو دیوەوە، لەولاوە.. لەو دوورەوە.. لەو قوڵاییەوە. فەرقی چییە؟ هاتووم و تەواو."

کاك ئەنوەریی گوتبووی:" خانەوادەی ژن گرنگە. لەناوماندا هەر تەنها جەلیلیی بەختی لەوەدا هەبووە."

کاك هاشمیی سەری هەڵبڕیی و تەماشای ئەملاولای خۆی کرد.

شیرین خانم لەسەر شەپۆلەکان دانیشتبوو. وەك ماسییەك، وەك پەرییەکی زەریا.

هەمدیس ڕاکشایەوە. لەدڵی خۆدا گوتی:" خانمەکەم، ئازیزە خۆشەویستەکەی دڵم. چەند باشە کە هەیت. چەند باشە کە هاتیت. چەند خۆشە کە ڕۆژ لەگەڵ تۆدا دەست پێبکرێ. لەگەڵ تۆدا تەواو بێ. چەند خۆشە بونیام چاو بکاتەوە و تۆ بەرامبەر خۆی ببینێت. تۆی لەپاڵ خۆیدا ببینێت، تۆ لەدوای خۆیەوە ببینێت. لێرەو لەوێ، بۆنی کەزی و پرچت لە هەوادایە. دەنگت لە شوێنێکی نزیکەوە دێت. پێڵاوەکانت لەبەر دەرگان. جلکەکانت لەسەر فەرشەکەن. ئاسەواری جەستەت لەسەر چەرچەفەکانە. جێ دەستەکانت بە دەرو دیوارەوەیە، بە هەموو شوێنێکەوەیە."

کاك حەیدەریی گوتبووی:" وای باوکە، ئەوە کەی قسەیە! ئەم ژنە بەکەڵك نایەت. هەر ژن نییە، ناکرێ بونیام لەگەڵ ژنێکی ئاوادا بەختەوەر بێت!"

کاك ئەنوەرییش هەمان قسەی کردبوو، بەڵام بە دەنگێکی نزمترو بەکەمێك شەرمیشەوە.

مەلەكان بەنێو پەلك و لقی درەختەكاندا یەكتریان ڕاودەنا. ئەرز گەرم و لەشی مرۆڤی دادەهێزراند. كاك هاشمیی دەستی ڕایەڵ كرد و سەرپەنجەكانی بەگژوگیا تەڕەكەدا هێنا. هەناسەی هەڵكێشا. هەناسەی قووڵ و لەسەر یەك. تلیدا. توند دەم و چاوی خستە سەر لمە داخ بووەكە. بەخۆی گوت:" چ هەتاوێكی خۆشە. چ بۆنێكی خۆشە. چ ڕۆژێكی خۆشە. چ دونیایەكی خۆشە. چەند خۆشە كە زیندووم. چەند خۆشە كە هەم. خۆزیا لە ئێستاوە هەموو شتێك لە جووڵە ڕادەوەستا. بۆ هەتا هەتایە. نە شتێك هاتبا و نە شتێكیش ڕۆیشتبا. هیچ شتێك نەبووایە بە شتێكی تر. هەموو شتێ هەبووایە. تەنها هەبووایە!"

بیری لەئایندە كردەوە. بیری لەو ڕۆژە كردەوە كە ئیدی شیرین خانم نابێ و دڵی داخورپا. لە قوڵایی ئاسمانی ڕووانی، لەو دەروازە نەناسراوەی ڕووانی كە پێدەچوو زەمەنی لێوە بڕژێتە دەرێ. وەك ماددەیەكی توێنەرەوە. وەك هەناسەیەكی هیولایی كە هەموو شتێ هەڵدەلووشێ و دەیبات.

لەپی دەست و سەر ئەژنۆكانی بەتوندی خستنە سەر ئەرزەكە. لەژێر لێوەوە گوتی:" بەڵام ئێستا هەم. ئەم ساتەوەختە هی منە. ئەم بۆنە، ئەم هەتاوە، ئەم كەنارە، ئەم زەریایە هەمووی هی خۆمن. هەر ئەمەش گرینگە. ئەوە گرینگ نییە كە ڕۆژێك دەمرم. بە جەهەننەم كە ڕۆژێك دێ هەمو ئەمانەم لێدەسەنرێتەوە. من شیرین خانم هەیە. درەنگ دۆزیمەوە. زۆر درەنگ. كاتێك دۆزیمەوە نیوەی تەمەنم ڕۆیشتبوو. بەڵام ئێستا لێرەیە، بەرامبەرمە."

دانیشت. شیرین خانم لەو دیو شەپۆلەكانەوە بوو. زۆر دوور بوو. كاك هاشمیی تەماشای خاولیە زەرد و سۆڵە سپییەكانی كرد كە لە ژێر درەختەكەدا كەوتبوون و

پێکەنی. لەبەر خۆیەوە گوتی:" هەر ئێستا دێت. خاولییەکە لەخۆیەوە دەپێچێ و لە پاڵما دەخەوێت. سەر دەنێتە سەر سینگم. دەست بەدەم و چاوما دێنێ و خێرا خێرا پێڵوو دەتروکێنێ. منیش نەوازشتی دەکەم. وشکی دەکەمەوە. پا و پلە تەڕەکەی دەنێمە سەردەستم و پێی دەڵێم: شیرینەکەم، پەپوولە جوانەکەم، چەند خۆشە کە لێرەیت.. چەند خۆشە کە هەیت. ئەرێ گەر تۆ نەبایت، ئەم هەتاوە ئەوەندە گەرم و میهرەبان دەبوو؟ گەر تۆ نەبایت ئەم گژوگیایە بەهای ئەوەی دەبوو سەوزبێ؟ تینووی بوو.. مەتارەکەی هەڵگرت و نای بەسەرییەوە. خەیارێکی لە زەمیلەکە دەرهێنا، قاشی کرد، نیوەی بۆ شیرین خانم دانا. لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئەمە منم؟ هەر بەڕاست ئەمە خۆمم؟ ناشێ خەو ببینم؟ ناشێ وەهم داگیری کردبم؟" هێور و بە دوودڵییەوە دەستی بەسەریدا هێنا. سەرە کەچەڵ و خۆڵاوییەکەی خۆی بوو. دەستیدا لە نێوچەوانە زیپکاوییەکەی، دەستیدا لە ورگە شل و شۆڕو زلەکەی، دەستیدا لە قولەپێی، دەستیدا لە مێخەکە بە ئازارەکەی پای. خۆی بوو. هاشم هاشمیی بوو. دانیشتووی گەڕەکی سی مەتری. چوار ڕای حشمت الدولە، کۆڵانی شەهریوەر، ژمارە 2، تەمەن چل و دوو ساڵ، مامۆستای وێنە. بەڵێ، خۆی بوو. خۆی بەختەوەری، خۆی مەحاڵی. بەڵام خۆی بوو. کێ دەیتوانی نکوڵیی لە بوونی بکات؟ کێ دەیتوانی گوێ لە بەختەوەرییە ساکارەکەی بخەوێنێ؟ ڕێنوێنە گچکەکەی لەوێدا بوو، شیرین خانمە شیرینەکەی کە لە ئاوەکەدا شڵپ و هوڕی بوو. دەنگی لە دوورەوە دەهات. لەفیکرەوە چوو. " کێ؟ چ هێزێك ئەم ژنەی بۆ ناردووم؟ بۆچی بۆ منی ناردووە؟ مەگەر من چیم؟ چ غیرەتێکم لەخۆمدا پیشان داوە؟ هیچ.. نە ژیر بووم و نە قۆز، نە ئیمانێکم هەبووە و نە

هەڵگری بیروباوەڕێك بووم. نە لەپێناوی شتێكدا جەنگیوم و نە بەدوای شتێكدا ڕامكردووە. تەنها مامۆستایەكی وێنە بووم و هاوڕێیەكم هەبووە ناوی كاك حەیدەریی بووە. باشە بۆچی من؟ منێك كە نە ناو و ناوبانگم هەبووە و نە خاوەن پلەوپایەیەك بووم. منێك كە نە خانەدان بووم و نە خاوەن پەیامێك و نە هیچ!"

بیری لە باوكی و لە باپیرەی و لە باوكی باپیرەی كردەوە. نە ئاغا بوون و نە شێخ. نە خاوەن موجیزە بوون و نە ئەولیا. باوكی دەرمانخانەی هەبوو، داوو دەرمانی خۆماڵی لە تۆوی گوڵ و ڕەگی گژوگیا دەگرتەوە. دایكیشی هەبوو، وەك هەموو شتەكانی تر كە هەبوون و كەس نەبوونیانی بە خەیاڵدا نەدەهات.

بیری لە هاوڕێكانی كردەوە. بیری لە كاك حەیدەریی كردەوە كە باشترین هاوڕێی بوو. بیری لە كاك ئەنوەریی و ئەحمەدیی و مەهدەویی و جەلیلیی كردەوە. نەخێر، ئەم بەختەوەرییە چ پەیوەندییەكی بەوانەوە نەبوو. ئەم بەختەوەرییە بۆ ماوەیی نەبوو، وەرگێراویش نەبوو. بەڵكو موجیزە بوو. ڕووداوێك بوو تایبەت بەخۆی. هینی خۆی بوو.

بیری لە خۆی كردەوە، بیری لە مناڵیی كردەوە. بیری نەدەكەوتەوە. لەوێدا بوو لەنێو مناڵەكانی تردا. لەنێو برا و ئامۆزا و مناڵانی دەرو دراوسێدا. كامیان بوو؟ خۆی لە لێواری حەوزەكەدا بینی. خۆی لەپاڵ دیوارەكەدا بینی. خۆی لە كۆڵان یا سەربان یاخود لە حەوشی قوتابخانەدا بینی. هەر هێندەو تەواو. مناڵیی نەدیوە. بیری لە گەنجیی خۆی كردەوە. بیری لە ڕۆژانی خوێندن و لە ڕۆژانی كار. لە بیست ساڵیی و سی ساڵیی و ساڵانی دواتر یان پێشتر. خۆی بینی كە لەوێیە و كە لێرەیە و چ جێگایەكی تایبەتی و دیاریكراوی نییە. دەیزانی كە دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان

تەمەنی بیست ساڵ یان سیی ساڵ بووبێ. لەبەرئەوەی هەنووکە تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو. بەڵام کەنگێ؟ ڕابردووی وەك ماددەیەکی بێ ڕەنگ لەهەوادا پەرش ببۆوە و بیری لەهەر جێگایەك دەکردەوە، ئیدی سێبەرگەلی تێکەڵ و پێکەڵ لە جێگەکانەوە هوروژمیان بۆ زەینی دەهێنا. چ جێگایەکی لەشێوەی یەك جێگادا وەبیر نەدەهاتەوە و ڕابوردوو نیگارێکی تەڵخی ژمارەیەك ڕۆژو شەو بوو. ژمارەیەك ساتەوەختی لێکپچڕاوو پەرتەوازە و بێ سەرو بەرە بوو.

تەنها لەگەڵ شیرین خانم دا بوو کە خاوەنی یادەوەریی بوو. خاوەنی ڕابردوو بوو. خاوەنی جێگا بوو. هەموو ڕۆژێکی یاد بوو. هەموو ئەو شوێنانەی بیر بوو کە بۆی چوو بوون. هەموو ئەو کارانەی بیر بوو کە پێکەوە کردبوویانن. هەموو ئەو قسانەی بیر بوو کە لەگەڵ یەکدیدا کردبوویان. هەموو شتەکان لەگەڵ شیرین خانم دا دەستیان پێکردبوو. یەکەمین ڕۆژ و دووەمین ڕۆژ و سێیەمین ڕۆژ و ڕۆژانی دواتر. لەوێوە زەمەن دەستی پێکردبوو. زەمەنی شتەکان و زەمەنی کاك هاشمیی. شتەکان لە شیرین خانمەوە هاتبوون: تاریکیی و ڕووناکیی، وەرزەکان، جێگاکان، ئارەزووەکان، ترسەکان، یادەوەرییەکان و کاك هاشمیی. لەگەڵ شیرین خانم دا بوو کە سەیری خۆی کردبوو، خۆی بینیبوو، تێگەیشتبوو کە هەیە، کە بووە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژانیش نامێنێ. دەستی بە لەمەکەدا هێنا و تاس بردییەوە. چ خاکێکی گەرم و چ نەرم و چ زیندوو بوو! دەوران دەوری پڕ بوو لەم ماددە قاوەیی ڕەنگە. هەرگیز بیری لەخاك نەکردبۆوە، بیری لەو جەستە نەرمەی ژێر پای نەکردبۆوە. لە پاڵیدا بوو، لە تەنیشتیدا بوو، لەبەر چاویدا بوو. ئەمێستایش بۆ یەکەمین جار دەیبینی. لە پەلکە سەوزەکانی ژوور سەری ڕووانی، تەماشای ماڵۆچکە دوورەکانی

کرد، تەماشای ئاسمان، تەماشای زەریا، تەماشای دار، تەماشای گژوگیا، تەماشای بەرد. هەموو ئەوانەی بۆ یەکەمین جار دەبینی و خۆی لە مابەینیاندا سەرسوڕهێنەر دەبینی. هەموو ئەو شتانە لەکوێ بوون و گەر نەبان چ ڕووی دەدا؟

هەستایە سەرپا. دەستی بۆ شیرین خانم ڕاوەشاند. دڵی کەوتە مەراقەوە. چووە پێشتر و بانگی کرد. لە دوورەوە خاولییە زەردەکەی لەهەوادا تەکاندا و هاواریکرد: "خانم ئیتر بەسە. وەرە دەرەوە. زۆر دوور کەوتویتەوە. بگەڕێوە!"

کاك عەسکەریی گوتبووی:" بەڵێ. چەند ڕۆژێك بیبەنە کەنار زەریا. تەندروستی چاك دەبێ." کاك حەیدەریی گوتبووی:" تەمسیل دەکا، ناز دەکا. گوێی مەدەیێ!"

کاك ئەنوەریی گوتبووی:" ڕەنگە نەخۆش بێ، ڕەنگە شوێنێکی بیەشێ. بیبەرە سەر دختۆرێك!"

کاك هاشمیی سەیری چاوانی تادارو واق وڕماوی شیرین خانمی کردبوو. پرسی بووی:" خانم چیتە؟ بۆچی لە قوژبنێکدا دانیشتوویت و دەناڵێنی؟ بۆچی کوتوپڕ بە هەمووان نامۆ بوویت؟ بۆچی گوارە یاقوتییەکانت لە گوێت کردوونەتەوە و بازنگەکانت تووڕ هەڵداوە؟"

شیرین خانم لەودیو شەپۆلەکانەوە بوو. تەنها سەری لەدوورەوەڕا دەبینرا. کاك هاشمیی لەدڵی خۆیدا گوتبووی:" هاشمیی ئازیز. چۆن زەمانە هێند لەگەڵ تۆدا سازاوە؟ چۆن بوو کە تۆ لەپڕێ بوویتە خاوەنی ئەم هەمووە؟ چۆن بوو بوویتە خاوەنی ئەم هەموو چکۆڵەییەی کە بۆ تۆ ئیتر لە بڕانەوە نایەت؟ چیت کردووە؟ هیچ. تەنها ئەوە نەبێت کە ڕۆژێکیان بێ هەواڵ و بێ چاوەڕوانیی، تەماشام کرد و

بینیم کە کەسێك بەرامبەرم دانیشتووە. کەسێك پەیوەنددار بە منەوە. کەسێك کە قسەم لەگەڵ دەکا، گوێم بۆ ڕادەدێرێ، دەستم دەگرێ، ناوم دێنێ. تەماشای کردم، چاوانی پێدەکەنین. خڕو چکۆڵە و خەپان، دەیگماند. وەك شووشە، وەك بڵقێکی سەرئاو دەدرەوشایەوە. بینیم لەژێر لێفەکەمدایە، لەژێر سەرینەکەمدایە، لەنێو چرچ و لۆچیی چەرچەفەکەمدایە. بینیم پرچە وەك زەنگۆڵەکەی لەپاڵ سەرە کەچەڵەکەمدایە، پەنجە گەورە پەمەییەکەی دەستی کە بەقەد دەنکە ترێیەك بوو، نووساندبوو بە پەنجە گەورە ئەستوور و توکن و ڕەشەکەمەوە. بینیم کە لە هەموو شوێنێکە، سەیری هەر شوێنێکم کرد بینیم لەوێیە. بینیم لەهەموو ژوورەکاندایە. لە ڕاڕاوەکەدایە، لای درەختەکانەوەیە، لێرەیە و لەوێیە. پێم دەنایە هەر جێگایەك لەوێ بوو، لە هەر شوێنێك بام لەوێ بوو. پێم دەگوت:" شیرینێ.. مەگەر تۆ جنیت؟ ناشێ کچی شای پەرییان بیت؟ چییە کە پێ دەنێمە هەر شوێنێك لەوێیت؟ چییە کە لە هەموو شوێنێکیت؟ چییە کە وەك دەروێشەکان دەڵێی (هوو)، ئیدی لەهەر شوێنێك پێت خۆش بێ دەردەکەویت؟ ناشێ لەدونیای غەیبەوە هاتبیت؟" کەوام دەگوت، پێدەکەنی و ددانەکانی دەبریسکانەوە. لەپاڵما دەنوست و دەستی بەسەرمدا دەهێنا. سەری دەنایە سەرسینگم و لەژێر لێوەوە گۆرانی دەچڕی. دەمگوت:" خانم. تۆ کە هەر ئێستا لەسەربان جلکت بەتەنافدا هەڵدەخست، تۆ کە ئێستا لە موبەق خەریکی چێشت لێنان بوویت، تۆ کە ئێستا لەژێر ئەسکەملەکەدا نوستبوویت، تۆ کە هەر ئێستا دەنگت لەکۆڵان دەهات، چۆنە کە لێرەیت؟"

کە وام دەگوت، دەستی دەنایە ژێر چەنەی و تەماشای دەکردم. دەمزانی کە دەبێ هەبێ، کە دەبێ لە هەموو شوێنێك بێ. وەك ڕوناکیی، وەك هەوا، وەك

شتێك كە بڵاو و زۆرە و هەمدیس پێویستتر و باشتر لە هەموو ئەمانەیە. خۆزیا ئێستا لێرەبا، خۆزیا دەستی لەنێو دەستمدا با و قسەی لەگەڵ كردبام."

كاك عەزیزیی گوتبووی:" شیرین خانم چییە؟ بۆ هێندە بێدەنگ بوویت؟ ناشێ خەفەتی كۆترەكەت بخۆیت؟ ئەو كۆترەی كە دای لەشەقەی باڵ و جێی هێشتیت و فڕی. ها؟"

كاك حەیدەریی گوتبووی:" ئیتر خەریكە دیق دەكەم. نازانم كە دەمبینێ بۆچی ئاوها سەیرم دەكات؟ وەك بڵێی خەتای منە كە نەخۆش كەوتووە!"

كاك هاشمیی هەستایە سەرپا. ڕاوەستا. چووە پێشتر. چووە پێشتر. زەریا خۆی لەسەر كەنار دەڕشت و دەگەڕایەوە. زەریا تووڕە ببوو. مەلەكان دەیانقریشكاند. مەلەكان بەسەر پەلكەكانەوە شێت ببوون. دانەوێوە و ڕوخساری بە ئاوی زەریا تەڕكرد. تامی سوێر بوو. چاوانی برژانەوە. تەماشای كرمێكی كرد كە لای پێیەوە دەخشا. شیرین خانمی بانگ كرد. لەژێر لێوەوە گوتی:" نازەنینەكەم. شۆخ و شەنگەكەم. خودایە بە قوربانت بم. مەگەر تۆ كۆلارەیت یان هەوریت یاخود با یت كە ئاوها سوكەڵە بەسەر ڕووی ئاوەوە نووستوویت؟ هۆ ئەی تۆپەكەی من، ئەرێ بۆ هەرگیز پێت ناكەوێتە سەر ئەرز؟ شەوی عەروسییەكەمانت لەبیرە؟ لەسەر دەسكی ئەسكەمڵەكە دانیشتبویت و نووكی پەنجە چكۆڵەكەی پا ت بەئاستەم دەیدا لە فەرشەكە. ئەی كە بردمیت بۆ سەفەر؟ ئەوەشت لەبیرە؟ پێت نەدەگەیشتە ئەرزی پاسەكە. موسافیرەكان بینیتیان و پێكەنین. هاوڕێیانیش هەر پێكەنین. گوتیان:" مەگەر ژن قاتی ببوو؟ ئەمە كێیە؟ ئەمە چییە؟ ئەم گەمژەیە چییە؟ هێندەی مێروولەیەكە. بۆچی لەخۆیەوە پێدەكەنێ؟ بۆچی لەخۆیەوە خۆشحاڵە؟

بۆچی دەستی هەموو کەسێك دەگرێ و لەگەڵ هەموو کەسێکدا میهرەبانە؟ ئەمە مایەی حەیاچوونە. داب و نەریتی موعاشەرەت کردنیان فێر نەکردووە. زیرەك نییە. خوێندەوارییەکی تەواوی نییە. ئەدی ناسنامەی کوا؟ خانەوادەکەی کێیە؟ نەخێر. مەحاڵە بونیام بتوانێ لەگەڵیدا بەختەوەربێت. مەحاڵە!" کاك حەیدەریی گوتبووی:" هاوڕێی گەمژەم. بۆچی بێ ئەوەی ڕاوێژم پێبکەیت، عاشق بوویت؟ تۆ ئەقڵت ئیش ناکات. عەشق ئاوهایی نییە!"

کاك هاشمیی بە توندی چاوانی هەڵگلۆفت و دەستی خستە سەر سەری. هەتاو بەناو لەشیدا تێدەپەڕی. چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد. زەریا پڕ بوو لە پولەکەی ئاڵتونیی و بریقەدانەوەی دەیدا لەچاو. هەستی کرد خەریکە وەك مۆم هێور هێور دەتوێتەوە و پا ی وەك گژوگیایەکی هەڵگژاو لەسەر لمەکە ڕەگ دادەکوتێ.

مەلەکان بەکۆمەڵ لەم پەلکەوە بۆ ئەو پەلك دەفڕین.

کاك هاشمیی بەردێکی هەڵگرت و تێی گرتن. سەری پڕ بوو لەدەنگی سەیر سەیر. دەنگی زەریا و مەلەکان و با. گەڕایەوە ژێر درەختەکە و خاولییەکەی شیرین خانمی نایە بن هەنگڵ. جلکەکانی شیرین خانم لەولاوەتر، لەسەر لمەکە کەوتبوون. پێڵاوەکانیشی هەر لەوێ بوون. هەموو شتێ وەك جاران بوو، هەتاوێکی خۆش، ڕۆژێکی خۆش، زەریایەکی خۆش. جلکەکانی شیرین خانمی هەڵگرت و تەکاندنی. پێکەنی. تەنورەکەی شیرین خانمی بە خۆیەوە نووساند. دەستی خستە نێو سۆڵەکانەوە و زیاتر پێکەنی. سەری هەڵبڕی و بە چاو بەدوای شیرین خانمدا گەڕا. زەریا بێدەنگ و خۆڵەمێشیی. هێور هێور هەناسەی هەڵدەمژت. وەك بڵێی دڵ نیگەرانییەکەی چۆڕبڕ بووبێ. کاك هاشمیی لەژێر لێوەوە گوتی:" پەپوولە

جوانەکەم، شیرینەکەم، لەکوێی؟" چووە پێشتر.. پێشتر.. ئاو تا ئەژنۆی هات. لەملاولای خۆی ڕووانی. سەیری دواوەی کرد. سەیری ئەوسەری کەنار. گوتی: "ڕەنگ بێ لەودیو تەلاّنەکانەوە بێت، ڕەنگ بێ لەودیو گردۆلّکەکانەوە بێت، ڕەنگ بێ لە شوێنێك لەم دەوروبەرە بێ!"

کاك حەیدەریی گوتبووی:" بونیام بێ حیساب و کیتاب و لە خۆڕایی بەختەوەر نابێت. ئەم جۆرە شتانە لیاقەتیان گەرەکە."

کاك ئەنوەریی گوتبووی:" دەلّە دێوە هات و هاوڕێکەمانی برد. چەند سووك و هاسانیش بردی!"

زۆر هاسان، لە لەحزەیەکدا. لەچاوتروکاندنێکدا.

کاك هاشمیی سەیری دەستەکانی خۆی کرد کە دەلەرزین. سەیری پێستی کرد بە یەکجار سوور هەلّگەڕابوو. سەیری ئەژنۆ لاوازەکانی کرد. هەتاو بەسەریدا دەکێشا. شتێك وەك مێشوولەیەکی موزیڕ لەبنا گوێیدا کەوتبووە ویزە ویز. گەڕایەوە ژێر درەختەکە و واق وڕماوانە لە جێگەپێکانی خۆی لەسەر لمەکە ڕووانی. گوتی:" لەم ناوەیە، دلّنیام لەم نزیکانەوەیە."

زەریا نامۆ و بێ پەروا دەینۆڕی. تەنانەت جوولّەشی بۆ نەدەکرد. وەك بلّێی پڕ بووبێ لەبیرچوونەوەیەکی گەورە. لێوڕێژ بووبێ لە سکوتێکی سیحراویی.

بەرەو زەریا ڕایکرد. ڕاوەستا. ئاوڕی دایەوە و پێکەنی. سوڕایەوە و بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا گەڕایەوە کە پێیدا هاتبوو. لەبەرخۆیەوە گوتی:" دەیەوێ سەربخاتە سەرم. دەیەوێ ئازارم بدات. دەزانم.. دلّنیام!" دانیشت و بە ترسەوە گوێی لە بێدەنگیی ئەودیو تەپۆلّکەکان ڕادێرا کە هەمووشتێکی لەخۆی پڕکردبوو. ئاسمان و

زەریا. مەزەندەی کرد کە هەموو شتێك، مەزەندەی کرد کە بیابان و ئاسمان و تەنانەت بەردچنەکانی دەوروبەریشی تەماشای دەکەن. لەبەرخۆیەوە گوتی:" دیار نییە. شیرینەکەی خۆم هەر بەڕاستیی دیار نییە!"

باوەڕی نەکرد. سەرلەبەری ئەوە خەونێکی ناخۆش بوو. وەئاگا دەبۆوە و دەیبینی کە شیرین خانم لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. ڕاکشا. بە پەلە چاوانی لێکناو چاوەڕێ بوو کەسێك یان دەنگێك لەو خەوە ناخۆشەی وەئاگا بێنێتەوە. بەوەشەوە، شتێك جگە لە خەو لە قوڵایی سەریدا پێچی دەخوارد. شتێك کە لە هوشیارییدا بوو. خەبەری هەبوو، ئەمی ئاگادار دەکردەوە. شتێك کە دەیزانی هەموو ئەم شتانە گەمەن و حەقیقەت شتێکی ترە.

کەواتە وابوو. ئەم کارەساتەی کە لە دوورەوە بۆنی دەهات پەیوەندیی بەمەوە هەبوو. دانیشت. جەستەی قورس ببوو. با یەك زبر و گەرم و لینج خۆی بە ڕوخساریدا دەکێشاو وەك قوڕسێك بەجەستەیدا شۆڕ دەبۆوە و هەر بەوێشەوە دەمایەوە.

بەخۆی گوت:" هێشتا هەر لەوێیە. لەوێیە. هەر ئێستا دێت. ئەلعان دەردەکەوێت."

شتێك وەك دەستی شیرین خانم لە بنی زەریاوە دەجووڵا. بە گاگۆڵکێ کەوتەڕێ. چووە پێشتر، هەمدیس چووە پێشتر. خاولییەکەی شیرین خانم لەسەر ڕێگەکەیدا بوو. هەڵیگرتەوە. بەخۆیەوە گوشی و گازی لە چمکێکی گرت. حەزیدەکرد ئەو دوژمنە موزیرە لەخۆی دوور خاتەوە کە لە پشت کەللەیەوە کەوتبووە ورتەورت. ئەو ئاگاییە نەمرە، ئەو هەستە هەمیشەییەی واقیعییەت لەخۆی دوورخاتەوە.

بەمشت بەئەرزەکەیدا دەکێشا و ڕوخساری بە لمەکەدا دەهێنا. گوتی:" مەحاڵە، مەحاڵە!" وای گوت و پێکەنی. بەرزتر پێکەنی. توند تر.. خەمین تر. هەوڵیدا گۆرانی بێژێ، هەوڵیدا پەڵە هەورە پەرتەوازەکان لەئاسماندا بژمێرێ، هەوڵیدا بدوێ، هەوڵیدا بیرکاتەوە. هەوڵیدا شت بیر خۆی بێنێتەوە. تەنانەت هەوڵیشیدا بمرێ. سوودی نەبوو. دەیزانی کە ئیدی دواجار ئەو ساتەوەختە تۆقێنەرە هاتووە. ئەو (نەبوون) ە هاتووە کە هەمیشە لە دوورەوە ئاماژەی بە ئەگەری (بوون) ی خۆی دەدا. بەلاّم باوەڕنەدەکرا و هەنووکەش لێرە بوو – بەڵگەدارو واقیعیی- مەحاڵێك بوو کە چەند هاسان ببووە نامەحاڵ.

کەسێك لەوسەری کەنارەوە تێدەپەڕی. گۆرانیی دەبێژا. مەودایەکی لەگەڵ زەریادا هەبوو. کاك هاشمیی وای بەخەیاڵدا هات کە بانگی بکات. بە دوایدا ڕاکات، داوای یارمەتیی لێ بکات. دوو قۆڵیی بە زەریایان دەوێرا. دەیانتوانی شیرین خانم بدۆزنەوە. دەیانپاراست. شیرین خانمیان لە زەریا دەسەندەوە.

دەمی کردەوە و هەوڵیدا هاوارکات. دەنگی دەرنەدەهات. هەوڵیدا دەست ڕاوەشێنێ. هەوڵیدا هەستێ و بە دوایدا ڕاکات. هەوڵیدا شتێك بکات. دانیشت. زەق زەق لە زەریا وردبۆوە. بەخۆی گوت:" ئەمە مافی تەواوی خۆمە و ئەم مافەم پێدراوە. هاتۆتە لام. وەك کۆتری بەخت. وەك بیتاقەیەکی دەرچوو. لە باوەشی دەگرم. بە خۆمەوە دەیگوشم. پێی دەڵێم:" خانم، تۆ ناتوانیت نەبیت. تۆ ئەبەدییت. تۆ پێویستیت. تۆ لە هەموو شتێك گرینگتریت. دواجار دەگەڕێیتەوە. دەبێ بگەڕێیتەوە. بەدەست خۆت نییە!"

خۆر.. هێور هێور لە قوڵایی زەریادا ڕۆدەچوو. مەلەکان نوستبوون. چ دەنگێ نەدەهاتە گوێ. تەنها دەنگی ئارامی کاک هاشمیی نەبێت، کە بە چرپە بەخۆی دەگوت:" چ ڕۆژێکی جوانە. چ زەریایەکی جوانە. چ دونیایەکی جوانە!"

*

## 10

- "پیرەمێرد.. بینیت چ کڵاوێکت نرایە سەر؟"

ئەمە دەنگی کاك حەیدەرییە. لێرەیە، لە تەنیشتمەوە دانیشتووە. چاوانی لەتاریکیدا دەبریسکێنەوە. تل دەدەم. سەرم دەکەم بەژێر چەرچەفەکەدا. "پیرەمێرد.. بەقسەم بکە، قازانج دەکەیت!"

سەری لەسەر باڵشتەکەیە لەپاڵ سەرمدا. قژی وەك هەمیشە بۆنی زەیتی گوێزی هیندی و نۆکی کاڵی لێ دێ. دەڵێم:" حەیدەریی خان، هێشتا هەر لە خەمی قژو شتنی دەستەکانتدایت؟ هێشتا هەر لەخەمی ددانی پڕکراوە و زیپکەکانتدایت؟"

لەناوەندی سەرمدا دانیشتووە. لەودیو پێڵووەکانمەوە پیاسە دەکا. تەواوی بیرەوەرییەکانم تەڕ بوون بە ئامادەیی وی. دەیبینم، لەژێر هەتاودا دانیشتووە، ڕۆن هێلکەی داوە لە قژی و سەری بە جەللاتین پێچاوە. هەمیشە خەیاڵی لای قژی بوو، خەیاڵی لای قژە خاوەکەی بوو کە وردە وردە دەڕووتایەوە.

پێکەوە دەچووین بۆ شاخ. ئاوی کولاتە و چێشتی سەوزەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. لە قەراخ کانییەکەدا دادەنیشت و میوەکانی بە سابون دەشتەوە. ددانی بە

فلّچە دەشت، غەرغەرەی دەکرد، تۆزو خۆڵی سەر پێڵاوەکانی پاك دەکردنەوە و پێدەکەنی. تەمەنی چل ساڵ بوو کە تیفۆییدی گرت، تازە لە ئاهەنگی جێژنی لەدایك بوونی ببووینەوە. پێکەوە پێکەنین. گوتمان:" مەگەر بونیامی چل ساڵە تیفۆیید دەگرێ؟" ئەویش کێ؟ نەدەچووە ئەقڵەوە. بە ژوور سەرییەوە بووین. کاك هاشمیی لەداو و دەرمانە ڕووەکییەکانی خۆی بۆ هێنابوو. شروب و کولاّتە و گەلاّ و ڕەگ و تۆوی گوڵ. بینیمان خەریکە دەمرێت، باوەڕمان نەدەکرد، نەدەچوو بە ئەقڵماندا. مردنمان هەر لەخەیاڵدا نەبوو. هەر ئێمە نا، مونیژە ش لەوێ بوو. گوتی:" ئەمە تەنها گەمەیە، ئاخر چۆن دەشێ؟ چۆن دەبێ؟" ئێمەیش باوەڕمان نەدەکرد. کاك حەیدەریمان وا ناسیبوو کە مەرگ پێی ناوێرێ، شتێك لە پێستی سوور و ددانە سپییەکانیدا هەبوو کە مردنی وی ڕەت دەکردەوە. تەنها تاڵەکانی قژی بوون کە دەوەرین، ئەوەش نیگەرانی نەدەکردین، ئاخر دڵنیا بووین کە ڕۆژێك لەڕۆژان قژی دەڕوێتەوە، خۆیشی لەوە دڵنیابوو. ڕێگەچارەی بۆ دۆزیبۆوە. گوتی: "کوڕینە، باوەڕبکەن دواجار سەرکەوتن بۆ ئێمەیە!"

تەماشایمان کرد و بینیمان کە شتێکیش لە ئێمەدا ڕووەو تەواو بوونە.

کاك هاشمیی گوتی:" نۆرەی ئێمەیش دێ!" بەلاّم کەنگێ؟ خۆزیا دەمانزانی. خۆزیا لانی کەم دەمانزانی ئەو وەختە نەحلەتییە کەیە!" کاك حەیدەریی بە ساویلکەیی ئێمە پێدەکەنی. گوتی:" من بونیامێکی ساخم، من پۆلاّم. پۆلاّ کە ژەنگ نایگرێ، پۆلایەك کە هەمیشە هەر پۆلاّیە!" دەستی بەسەریدا هێنا و بە ترسەوە تەماشای کردین. گوتی:" باوەڕبکەن، قژم دەڕوێتەوە. من ئاگام لە قژمە.

ئاگام لەهەر ددانێکمە کە دەکەوێ. ئاگام لەهەر ددانێکمە کە دەردێ. ڕێگەچارەییم دۆزیوەتەوە. ورەی دەوێ و حەوسەڵە!"

تاڵە وەریوەکانی قژی لەسەر چەرچەف و سەرینەکە هەڵگرتەوە. کەوتە ژماردنیان. لەسەر ڕۆژنامەکە لەپاڵ یەکدا داینان. حیسابی ئەو تاڵە وەریوانەی ڕاگرتبوو. ئێمەیش حیسابەکەیمان ڕاگرتبوو. کاک حەیدەریی دڵخۆش بوو. گوتی: "زۆر چاکە. ئەمە شەڕە. خەریکن زیاد دەکەن. خەریکە دەردێنەوە. لە جاران باشترە!" دەستی گرتم و تەماشای کردم. گوتی:" بینیت من لە سەر حەق بووم! بینیت هەر کێشەیەك ڕێگەچارەیەکی هەیە؟ نەمگوت دەردێنەوە؟ نەمگوت دواجار سەرکەوتن بۆ منە؟"

وای گوت و بەخۆشحاڵیی مرد.

من مابوومەوە و عەزیزیی. لەسەر سەکۆی شۆستەکە دادەنیشتین و لە جاددە چۆڵەکەمان دەنۆڕی. لە ڕێبوارێکمان دەنۆڕی یاخود لە ڕوخسارێك کە دواجار لە پەنجەرەیەکەوە وەدیاردەکەوت. بیری کاك حەیدەری یمان دەکرد، بیری قژە پڕەکەیمان دەکرد کە چەپك چەپك دەوەری، بیری پێستی ناسکی دەست و بیری شت گەلێکمان دەکرد کە وردە وردە بیر دەچوونەوە. هەندێ جاریش پێکەوە دەدواین. هەمان ئەو شتانەمان لەگەڵ یەکدا باس دەکرد کە پێشتر پێکەوە باسمان کردبوون. من لەبارەی مونیژە وە دەدوام و عەزیزی یش لەبارەی کوڕەکەیەوە.

کاتێ کە تەڵاقی وەرگرت و ڕۆیشت، خۆشم دەویست. ڕۆیشتنی کارەسات بوو. هەمان ئەو لەدەست چوونەی کە لە قوڵایی دڵمدا چاوەڕێی بووم و دەمزانی کە دواجار ڕۆژێك لە ڕۆژان خافڵگیرم دەکات. هاوڕێیان گوتیان:" گرینگ نییە.

لەسەرەوە دەست پێبکەرەوە. ژنێکی تر بێنە. شتێکی تر بکە!" گوتیان:" خەتای خۆت بوو، بۆ لێگەڕایت بڕوات؟" حەزی لە منالّ بوو. تێیدەگەیشتم. خەفەتی دەخوارد. دەیگوت:" وا نەزانیت لای تۆ بەختەوەر نیم. بەلاّم چ بکەم؟ بەدەست خۆم نییە. بە حەز و ئارەزووی خۆم نییە. چ چارەیەکی ترم نییە!" کەل و پەلەکانی کۆکردنەوە. گریا. تێیدەگەیشتم. دەمزانی. ڕوانینەکەیم دەناسییەوە. ئەو ڕۆژەیش کە کاك حەیدەریی دەمرد، هەمان ڕوانین لە چاوانیدا بوو. ئەو دوا چرکەیەی کە ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم، هەستی بە ئامادەیی مەرگ کردبوو. هەستی بە ئامادەیی ئەو زوڵمەتە سەیرە، ئەو چاڵە هەڵلووشەرە کردبوو کە دەمی بۆ قووتدانی داپچڕیبوو.

گوتم:" مونیژە گیان، چەند باش بوو گەر نەڕۆیشتبای!"

ڕۆیشت. شووی بەحەسحەسەکەی گەڕەك کرد. ڕۆژێکیان لە ناوەڕاستی چوار ڕاکەدا بینیم. سێ منالّیی پێ بوون. سەیریم کرد، پێکەنی. ددانەکانی کەوتبوون. قەڵەو ببوو. بۆنی حەسحەسەکەی گەڕەکی لێ دەهات. نامۆ بوو. گوتی: "مێردەکەم پیاوێکی باشە. تەنها بۆنی قاچی دێت. هەمیشە بۆنی دێت." کچەکەی لەباوەش گرت و ماچی کرد. سەردەستەکانی پڕ بوون لە پەڵەی سپی سپی. پرسی:" هێشتا شەوانە پەنجەرە دەکەیتەوە؟ هێشتا بەدەم خەوەوە دەدوێیت؟ ئەدی ئینجانەی گوڵە یاسەمینەکانم چۆنن؟ چما گوڵ دەگرن؟ هێشتا دڵت لەخۆوە دەکەوێتە مەراقەوە؟ هێشتا هەر ڕۆژی سێ پاکەت جگەرە دەکێشیت؟"

گوتی:" چ ڕۆژانێکی خۆشمان پێکەوە بردە سەر! چەند پێکەنین!" کوڕەکەی پیشاندام. دەستی بە گودیلەی قژیدا هێنا. قۆپچەی کراسەکەی داخست و ڕوومەتی

ڕاکێشا. دەستی گرتن و ڕۆیشت. لەنێوان منالّەکانیدابوو. دەتگوت یەك شتن. دەتگوت بازنەیەکی تەواون.

عەزیزیی گوتی:" بەڵێ، ئەی من کە منالّم هەیە .. چی؟ بۆ خوێندن چووە دەرەوە، کەچی نەگەڕایەوە. بڕیار بوو ببێتە ئەندازیار یان دکتۆر، کەچی نەبوو. هەر لەوێ مایەوە. بووە بۆی. ژنی ئەجنەبی هێنا، منالّی قژ زەرد و چاوشینی خستەوە. بیری چۆوە کە من لێرە چاوەڕێیم، چاوەڕێی جەنابی دکتۆرم، چاوەڕێی جەنابی ئەندازیار، چاوەڕێی کوڕەکەمم!"

گوتم:" خۆزیا بکرایە لە سەرەوە دەستمان پێکردبایەوە. جارێکی تر." عەزیزیی گوتی:" چیمان دەکرد؟ هەمدیس هەر لێرە دەبووین. بەهەمان تاسە و خولیاوە. ڕێگەی ترمان لەبەردەمدا نییە. ئێمە مرۆڤگەلی گچکەین، دەتوانین چ ئاراستەیەك بگرینە بەر؟ چیمان لەدەست دێت؟ خەوو خواردن و ماڵ و پاشەکەوتێ، هەندێ جاریش خۆشییەکی ساکار و بێ هات و بات. شتێکی زۆر نییە، بەڵام هەر باشە. شوکرانەی دەوێ. لە زۆر کەسی تر باشترین، لە پێشترین. ڕۆژگارێکی زۆر خەراپمان بەسەر نەبردووە. نابێ ڕاستیی بەژێر لێوەوە بکەین. هەندێ جار پێکەنیوین، دەشێ لە دڵەوە پێنەکەنیبین. بەڵام هەر باشە. ئەو شەوانەت بیر دێ کە پێکەوە کۆدەبووینەوە؟ قسەو باسمان دەکرد، قسەی هەمیشەیی و نوکتەی دووبارەمان سەر لەنوێ دەگێڕایەوە و پێدەکەنین. دەشێ پێشنەکەنیبین. بیرم نییە. پێکەوەبووین، ترسەکانمان دابەش دەکردن. لە قوژبنێك دەخزاین و وەنەوزمان دەدا. خەراپ نەبوو. مەگەر چاوەڕێی چیتر بوویت؟"

ورده ورده قسەکانمان تەواو بوون. گوێمان گران بوو. لە قسەی یەکتر حاڵی نەدەبووین. لە پاڵ یەکدا دادەنیشتین و چاوەڕێ بووین کات تێپەڕێت. کە پێکەوە بووین باش بوو.. هەستمان بە تەنیایی نەدەکرد. بیرمان لە چی دەکردەوە؟ دەمانزانی کە ڕۆژێك لەڕۆژان یەکێکمان لەسەر هەمان سەکۆ دادەنیشێ و بیر لەویترمان دەکاتەوە کە نەماوە. کاممان؟ چەند سەیر بوو. هەمیشە بەڕێوە بووین. هەمیشە لەبیری سبەینێدا بووین و هەنووکەش تەنها هەستی ڕابردوو بوو. زەمەن ئیدی خۆی نەدەکردەوە، ناسیبوومان و هەنووکەش هەبوونی تەنها یادەوەرییەك بوو. وەك بڵێی لە وێستگەیەکی کاتییدا ڕاوەستابین. وێستگەیەکی چۆڵ کە چ شتێکی تێدا ڕوونادات و دوای ئەوەش هەر هیچ. تەنها هەنگاوێکمان لەو چۆڵەوانییە هەمیشەییەوە بەین بوو. هەردووکمان دەمانزانی بیر لە چ دەکەینەوە. ئەوە لە ڕوانینەکانمانا بوو. لەو سڵاوەدا بوو کە لە یەکمان دەکرد و لەو وادەیەدا بوو کە بۆ ڕۆژی دواتر بە یەکمان دەدا.

مونیژە گوتی:" چەند گۆڕاویت. چەند لاوازو پیر بوویت. خۆ خوانەخواستە نەخۆش نیت؟ چییە؟ بۆچی دەشەلیت؟ ئەدی خواردنت باشە؟ تەندروستیت باشە؟" منداڵەکانی پیشاندام. گوتی:" ئەمە کوڕە گەورەکەمە. لەپۆلی پێنجە. هەموو ساڵێ یەکەمە. ئەمەش کچەکەمە. ناوی پەروانەیە. شۆخ و شەنگ و لەبەردڵانە. نازدارە، زۆرزانە.. شەکرە."

سەرنجم لە سەرپەنجە بریندارەکانیدا. گوتی:" درومانیی دەکەم. جلك بۆ دەرو دراوسێ دەدوورم. چ بکەم؟ ئەم منداڵانە هەزار شتیان پێویستە. بۆ خاتری ئەمانە کە ڕەنج دەدەم. بۆ خاتری ئەمانە کە زیندووم."

بۆچی هێند حەزی لە منالّ بوو؟ ئێمە کە ژیانمان دەچوو بەڕێوەو ڕۆژانمان تێدەپەڕین.

خۆزیا بکرایە بچوومایەتە دەرێ. دڵم حەزی لە پیاسەی ژێر بەفرە. بەڵام ئەلعان کرێوەیە و ئەم بەفرەش لە بەفرەکانی تر ناچێ. لەو بەفرانەیە کە مرۆڤ دەبەستێ، ڕەقی دەکاتەوە. دەبێ ئەم جۆرە هەواو هەوەسانە بۆ هاوین هەڵگیرێن!"

مونیژە گوتی:" تۆ کە بە گەرما قەڵسیت، سەرت پێی گێژ دەخوا، وەزعت تێک دەدا، هەزار جۆر دەرد و نەخۆشیی پێدەگریت، ئیتر بۆچی هێندە چاوەڕێی هاوینیت؟"

بڕیار بوو منیش لەگەڵ عەسکەرییدا بڕۆم. خودا دەیزانی بۆ کوێ. جیاوازی چ بوو؟ بۆ هەر جێگەیەك ڕۆیشتبایت لێرە باشتر بوو. ئاخر لێرە چ شتێك نەمابوو، چ شتێك نەبوو. دەبوو بڕۆین. دەبوو ترسمان خستبایەتە لاوە، دەبوو شتێکمان کردبا. شتێك جگە لە چاوەڕێ کردن، شتێك جگە لە ترسان، شتێك جگە لە ژماردن و تاووتوێ کردن. عەسکەریی گوتی:" ئەم ئەرزە قاقڕە، ڕەگ و ڕیشەمان وشك هەڵدەگەڕێنێ. وەرە با بڕۆین. دەشێ لە جێگایەکی تر سەوزبین. پەڕوباڵ دەرکەین. لێرە خەریکین تیا دەچین. خەریکین پیر دەبین."

عەزیزیی گوتی:" من نایەم. چاوەڕێی کوڕەکەمم. چاوەڕێی جەنابی (بۆی) م!"
عەسکەریی گوتی:" تا درەنگ نەبووە، پێویستە بڕۆین."

خەیاڵی سەفەر بەری نەدەدا. هەر لە منالێمانەوە باسی ئەو سەفەرەی دەکرد. تەواوی گەنجیمان خەوی بەو سەفەرەوە دەبینی. پێی دەگوتم:" ئەم شارە بێ ماریفەت و خۆپەرستە، لە پشتەوە خەنجەر دەوەشێنێ، ئەم شارە نامەردە، وا

خەریکە گەنجیمان دەدزێ، خەریکە فریومان دەدا. بکەوە ڕێ با بڕۆین!" بەڵام نەڕۆیشتین، هیچ کاممان نەڕۆیشتین. بۆچی؟ خەتای عەسکەریی بوو، خەتای دایکە پیرە کەفتەکارەکەی بوو، خەتای کاك حەیدەریی بوو کە ئەقڵی وەبەر هێنابووەوە. یان خەتای کەس نەبوو، جگە لە مانەوە چ چارەیەکی ترمان نەبوو.

ئەنوەریی گوتی:" عەسکەریی گیان، دەتەوێ تەمەنت بە دیار دایکە پیرو پەککەوتەکەتەوە بە با بدەیت؟"

کاك حەیدەریی گوتی:" بۆچی بیرێك لە پێشکەوتنی خۆت ناکەیتەوە؟"

لای دایکییەوە دانیشتبوو. قاچی دەشێلا. باوەشێنی دەکرد. قژی بۆ دادەهێنا. گوتی:" هێشتا گوارە یاقووتییەکانی لەبیرە. ویستم دەریانبێنم. نەیهێشت. سەری بە باڵشتەکەوە نوساند و گریا."

چوو ملوانکەکەی دایکی دەرهێنا و کردییە ملی. ئەنگوستیلەکانیشی هێنا و یەکە یەکە کردنییە پەنجەی. قژە سپی و ئاڵۆزکاوەکەی لەسەر باڵشتەکە هۆنییەوە. جلکە ئەتڵەسییەکانی دابەسەریدا. ئینجانەی گوڵە شەمدانییەکانی بەدەوری قەرەوێڵەکەیدا دانان، دانیشت و کەوتە تەماشا.

گوتم:" ئەدی سەفەرەکەمان؟"

گوتی:" تۆ بڕۆ. تۆ بەکەسەوە گیرۆدە نەبوویت. تۆ ئازادیت. بۆچی لە پاڵما ڕاوەستاوی و کاتت بە هەدەر دەدەیت. تا درەنگ نەبووە تۆ بڕۆ. تا دەرفەت هەیە تۆ بڕۆ!"

گوتم:" دەرفەت بۆچی؟ بۆ بەختەوەریی؟"

گوتی:" بەڵێ!"

خەتای مونیژە بوو. گەر نەڕۆیشتبا ئێستا شتەکان جۆرێکی تر بوون. یان بۆ نموونە کاك حەیدەریی بۆ وا زوو مرد! چۆن بێ ئەوان بەختەوەر بم؟ بێ خەڵکانێك کە خۆشم دەویستن، یان خۆشم نەدەویستن؟ جیاوازی چییە؟ لەگەڵ ئەواندا بوو کە حاڵی دەبووم من هەم.

عەسکەریی گوتی:" تۆ چ ئیشێکت بەحەیدەریی هەیە؟ خۆ مەرگی حەیدەریی کۆتایی نییە. گوو بە گۆڕی باوکی حەیدەریی. تۆ هێشتا زیندوویت، زەمەنی خۆت هەیە. پرسەی چیت داناوە؟"

گوتم:" با بمێنێ بۆ هاوین!" گوتی:" گوو بەگۆڕی باوکی هاوین. هاوین زەمەنی درەخت و گژوگیایە. حیسابی زەمەنی تۆ جودایە."

بەعەسکەری یم گوت:" تۆیش ئەم نەخۆشییە دەگریت. تۆیش وەك دایکت لێ دێ. پیر و پەككەوتە و کوێرو لاڵ!" پێکەنی و سەری ڕاوەشاند. دەستی دایکی گرتبوو. خۆی دەیزانی. گوتی:" ئەمە بۆ خۆی سەفەرە. سەفەری منە!" ویستم یارمەتیی بدەم، ویستم بەدیار دایکییەوە بمێنمەوە، نەیهێشت. ئیشی من نەبوو، جێگای من نەبوو. لەگەڵ هاوڕێیاندا سەرمان لێدا. لە دەرگاماندا. وەڵامی نەدایەوە. لەودیو پەنجەرەوە بانگیمان کرد. دەرگای نەکردەوە. چیمان کردبا؟ خۆی وای ویستبوو.

عەزیزیی گوتی:" زۆر باشتر کە لەگەڵ عەسکەرییدا نەچوویت. ئێرە هەرچییەك بێ ئەمین و ئومانە. ماڵێکمان هەیە و کۆڵانێك بەچەند تاقە درەختێکەوە. حەسحەسێکمان هەیە کە شەوانە فیکە دەکێشێ و دەرمانخانەیەك. بۆ هەر جێگایەك بچیت هەر ئەمانەی لێن!"

کاك حەیدەریی گوتی:" کوڕینە.. نهێنیی سەرکەوتنمان لە یەکێتیماندایە. با من ئەم یەکێتییە بپارێزم. پارەکانتانم بدەنێ ئەرزەتان بۆ بکڕم."

قایل بووین. گوتمان ڕۆژێك دێ دەبینە خاوەنی پارە و پوول. چاوەڕێمان کرد. ئەم هاوین بەو هاوین. بە هاوینی دوای هەموو هاوینەکان."

حەزدەکەم بنووم. حەز دەکەم ئیدی بیر لەهیچ شتێکی تر نەکەمەوە. ماندووم. چۆن چۆنیی بیلێم؟ پیرم. مشکێك خەریکی کرۆژتنی چمکی دۆشەکەکەیە. پشیلەیەك لەم ناوەدا هەبوو، جاروبار گوێم لە میاومیاوی دەبوو. لەوەتی دونیا ساردی کردووە دیار نییە. سبەی دەچمە دەرێ و چەند تەڵەیەك دەکڕم. پشیلەکەی

دراوسێش ئاگادار دەکەم. کاک حەیدەریی واتەنی:" هەموو نەخۆشییەك چارەسەری هەیە. ئارامیی گەرەکە و خۆڕاگریی. دواجار سەرکەوتن بۆ ئێمەیە."

کۆتایی